ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری، ستراتیجی

# گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

## (پێناس و فۆرم و شێواز، لێکەوتەو چارەسەر)



گەیلان عەباس

تەمموزی ٢٠٢١

# گەندەڵی

# لەعێراق و هەرێمی کوردستان

# (پێناس و فۆرم و شێواز، لێکەوتەو چارەسەر)

**نوسین و ئامادەکردنی: گەیلان عەباس**

**ئەندامی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان**

Email: research.gorran@gmail.com

**تەمموزی ٢٠٢١**

## پێڕست

دەستپێک ..... 3
بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری ..... 5
یەکەم: ناساندنی گەندەڵی ..... 5
دووەم: فۆرمەکانی گەندەڵی ..... 8
سێیەم: بوارو رێگاکانی ئەنجامدانی گەندەڵی ..... 13
بەشی دووەم: گەندەڵی لەعێراق ..... 15
یەکەم: ئاست و قەبارەی گەندەڵی لەعێراق ..... 15
دووەم: گەندەڵی خاڵی هاوبەشی نێوان عێراق و هەرێم ..... 28
بەشی سێهەم گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان ..... 32
یەکەم: مێژو و ئاسەوارو قەبارەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان ..... 32
دووەم: بوارەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان ..... 34
سێهەم: هۆکارەکانی دروست بون و تەشەنەسەندنی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان ..... 53
چوارەم: لێکەوتەو ئاسەوارەکانی گەندەڵی لەسەر هەرێمی کوردستان ..... 54
پێنجەم: کێشەو گرفتی دامەزراوەکانی روبەروبونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان ..... 59
شەشەم: دۆخی گەندەڵی هەرێم بەپێی نوێترین ئاماری دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ..... 62
حەوتەم: میکانیزم و راسپاردەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەو کەمکردنەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان ..... 63
دەرئەنجام ..... 70
سەرچاوەکان ..... 73

## دەستپێک

گەندەڵی یەکێکە لەدیاردە باوەکانی رۆژگاری ئەمرۆ، لەزۆرێک لەکۆمەڵگاکاندا بونی هەیە، وڵاتان بەرێژەو بڕی جیاواز بەدەستییەوە دەناڵێنن. ئەم دیاردەیە بەردەوام لەتەشەنەسەندن و بڵاوبونەوەدایە، بوەتە یەکێک لەسیما دیارەکان بۆ پێوانەکردنی چۆنێتی و جۆرێتی دەسەڵات و سیستمی سیاسی و کارگێری و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەوڵاتاندا. واتە ئاستی هەبون و رێژەیی ئەم دیاردەیە، ئاماژەیەکە بۆ رادەی سەرکەوتن و شکستی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی لەوڵاتاندا.

گەندەڵی دەردێکی جیهانییە، بەپێی زانیارییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، ساڵانە نزیکەی یەک ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی دەدرێت بە بەرتیل. هەروەها بەپێی خەمڵاندنەکانیش ساڵانە نزیکەی 2.6 ترلیۆن دۆلار لەرێگەی گەندەڵییەوە دەدزرێت، کە یەکسانە بەبەهای 5%ی کۆی داهاتی جیهان. بەپێی راپۆرتی رێکخراوی شەففافیەتی نێودەوڵەتی، زۆرێک لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ساڵانە لەریزبەندی پێشەوەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندان. لەنێوانیاندا عێراق، کەیەکێکە لەو وڵاتانەی کەلەریزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵی جیهان ریزبەندکراوە. گەندەڵی لەئێستادا سەرجەمی بوارەکانی ژیانی لەعێراقدا تەنیوە، تائاستی رۆچون بەنێو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری...هتد. هاوکات هەرێمی کوردستانیش، وەک بەشێک لەعێراق، لەگەندەڵی بێبەش نەبوەو رۆژ بەرۆژ ئاست و قەبارەی گەندەڵی تیایدا فراوانترو زیاتر دەبێت.

هاوشێوەی عێراق، لەهەرێمی کوردستانیش، گەندەڵی بەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا بڵاوبوەتەوەو تەشەنەی کردوە، تەنانەت بەرپرسانی حکومی و حیزبی باڵای هەرێم بەئاشکرا، دان بەبونی ئەم دیاردەیەدا دەنێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی هەرێم، لەماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵی حکومڕانیاندا، نەیانتوانیوە سنورێک بۆ گەندەڵی دابنێن و روبەروی ئەم دیاردەیە ببنەوە. بەوپێیەی زۆرێکیان تێوەگلاون لەتۆڕی گەندەڵی و بونەتە بەشێک لەسیستەمی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا. بەواتایەکی دیکە، زۆرێک لەبەرپرسانی حیزبی و سیاسی پشکی شێریان لەهێنانە ئارای گەندەڵی بەرکەوتوە. تەنانەت دۆخی گەندەڵییان لەئاستێکی سنوردارەوە، گۆڕیوە بۆ ئاستێکی رێکخراو.

لەم توێژینەوەیەدا بەگشتی هەوڵماندوە لەسەر کۆمەڵێک پرس هەڵوەستە بکەین و وەڵامی چەندپرسێک بدەینەوە. سەرەتا بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان تایبەت کردوە بەچوارچێوەی تیۆری و قسەکردن لەسەر شێوەو فۆرم و جۆرو بوارو لێکەوتەکانی دیاردەی گەندەڵی لەسەر کۆمەڵگا. لەبەشی دوەمی توێژینەوەکەدا لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی بەشی یەکەم، تیشکمان خستوەتە سەر دۆخی گەندەڵی لەعێراق و بەراوردکردنی ئاست و قەبارەی گەندەڵی لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستاندا. لەگەڵ دیاریکردنی شێوەو جۆرەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی لەعێراقدا.

بەشی سێهەمی توێژینەوەکەشمان تایبەتکردوە بەدۆخی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان، لەگەڵ خستنەڕوی دیارترین جۆرو بوارەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا، هەروەها تیشکخستنە سەر

دیارترین کێشەو گرفتی دامەزراوەکانی روبەروبونەوەی گەندەڵی و ئاستی ئێستای گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان، لەگەڵ پێشنیارکردنی میکانیزم و راسپاردەی چارەسەری پراکتیکی، بۆ ڕوبەڕوبونەوەو کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەهەرێمی کوردستاندا. ئەوەش پشت بەست بەوتێزانەی کە لەو وڵاتاندا پشتیان پێ دەبەسترێت، بۆ روبەروبونەوەی گەندەڵی.

# بەشی یەکەم: گەندەڵی

## یەکەم: ناساندنی گەندەڵی

گەندەڵی چەمکێکی بەرفراوانە، وەک هەر دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی، پێناسەی زۆرو جیاوازی بۆ کراوە، هەر ئەمەش وایکردوە کەتائێستا لەبواری زانستی و تیۆریدا نەتوانراوە یەک پێناسەی دیاریکراو و گشتگیری بۆ دەستنیشان بکرێت. چونکە خودی ئەم دیاردەیەو تایبەتمەندییەکانی، لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر، یاخود لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆرێت. ئەمەش جۆرێک لەجیاوازی لەنێوان جۆری پێناسەو تایبەتمەندییەکانی ئەم چەمکەدا دروستکردوە.

سەرەتا، وشەی گەندەڵی لەبنەمادا، لەدەستەواژەی (Rumper) لاتینیەوە وەرگیراوە، کە بەواتای شکاندن دێت[1]، لەزمانی ئینگلیزیشدا وشەی (Corruption) بۆ گەندەڵی دانراوە. لەزمانی عەرەبیشدا وشەی (الفساد)ی لەبەرامبەردا بەکاردێت. لەزمانی کوردیشدا لەبەرامبەر (Corruption)ی ئینگلیزی، وشەی (گەندەڵی) بەکاردێت.[2]

گەندەڵی لەزمانی کوردیدا لەدەستەواژەی گەنەوە وەرگیراوە، گەنە جۆرێکە لەمشەخۆر کەدەداتە جەستەی ئاژەڵان و پێیانەوەو دەنوسێت و لەسەر خوێنیان دەژی، مانەوەشی لەسەر جەستەی ئەو ئاژەڵانە وادەکات ئاژەڵەکان دوچاری نەخۆشی و لاوازی بکاتەوە[3]. هەندێک جار لەزمانی کوردیشدا ئەم وشەیە بەکاردێت بۆ ئەو مێرو کرمەی، کەدەدات لەلقی دارێک و دوچاری نەخۆشی دەکات، پاش ماوەیەکیش لەناوەوە دایدەرزێنێت و ئیدی سودو کەڵکی نامێنێت و وردە وردە دارەکە دوچاری لەناوچون دەکاتەوە[4].

دەربارەی پێناسەی ئەم چەمکەش، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین، ژمارەیەک لەو پێناسەنە بخەینە رو، کەلێرەوە لەوێ بۆ ناساندنی ئەم دیاردەیە پێشنیارکراون. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی باو لەجیهاندا، واپێناسەکراوە کە بریتییە لەهەر هەڵسوکەوتێک، کەلە دەرەوەی چوارچێوەی بەهاو پرەنسیپی یاسایی و ئەخلاقی و مرۆیی و کۆمەلایەتی و بەرپرسیارێتی و ویژدان ئەنجام دەدرێت، تیایدا پێشێلی سنوری پاکێتی یاخود خاوێنی دەکات، کە مەبەست لێی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتیە، واتە (بەرژەوەندی خودی-کەسی، بەرژەوەندی گروپ، حیزب، خێزان و ناوچەیەکی دیاریکراو)، لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی.

---

1 مێهدی مێهرپەروەرو کۆمەڵێک نوسەر، لا ٤٠.
2حامید حاجی قادر، لا١٢.

3هەمان سەرچاوە، لا١٢.
4 دلێر عەبدولخالق، لا٢٦.

بەواتایەکی دیکە، گەندەڵی هەڵسوکەوتێکی ناڕاستگۆیانەیە، یاخود چالاکییەکی تاوانکارییە، کە لەلایەن ئەو کەس و دەزگاو دامەزراوانەوە ئەنجام ئەدرێت، کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە متمانەیان پێدراوەو دەسەڵات و پلەو پۆستیان لەدەستدایە.

لەم بارەیەوە، ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، لەچەند کات و بۆنەیەکی جیاوازدا، چەند پێناسەیەکی بۆ گەندەڵی کردوە، لەدیارترین پێناسەیدا دەڵێت:"گەندەڵی بریتییە لەقۆستنەوەی (استغلال) دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتدا[5]. واتە گەندەڵی بریتییە لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی، دارایی و کارگێڕی بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندیی کەسی. لەپێناسەیەکی تردا، ئەم ڕێکخراوە دەڵێت:"گەندەڵی بە مانایەکی فراوان، بریتییە لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە پێناو دەسکەوتە نهێنی و نایاسایی و تایبەتەکاندا".

لەلایەکی دیکەوە، پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەمجۆرە گەندەڵی دەناسێنێت:"بریتیە لەخراپ بەکارهێنانی هێزی گشتی، یاخود پۆست و دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەت، لەڕێگەی بەرتیل، قۆستنەوەی نفوزو واستە، یاخود گزیکردن و پێشکەشکردنی بەخشین بۆ خێراکردنی خزمەتگوزارییەکان لەڕێگەی بەهەدەردانەوە6" تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی ٢٠٠٣ەوە ڕێککەوتنامەی ڕوبەروبونەوەی گەندەڵی دەرکردوە. ئەم ڕێککەوتننامەیە یەکەم ڕێککەوتننامەی واژۆکراوی نێودەوڵەتیە بۆ ڕوبەروبونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەسەر ئاستی جیهان، لەڕێگەی هاوکاری نێودەوڵەتیەوە.[7]

ڕێکخراوی بانکی نێودەوڵەتیش، لەراپۆرتێکیدا گەندەڵی وەک گەورەترین بەربەست لەبەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا دەستنیشان کراوەو بەمجۆرە ناساندویەتی:"گەندەڵی، یاسا و ڕێساکان بە لارێدا دەبات و پێشکەوتن و گەشەی ئابوری کەم دەکاتەوە".

وەک چۆن گەندەڵی لەلایەن ڕێکخراو دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانەوە، پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، نوسەران و توێژەرانی بوارە جیاجیاکانیش، هەریەکەیان لەدیدگای خۆیانەوە بەجۆرێک پێناسەی گەندەڵیان کردوە.

سۆزان رۆز ئاکرمان، توێژەری ئابوری، لەکتێبی (گەندەڵی و فەرمانرەوایی)دا دەڵێت:"گەندەڵی بریتییە لەهەڵسوکەوتێک کەبەرپرسان پێی هەڵدەستن لەکەرتی گشتی و حکومیدا، ئەو کەسانە سیاسی بن،

---

5 پیتەر ئایگن، لا١٧.

●ڕێککەوتنامەکە، پێکدێت لە ٧١ مادەو ٨ بەش، لەروی یاساییەوە سەرجەم دەوڵەتانی واژۆکەر پێیوەی پابەندن، تائێستاش ١٤٠ دەوڵەت واژۆیان کردوە (عێراقیش واژۆی کردوە). تەنها ٢٢ دەوڵەت واژۆیان نەکردوە.

6 دلێر عەبدولخالق، سەرچاوەی پێشو، لا٢٩.

7 بۆ زانیاری زیاتر بروانە: اتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة الفساد.

یاخود فەرمانبەری مەدەنی، ئەوەش لەپێناو دەوڵەمەندکردنی خود کەسانی دەوروبەر بەشێوەیەکی نایاسایی، لەرێگەی ئەو دەسەڵاتەی کەپێیان دراوە"[8].

مایکل جۆنستۆن، زانای ئابوری، لەبارەی گەندەڵیەوە دەڵێت:"گەندەڵی واتە خراپ بەکارهێنانی داهاتە گشتییەکان، لەلایەن کەس و لایەنەکان، بەشێوەیەکی ناشەرعی بۆ زیادکردنی دەسەڵات و نفوزی سیاسی"[9].

رۆبێرت کلینگارد، تویژەرو ئەکادیمیستی ئەمەریکی لەکتێبی کۆنترۆڵی گەندەڵیدا دەڵێت:"گەندەڵی هەوڵدانێکی کەسییە بۆ دانانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەشێوەیەکی نارەوا لەسەر بەرژەوەندی گشتی، یاخود ئەو بەهایانەی کەبەڵێنی دابو خزمەتیان بکات[10]".

نەوشیروان مستەفا، نوسەرو سیاسەتمەداری کورد، لەدیمانەیەکی تەلەفیزیۆنیدا تایبەت بەپرسی گەندەڵی و جۆرەکانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا، دەڵێت:"سادەترین تەعریفی گەندەڵی بریتیە لە بەد بەکارهێنان، یا خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، بەرژەوەندی شەخسی، بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ خزم و کەس و کار، ئەمە سادەترین و ئاسانترین تەعریفیەتی"[11].

فاروق رەفیق، توێژەری بواری فەلسەفە، لەبارەی گەندەڵییەوە دەڵێت:"گەندەڵی بریتییە لەلاقەکردنی دەسەڵات، خراپ بەکارهێنانی لەلایەن کاربەدەستانەوە بەنیازو مەرامی بەدەستهێنانی دەستکەوتی تاکەکەسی، یان شەخسی"[12].

تەنانەت لەروی ئاینیشەوە بەردەوام نێردراو، پیاوانی ئاینی و کتێبە ئاسمانییەکان، هەوڵیانداوە بۆ روبەروبونەوەی دیاردەی گەندەڵی و دورخستنەوەی خەڵکی و کۆمەڵگا لە گەندەڵی. بەنمونە قورئانی پیرۆز لە(٥٠) شوێندا باسی لە(الفساد_گەندەڵی) کردوەو وەک دیاردەیەکی نەخوازراو بێزراو کەزیانی خەڵک و کۆمەڵگا بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئەنجامدەرەکەی دەبێت چاوەڕوانی سزای دوارۆژ بێت. تەنانەت قورئانی پیرۆز باسی لەو رێگایانەش کردوە کەگەندەڵیان لەرێگەوە ئەنجامدەدرێت، لەوانەش (الغش ، التبذیر، الإسراف، الربا و الاکتناز)[13].

بەگشتی گەندەڵی جۆرێکە لە بیرکردنەوە، لە ڕەفتارو هەڵسوکەوت، لە رێگەی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بە شێوەیەکی ناشەرعی و نایاسایی مومارەسە دەکرێت. ئەم رەفتارە تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا یاخود گروپ، کۆمپانیا، داموەزگایەکی حکومی یان ناحکومی، پێی هەڵدەستێت و ئەنجامیدەدات، لە پێناو دەستکەوت و بەرژەوەندی تایبەتی و شەخسی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی.

---

8 عبدلخالق فاروق، السلطة والثروة والعلاقة الشوهاء.

9 د هشام مصطفى محمد سالم الجمل، لا٥٣٣.

10 دلێر عەبدولخالق، لا٢٩.

11 دیدی نەوشیروان مستەفا لەسەر گەندەڵی.

12 فاروق رەفیق، لا٢٩.

13 د.هشام مصطفى، ص 530.

دەکرێت لە سادەترین و گشتگیرترین پێناسەشدا بڵێین گەندەڵی بریتیە لەخراپ بەکارهێنان و ئیستیغلالکردنی پۆست و پلەی گشتی و حکومی، بۆ وەرگرتنی سودو ئیمتیازاتی ناشەرعی، یاخود لەرێگەی بەهەدەردانی سامانی گشتی، بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندی تایبەتی. یاخود ئەنجامدانی پێشێلکاری و کاری نایاسایی و لادان لە نەریت و عورفی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی و خۆدەوڵەمەندکردنێکی ناشەرعی، لەبەرامبەر زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا.

## دووەم: فۆرمەکانی گەندەڵی

گەندەڵی لەسەر بنەمای پێوەرو جۆری پیادەکردن و فۆرمی شێوەیی گەندەڵی لەیەک جیادەکرێنەوە، بەنمونە گەندەڵی لەسەر بنەمای جۆری پیادەکردن، لای زۆرێک لەتوێژەرانی ئەم بوارە، دابەش دەبێت بەسەر دو جۆری سەرەکیدا، ئەوانیش بریتین لە[14]:

١. **گەندەڵی ئاسۆیی:** گەندەڵیەکی بچوکە، ئەم جۆرە لەگەندەڵی زۆرجار بەوە دەناسرێتەوە کەفەرمانبەرانی حکومی و کارمەندانی دەزگاکانی دەوڵەت، رۆژانە لەکاتی بەریەککەوتنیان لەگەڵ هاوڵاتیانی ئاسایی، پێی هەڵدەستن، لەئاستێکی دیاریکراوی بچوکدا. لەنمونەی وەرگرتنی بەرتیل و پاداشت و دیاری، لە بەرامبەر ئەنجامدانی کارێک بۆ کەس و دامەزراوەو کۆمپانیایەک، بەرێگەیەکی نارەسمی و نایاسایی. بۆ راپەراندن، یاخود بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک (خوێندن، تەندروستی، ئاو و کارەبا ...هتد).

ئەم جۆرە لەگەندەڵی زیانی هەیە، وادەکات گەندەڵی شۆربێتەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، ببێتە جۆرێک لەسیستەم لەدامەزراوە حکومییەکاندا. هاوکات لەروی کۆمەڵایەتیشەوە گەندەڵی دەکات بەجۆرێک لەئەخلاقیاتی گشتی. لەلایەکی دیکەوە زۆرجار ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵدەستن لەکاتی ئاشکرابونیاندا سزا دەدرێن، چونکە فەرمانبەری ئاساین و لەئاست و پلەیەکی نزمی ئیداریدان و پشت و پەنایەکیان نییە بیانپارێزێت.

٢. **گەندەڵی ستونی:** گەندەڵیەکی گەورەیە، ئەم جۆرە لەگەندەڵی زۆرجار لە لوتکەی دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات و دواتر شۆڕدەبێتەوە بۆ خوارەوە. واتە لوتکەی دەسەڵات (سەرۆکی وڵات) گەندەڵ دەبێت، دواتر ئەم گەندەڵییە دەگوازرێتەوە بۆ سەرۆک وەزیران، پاشان بۆ وەزیرەکان و بریکارەکانیان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان...هتد. ئەم جۆرە لە گەندەڵی، بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی باڵا لەرێگەی بەرپرسانەوە، بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسی و کەمینە، لە سەر حسابی زۆرینە.

لەم فۆرمەدا، دەسەڵاتداران و فەرمانبەرانی باڵای وڵات، کەپۆستی فەرمییان هەیە پێگەکانیان بەشێوەی نایاسایی بەکاردەهێنن بۆ بەرژەوەندی تایبەت و خۆدەوڵەمەندکردن، ئەوەش لەپێناو خودیی خۆیان و

14 گەندەڵی چییەو جۆرەکانی کامانەن و چارەسەرکردنی.

دەوروبەرو حزب و لایەنێکی دیاریکراودا. ئەمەش لەنمونەی (تەندەرەکان لەبواری نەوت و بەرهەمهێنان و پیشەسازی گەورە، بەرتیل وەرگرتن، خزم خزمێنە، بەکارهێنانی داهات و سامانی گشتی بۆ پرۆژەیەکەی کەسی و تایبەتی، دامەزراندنی دۆست و کەسانی نزیک، لەدامەزراوەکانی دەوڵەت. بەبێ ڕەچاوکردنی مەرج و پێداویستیە فەرمی و یاساییەکان، دزینی ماڵ و سامانی گشتی، کار ئاسانیکردن بۆ مامەڵەی بازرگانیە قەدەغە کراوەکان و باندی نایاسایی، مامەڵەکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان، شۆردنەوەی دراو ...هتد). ئەمجۆرەی گەندەڵی دەبێتە بەربەستێکی گەورە، لەبەرامبەر پێشکەوتنی ئابوری و دیموکراسی، بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی تایبەتی، لەبەرامبەردا هاوڵاتیان و کۆمەڵگا، بێبەش دەکات لەسادەترین ماف و پێداویستی سەرەتایی و خزمەتگوزاریی گشتی.

زۆرجار ئەم جۆرەی گەندەڵی قەبارەکەی هێندە گەورە دەبێت، کەسەردەکێشێت بۆ جۆرێک لەگەندەڵی ڕێکخراو و حکومی، ئەمەش لەسەر ئاستی جیهان، بەترسناکترین جۆرەکانی گەندەڵی دەناسرێتەوە، ناونراوەبە(کلیپتۆکراسی_فەرمانرەوایی چەتەکان). ئەم جۆرەی گەندەڵی کاریگەریی نەک تەنها لە ئاستی ناوخۆی وڵات بەجێدەهێڵێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر کومەڵگای نێودەوڵەتیش دروستدەکات. بەتایبەت کاتێک تۆرەکانی ئەمجۆرە لەگەندەڵی حکومی، پەیوەستو گرێدراو دەبێت بە تۆڕی گەندەڵی جیهانی، لە دەرەوەی سنورەکانی دەوڵەت.

ئەم جۆرەی گەندەڵی، زیاتر لەو وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا بەربڵاوە، کە خاوەنی ئابوریەکی کرێخۆرن، ئەوەی لەئەدەبیاتی سیاسیدا پێی دەوترێت (دەوڵەتی ڕەیعی)، واتە سەرچاوەی ئابوری ئەو وڵاتانە زیاتر پشت دەبەستێت بە داهاتی سامانە سروشتییەکان. لەوانەش (نەوت و گاز) بەتایبەتی.

لەگەڵ ئەوەی کەباسمانکرد، مەرج نیە هەمیشە بەرپرسی باڵا تەنها گەندەڵی گەورە ئەنجامبدات، یاخود فەرمانبەری ئاسایی، تەنها دەستی بگاتە گەندەڵی بچوک. بەڵکو دەشێت فەرمانبەری باڵا جگە لەگەندەڵی گەورە جارجارەش لەئاستی ئاسۆیدا بەگەندەڵی بچوک هەڵبستێت، هاوکات فەرمانبەری ئاسایش تێوەبگلێت لەدۆسیەی گەندەڵی قەبارە گەورەوە.

لەلایەکی دیکەوە گەندەڵی چەند شێوەیەکی دیکەشی هەیە، ئەوەش لەسەر بنەمای شێوەیی فۆرمی گەندەڵی جیادەکرێنەوە، کەبریتین لە گەندەڵی (سیاسی و ئابوری و ئیداری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و یاسایی ... هتد):

١. **گەندەڵی سیاسی:** بریتیە لەخراپ بەکارهێنانی پێگەی سیاسی و دەسەڵاتی گشتی و پۆستی حکومی، لەرێگەی لێدان لەڕێنمای و یاساو دامەزراوە دەستورییەکان و ئاسایشی نیشتمانی، لەپێناو بەدەستهێنانی دەستکەوت و بەرژەوەندی کەسی، یاخود بۆ پاراستن و هێشتنەوەی دەسەڵات و سەروەت و سامانی تایبەتی.

لەم جۆرەی گەندەڵیدا پەنادەبرێتەبەر مەحسوبیەت و مەنسوبیەت(خزمایەتی)، هێنانە پێشەوەی خەڵک و پێدانی پلەو پایەی حکومی و حزبی، لەسەر بنەمای وەلائی شەخسی و سیاسی و خێزانی، کە ئەمە دەبێتە هۆکاری هێنانە پێشەوەی کۆمەڵێک خەڵکی نەشیاو، کە بە دەورو پشت و دەست و پێوەندی ئەو کاربەدەستانە حساب دەکرێن.

شایەنی باسە، ئەم جۆرە لەگەندەڵی، لەکاتی ئێستادا مەرج نییە تەنها لەرێگەی دەستەبژێر و دەسەڵاتدارانی نێو دامەزراوە حکومییەکانەوە ئەنجام بدرێت، بەنمونە لەکۆمەڵگا دواکەوتو یاخود تازە پێشکەوتوەکاندا، گەندەڵی سیاسی لەرێگەی کەسانی سیاسی، نێو پارتە سیاسییەکانیشەوە ئەنجام دەدەرێت، کەئیستیغلالی پێگەی حیزبی خۆیان دەکەن و دەستدەخەنە نێو کایەی سیاسی و ئابوری و ئیدارییەکانی وڵات و لەو رێگەیەوە هەوڵ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەدەن.

ئەم جۆرە لەگەندەڵی لێکەوتەی زۆر سلبی بۆ سەرجەم سێکتەرەکان بەجێدەهێڵێت، زۆرجار وڵات و سیستمی حکومرانی دوچاری داروخان دەکاتەوە، ئاسایشی وڵات دەخاتە مەترسییەوە، چونکە زۆرجار سەردەکێشێ بۆ خیانەت و خۆرادەستکردن بەئەجێندای دەرەکی وڵاتان لەپێناو بەرژەوەندیەکی دیاریکراودا.

ئەوکەسانەی بەم هەنگاوە هەڵدەستن لەپێگەی باڵای دەوڵەتدان، بێگومان هەڵسوکەوت و رەفتارەکانیان لێکەوتەو ئاسەوار لەسەر کۆمەڵگا بەجێدەهێڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەمجار بەرپرسان لەم فۆرمەی گەندەڵیدا، روبەروی سزاو لێپرسینەوە دەبن، چونکە خۆیان خاوەن دەسەڵاتی باڵان و سیستەم لەدەست خۆیاندایە.

زۆرجار ئەم فۆرمەی گەندەڵی لەدامەزراوەکانی وڵات، یاخود لەلایەن دەستەبژێری سیاسی، بەشێوەیەکی سیستەمی و رێکخراو دەگاتە لوتکەی گەندەڵی و پێی دەگوترێت کلیپتۆکراسی (Kleptocracy)، ئەمەش بەواتای حکومڕانی و فەرمانڕەوایەتی دز و چەتەکان[15].

دکتۆرە سارا چەیز لە کتێبەکەیدا بەناوی (دزەکانی دەوڵەت: بۆچی گەندەڵی هەرەشەیە لەسەر ئاسایشی جیهانی؟)" بەوردی لەسەر چەمکی کلیپتۆکراسی وەستاوەتەوە. سارا دەربارەی ئەو وڵاتانەی کەئەم جۆرە لەگەندەڵی لەنێو سیستمی سیاسیاندا بڵاوبوەتەوە، دابەشی کردون بۆ دو جۆر[16]:

- ✓ **جۆری یەکەم؛** ئەو دەوڵەتانەن کە بەدەست گەندەڵی ڕێکخراوو بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەناڵێنن، وەک ئاشکرایە ئەم دەوڵەتانە تۆڕێک یان چەندین تۆری کلێپتۆکراسی لەخۆدەگرێت. بەشێوەیەک ئەم تۆڕانە دەستیان بەسەر وەزیفە گرنگەکانی حکومەتدا گرتوە، هەوڵی بەکارهێنانی ئامرازەکانی هێزی فەرمیو نافەرمی دەدەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، لەرێگەی کرینی

15 گەیلان عەباس، فەرهەنگی رامیاری، لا ١٥٧.
16 ئاریان رەئوف، لێکەوتەکانی کلیپتۆکراسی، لا٥-٦.

وەلائی دامودەزگا سەربازی و ئەمنیەکانەوە. ئەم تۆڕانە، زیاتر کاردەکەن بۆ قایلکردنی دەسەڵاتی دادوەری بۆ بەکارهێنانی یاسا لەبەرژەوەندی خۆیان، ئەوەش لە پێناو خۆدەربازکردن لە سزادانی یاسایی، گرنگترین ئەو خەسڵەتانەی ئەم تۆڕانە هەیانە، ڕەوایەتدانە بە چالاکیەکانیان، بەشێوەی دەرکردنی یاسا لەرێگەی دەسەلاتی یاسادانان، لە پێناو خزمەتکردن بەبەرژەوەندیەکانیان.

- ✓ **جۆری دوەم؛** بریتیە لەو دەوڵەتانەی کە بەدەست ئەم جۆرە گەندەڵیەوە دەناڵێنن، بەڵام بەئاستی جۆری یەکەم نیە، بەهۆی ئەوەی دەستەبژێری دەسەلات، کەمتر توانیویانە ئامرازەکانی هێز قۆرغ بکەن. هەر ئەمەش ناچاریان دەکات کە خۆی لەکێبرکێیەکی توندا ببینێتەوە لەگەڵ تۆڕەکانی دیکەی گەندەڵی رێکخراو، کە دەستکەلای دەستەبژێری دەسەلات نین، لە پێناو دەستبەسەر گرتنی سەرچاوەکانی داهاتو سامانی دەوڵەت.

سارا چەیز، باس لەمەترسییەکانی ئەمجۆرە لەگەندەڵی دەکات و پێی وایە فەرمانڕەوای چەتەکان، دەبێتە رێگری سەرەکی لەبەردەم راستکردنەوەی دەوڵەتدا، لەم پێناوەشدا سارا پێشنیاردەکات، هەر دەوڵەتێک ئەم جۆرەی گەندەڵی تێدا دەرکەوت، پێویستە لەسەر ئاستی دەرەکی و نێودەوڵەتی، هیچ جۆرە پاڵپشتیەک لەو فەرمانرەوایانە نەکرێت، چونکە لەئایندەدا دەبنە مایەی هەرەشە بۆ سەر دۆخی ئاسایشی جیهانی .[17]

٢. **گەندەڵی دارایی و ئابوری:** ئەم جۆرەی گەندەڵی، بریتییە لەلادانی دارایی و سەرپێچی رێساو یاسا داراییەکان کە کاری دارایی و کارگێڕی دەوڵەت و دامەزراوەکان رێک دەخات. لەنمونەی دزینی راستەوخۆی داهاتی گشتی، بەدەستهێنانی پارە بەرێگەی نایاسایی، ئاسانکاری بۆ راپەراندنی کاری خەڵکی بەپارە، ساختەکردنی پارە لەرێگای کەس و دامەزراوەکان بەرێگەی نایاسایی، بەهەدەردانی سامانی گشتی. هەمو ئەمانەش بۆ بەرژەوەندیی دارایی و ئابوری کەسی و تایبەتی، لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی.

لە گەندەڵی داراییدا ئیستغلالی پلەو پایەی حکومی یاخود حزبی دەکرێت، بەمەبەستی دەوڵەمەندبونی نا مەشروعی خۆیان و خزم و کەس و کاریان. ئەوەش لە ڕێگەی بەشداربون لە قۆنتەرات و بەڵێندەرایەتی (مقاوەلات) و کۆمپانیانی گەورە لەو کاروبارانەی کە پەیوەندیان بە دارایی گشتیەوە هەیە. سەرەڕای بەرتیل خۆری و دزی و ئیختیلاس و ئەو جۆرە شێوانەی گەندەڵی کە لە کاروبارەکانی رۆژانەی حکومەتدا ڕودەدات.

٣. **گەندەڵی کارگێڕی (ئیداری- وەزیفی):** ئەم جۆرە لەگەندەڵی بەمەحسوبیەت و مەنسوبیەت دەناسرێتەوە، کەبریتییە لەدانانی خەڵکی نەشیاو بە هۆی دڵسۆزی و وەلائی کەسی و حزبی و سیاسی

17 ئاریان رەئوف، سەرچاوەی پێشو، لا١٨.

خزمایەتی، بەبێ گوێدانە پێوەرە یاسایی و کارگێری و ئیدارییەکان. لە هەڵبژاردن و دانان و لابردنی کەسەکان لەپۆستە ئیداری و حکومییەکاندا.

بەواتایەکی دیکە، گەندەڵی کارگێری، خۆیی دەبینێتەوە لەئەنجامدانی سەرپێچی و لادان، لەلایەن فەرمانبەران و کارمەندانی کەرتی گشتی و تایبەتی، سەرپێچی کردنی مەرجەکانی کارکردنی ئیداری، پێشخستنی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر بەرژەوەندی گشتی، لەکاتی راپەراندنی ئەرک و کاری رۆژانەی فەرمی و وەزیفی. یاخود پێدانی ماف بەفەرمانبەرێک لەسەر حسابی فەرمانبەرێکی دیکە، یاخود دامەزراندنی کەس و کارو خزمان لەپلەو پۆستێکدا کەشایەنان نییە.

٤. **گەندەڵی ئەخلاقی (کۆمەڵایەتی):** گەندەڵی لەبنەرەتدا لەئەنجامی دارِزانی سیستم و بەهای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم جۆرەی گەندەڵی خۆی دەبینێتەوە لە ئیستغلال کردنی پلە و پایەی حکومەتی و دروست کردنی پەیوەندی نامەشروع لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر و ئەنجامدانی کاری بەدرەوشتی و نائەخلاقی لەو رێگەیەوە. لەبنەرەتیشدا گەندەڵی خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی و لەشێوەی پێشێلکاری رەفتاری کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت.

ئەم جۆرەی گەندەڵی یەکێکە لەجۆرە مەترسیدارەکانی گەندەڵی، کەبەهۆیەوە بونیادی سیستمی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، دوچاری لێکترازان و دارِوخان دەبێتەوە. تیایدا هیچ جۆرە متمانەیەک لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت و دامەزراوەکاندا بونی نامێنیت. لەنمونەی بڵاوبونەوەی پەیوەندی ناشەرعی و رەشوەو بەرتیل لەکاری تایبەتی و گشتیدا...هتد.

٥. **گەندەڵیی یاسایی:** ئەم جۆرەی گەندەڵی بریتییە لەلادان لەرێگەی دەستکاریکردنی یاساو رێسا کارپێکراوەکانی دەوڵەت، یاخود دارشتنی یاساو بریارەکانی وڵات، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی (کەسێک، دەستەبژێرێک، حزبێک)، بەرامبەر بەبەرژەوەندی گشتی.

سەرئەنجام یاساو گەندەڵی دو ئاماژەی دژ بەیەکن، بەجۆرێک لەهەرشوێنێک یاسا سەروەر بو، ئەوا گەندەڵی پاشەکشە دەکات، لەهەرشوێنێکیش گەندەڵی هەبو، کەواتە شتێک نییە بەناوی یاساو سەروەری یاسا، لێرەدا یاسا دەخرێتە خزمەتی گەندەڵییەوە.

٦. **گەندەڵی هەڵبژاردن:** ئەم جۆرەی گەندەڵی بەوەدا دەناسرێتەوە کەهەر کارتێکردنێک لەسیستمی هەڵبژاردنی وڵات دەچێتە خانەی گەندەڵیی هەلبژاردنەوە. لەنمونەی (بەکارهێنانی بودجەی گشتی بۆ بانگەشەی حیزبی، کرینی دەنگ و وەلائی هاوڵاتیان، پێدانی دیاری بەدەنگدەر، بەڵێنی بەخشینی پلەو پایە، دەستێوەردان لەپرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی پێشێلکاری و گۆرِینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن (گزی و ساختەکاری)، دەستێوەردان لەکاروباری دەزگا پەیوەندیدارو کۆمسیۆنەکان و گۆرانکاری کردن تیایاندا. بڵاوکردنەوەی ترس و فۆبیا لەسەر دەنگدەران و لایەنە رکابەرەکان ...).

ئامانج و هۆکارەکانی پشتی ئەم جۆرە گەندەڵییە، بریتییە لەپێداگری سیاسییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتری دەسەڵات و مانەوەیان لەدەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی زیاتر. لەم پێناوەشدا سەرجەم ڕێگاو میکانیزمەکانی گەندەڵی لەپێش و لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردن، تاقیدەکەنەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان.

## سێیەم: بوارو ڕێگاکانی ئەنجامدانی گەندەڵی

شێوازەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی چەندین چالاکی جۆراو جۆر ئەگرێتەوە، لەوانە (بەرتیل خۆری، دزینیماڵی گشتی دەوڵەت، خزمخزمێنەو نەبونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو (محسوبیەت)، واستەکاری ... هتد.):

1. **دزینی موڵک و داهاتی گشتی دەوڵەت:** ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لەرێگا باوەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی، لەرێگای بەرپرسانی سیاسی و باڵادستانی حیزبی لەوڵاتاندا ئەنجامدەدرێت، بەجۆرێک کەئیستیغلالی پێگەو دەسەڵاتەکەیان دەکەن، بەئاشکرا خاک و سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی وڵاتەکەیان دەدزن و بەهەدەری دەدەن و دەیخەنە خزمەتی بەرژەوەندی خۆیانەوە[18].

2. **بەرتیل– الرشوة (بەخشیش):** یەکێکە شێوازەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی، کەلە زۆربەی وڵاتاندا بە برو شێوەی جیاواز بونی هەیە. ئەم دیاردەیەش خۆی دەبینێتەوە لەپێدانی پارە بە کەسێک یاخود فەرمانبەرێک لەکەرتی گشتی و تایبەتی، بۆ خێرا ڕاپەراندنی کاری کەسی بەرامبەر[19]. ئەوەش بەمەبەستی کارئاسانی و پێدانی مافێک یان کارێک بەکەسی بەرتیل بەخش بەشێوەیەکی نایاسایی. یاخود ناچارکردنی خاوەن مافێک دەستبەرداری مافەکەی ببێت لەرێگەی بەرتیلەوە.

لێرەدا زۆرجار کەسی بەرتیل وەرگر کاری ئاسایی خۆی، کەئەرکی سەرشانیەتی لەرێگەی بەرتیلەوە ئەنجامی دەدات، واتە تابەرتیل وەرنەگرێت مامەڵەکان ڕایی ناکات. ئەم کەسە پۆست و پێگەی کارەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەهێنێت. لێرەدا زۆرجار دو کەس سودمەند دەبن، بەرتیلدەرو بەرتیل وەرگر، ئەوەی زەرەرمەندە لایەنی سێهەم و بەرژەوەندی گشتییە، کەخاوەنی مافەکەیە. بەڵام مافەکەی لەرێی بەرتیلەوە دەچێت بۆ کەسی دوەم کەبەرتیلەکەی بەخشیوە.

3. **خزم خزمێنە_المحسوبیة، یاخود ئیمتیاز بەخشینەوە:** ئەمەش بەواتای پێدانی (کارێک، پۆستێک، تەندەرێک، زەوییەک، پرۆژەیەک) بە کەسێک یان بە کۆمپانیایەک یاخود حیزبێک، کە موستەحەقی وەرگرتنی ئەو کارو ئەرکەی نییە. بەڵام بەهۆکاری نزیکی لەلایەن ئەو بەرپرس و کەسەی کە کارەکە دەبەخشێت، دەچێتە ئەو پێگەیەوەو سودمەند دەبێت.[20]

---

18 امنصوران سهيلة، الفساد الإقتصادي و إشكالية الحكم الراشد ...، لا٣٧.

19 هەمان سەرچاوە، لا٣٧.

20 گەندەڵی چییەو جۆرەکانی کامانەن و چارەسەرکردنی

لەم شێوازەی گەندەڵیدا تەنها ڕەچاوی یەک خاڵ دەکرێت، ئەویش بریتییە لە خزمیاتی و دۆستایەتی و ناسیاوی. واتە بە هیچ جۆرێک ڕەچاوی تواناو لێهاتویی و شارەزایی کەسی بەرامبەرو وەرگر ناکرێت. بەمجۆرە لێرەدا کەسی شیاو لەشوێنی شیاودا وەرناگیرێت، یاخود ئەرک نادرێتە کەسی شیاو، ئەوەی ئەو کارو ئەرکە وەردەگرێت، کەسێکە لەدەرەوەی چوارچێوەو مەرجە یاساییەکان، بەهۆکاری خزمخزمێنە سودمەند دەبێت. سەرئەنجام ئەمەش سەردەکێشی بۆ: نەمانی متمانە لەنێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتدا، لاوازبونی هەستی هاوڵاتیبون و بەرپرسیارێتی بەرامبەر نیشتیمان، پشتگوێخستنی یاساو بەها نەریتی و ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا، کوشتنی ڕۆحیەتی خزمەت بەکایەی گشتی، دروستبونی پشێوی و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگادا. بەمجۆرە لەکۆتاییدا تەنها کەمینەیەک سودمەن دەبن و زۆرینەی کۆمەڵگاش زەرەرمەند.

4. **واستەکاری**: یەکێکی دیکەیە لەرێگە باوەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی، ئەم دیاردەیە لەزۆرینەی کۆمەڵگاکاندا بونی هەیە، بەتایبەت لەکۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا بوەتە جۆرێک لەشێوازی ژیانکردن و رۆتیناتی بەرێوەبردنی کاروبارەکان لەسێکتەری گشتی و تایبەتیدا. واستە، واتە دەستخستنە ناو کارێکەوە بۆ بەرژەوەندی کەسێک یان گروپێک، بە بێ ڕەچاوکردنی یاساو بنەماکانی کارو توانای پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.[21]

لەم رێگەیەدا کەسێک دەخوازێت ئەرکێک وەربگرێت، یاخود مافێک لەخێراترین کاتدا وەربگرێت، بەهۆکاری خزمخزمێنەو دۆستایەتی و ئینتیمای حیزبی، لەگەڵ کەسی بەرپرسی ئەو ناوەندەو لەرێگەی واستەو تەکلیفی شەخسییەوە کارەکەی بۆ رادەپەڕێندرێت. ئەگەرچی ئەو کەسە هیچ تواناو شارەزاییەکی نییە و شایەنی ئەوە نییە ئەو پۆستە وەربگرێت.

لێرەدا مافی هەمو ئەو کەسانە دەفەوتێت کەبەرپرسێکی گەورە یان بەڕێوەبەرێک ناناسن، ئەگەرچی تواناو شارەزاییان هەیە. کەواتە لەسیستمی واستەدا هەمیشە خەڵکانی بێتوانا، لەسەر حسابی خەڵکانی بەهرەدارو بە توانا، دێنە پێشەوەو ماف و پلەو پۆستیان پێ دەدرێت. مەترسی ئەم دیاردەیە لەوەدایە کەبەردەوامبون و چارەسەرنەکردنی وادەکات لەئاییندەدا واستە ببێتە جۆرێک لەکلتور و عورفی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاو هاوڵاتیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و خۆیانی لەگەڵدا رابهێنن و شەرمی لێنەکەن. وەک ئەوەی لەئێستادا لەکۆمەڵگای عێراقی و کوردیدا دەبیندرێت. کە کەم کاری ڕۆژانەی هاوڵاتیان هەیە پێویستی بەواستەی شەخسی و تەزکیەی حیزبی نەبێت.

جیا لەمانەی باسکرا چەند رێگەیەکی دیکەش هەیە کەلەئەنجامدانی گەندەڵیدا پەنایان بۆ دەبرێت لەوانەش (فێڵ و درۆ کردن، خەڵەتاندن، خۆ دزینەوە لەباج یاخود سەپاندنی باجی بێ بنەما، ساختەکاری لەهەمو بوارەکاندا، سودوەرگرتن موڵک و ماڵی دەوڵەتی بۆ بەرژەوەندی تایبەت، بەهەدەردان لەپرۆژەی وەهمیدا، نێوەندکاری لەنێوان دولایەن یان زیاتردا، وەرگرتنی دیاری، یاریکردن بەژمارەو نوسراوە داراییەکان، بێ سەروشوێنکردنی دۆسیەو بەڵگەنامەکانی حکومەت یاخود هاوڵاتیان ...).

21 هەمان سەرچاوە.

# بەشی دوەم: گەندەڵی لە عێراق

## یەکەم: ئاست و قەبارەی گەندەڵی لەعێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣

گەندەڵی لەعێراقدا شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەم دیاردەیە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەراورد بە رابردو، بەشێوەیەکی بەرچاو، تەشەنەی سەند. لەگەڵ دروستکردنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە تائێستا، گەندەڵی هاوشانی تیرۆر، بونەتە دو گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە عێراقدا.

عێراقی نوێ بوەتە یەکێک لە دەوڵەتە هەرە گەندەڵ و فاشیلەکانی جیهان. بەپێی دواین راپۆرتی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی ٢٠٢٠، عێراق لەپێشەوەی ریزبەندی وڵاتانی گەندەڵە لەسەر ئاستی جیهان. بەجۆرێک لەکۆی (١٨٠) وڵاتی جیهان، عێراق لەریزبەندی (١٦٤)دایەو پلەی (١٧) وڵاتانی گەندەڵی جیهانی گرتوە، لەکۆی (100) نمرەی پێوەری رێکخراوەکە تەنها (٢١) نمرەی پێدراوە[22]. لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش، لەکۆی (٢٠)وڵاتی عەرەبی، عێراق لەپلەی (١٥)دا هاتوەو ریزبەندی شەشەمین وڵاتی گەندەڵی عەرەبی گرتوەو لەپێش هەریەکە لەوڵاتانی (لیبیا، سودان، یەمەن، سوریا، سوماڵ)ەوە دێت[23].

رێکخراوی دەستپاکیی G.A.Nی ئەمریکیی لەراپۆرتێکدا کەلەمانگی تەموزی ٢٠٢٠دا ئەپدەیتی کردوەتەوە دەربارەی گەندەڵی لەعێراقدا دەڵێت:"حکومەتی عێراق روبەڕوی هەندێک ئاستەنگی جدی بوەتەوە، کە وادەکەن بەلاوازیی بمێنێتەوەو یەکێک لەوانەش گەندەڵییە. حکومەتی عێراق نەیتوانیوە یاساکانی تایبەت بە روبەڕوبونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی کاریگەر جێبەجێبکات وبەرپرسانیش بەبێ هیچ جۆرە لێپێچینەوەیەک، گەندەڵی دەکەن. بەرتیل و بەخشش بەمەبەستی راپەڕاندنی کارەکان لەعێراقدا زۆر بڵاوە، سەرەڕای ئەوەی ئەمانە رێکاری نایاساییین"[24].

هەر پەیوەست بەم باباتەوە، دو توێژەری عێراقی (محسن ئەحمەد عەلی و عەبدولرەحمان مەشهەدانی) لەنوسینێکی هاوبەشدا دەربارەی گەندەڵی لەعێراق، دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەڵێن:"دوای روخاندنی رژێمی پێشو و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکان و دروستکردنەوەی عێراق، بەدیدگای ئەمریکی، ئیتر وردەوردە گەندەڵی لەکۆمەڵگای عێراقی، لەدیاردەیەکەوە کەتوانای روبەڕوبونەوەو کۆنترۆڵکردنی هەبو، بو بەسیستەمێکی بەیاسا پارێزراو. یاخود بوە کردەیەکی مومارەسەکراوی رۆژانە، کە بە چوارچێوەی هێزو راگەیاندن و فتوای دینی پارێزرا"[25].

1. CORRUPTION PERCEPTIONS INDEX

2. IRAQ CORRUPTION REPORT

23 هەمان سەرچاوە

25 نهلة الشهال، ماهو الفساد، من هو الفاسد؟

لەئێستای عێراقدا، گەندەڵی بە شێوازێکی ڕێکخراو بەڕێوەدەچێت و ڕەگ و ڕیشەی قوڵی داکوتاوە بەنێو هەمو جومگەکانی بواری حکومرانی و کارگێری و دارایدا. لەوانەش بوارەکانی (سیاسەت، نەوت، بەرگری و ئاسایش، کارەبا، پەروەردەو تەندروستی و گرێبەستەکان ... تائاستی کەرتی تایبەت).

بوارو مەوداکانی ئەنجامدانی گەندەڵی لەعێراق، بەپێی جیاوازی سێکتەرەکان، زۆرو هەمەچەشنن. لێرەدا هەوڵدەدین ئاماژە بەهەندێک لەوسێکتەرانە بکەین، کەلەعێراقدا بونەتە ناوەندی ئەنجامدانی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی.

## ❖ بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گشتی

لەدوای ساڵی ٢٠٠٥وە لەعێراقدا هەزاران کۆمپانیاو پرۆژەی وەهمی دروستکراون و بونیان هەیە. لەرێگەی ئەو کۆمپانیاو پرۆژانەوە کە کارەکانیان تایبەت بوە بەبوارەکانی (تەندروستیی، پەروەردە، پردو رێگەوبان، ناوەندی کات بەسەربردن و گەشتیاری، پرۆژەی وەبەرهێنان لە کەرتەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و نیشتەجێکردن... هتد)، چەندین ملیار دۆلار لەداهاتی گشتی بەفیڕۆ دراوە.

لەمبارەیەوە، (موهەنەد عیتابی) پەرلەمانتاری کوتلەی نەهجی نیشتیمانی لەپەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندوە:"بەپێی زانیارییەکانی (ڕەشاد خەڵەف هاشم) بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی بازرگانی، لە عێراقدا نزیکەی ٨٠ هەزار کۆمپانیای بازرگانی لە عێراقدا تۆمارکراون، بەڵام ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە لەئێستادا چالاکی بازرگانیان هەیە، بریتیە لە ٢٠ هەزار کۆمپانیا. بەوپێیە ٦٠ هەزار کۆمپانیایان وەهمین و لە بنەڕەتدا بونیان نییە، یاخود نەماون. ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین دۆسیەکانی گەندەڵی لە عێراقدا، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس."[26]

لەئێستای عێراقدا، ئاست و قەبارەی گەندەڵی گەیشتوەتە رادەیەک، کە تەنانەت کڕین و فرۆشتن دەکرێت، بەمامەڵەی دامەزراندن و خانەنشینی، تەنانەت تائاستی کڕین و فرۆشتنی پۆستە باڵاکانی نێو حکومەت. وەک ئەوەی لەساڵی ٢٠١٨دا (موقتەدا سەدر) رابەری رەوتی سەدر بەئاشکرا باسیکرد، کاتێک لەپەیامێکیدا بۆ (هادی عامری) لەتویتەردا گوتی: "چەندین مامەڵە لەنێوان ئەندامانی فەتح و چەند ئەندامێکی هاوپەیمانی بەنادا هەیە، بۆ کڕین و فرۆشتنی پۆستە وەزارییەکانی حکومەت، بەپشتیوانی دەرەکی و بەپارەیەکی زۆر"[27].

بەپێی زانیاری ماڵپەری عەرەبی پۆست، کڕین و فرۆشتنی وەزارەت و پۆستە باڵاکان لەسەردەمی کابینەکەی (عادل عەبدولمەهدی)دا بەئاسایی بەرێوەدەچو. لەراپۆرتەکەدا هاتوە "بەرپرسێکی باڵا وەزارەتی کارەبای کڕیوە بە ٢٠ ملیۆن دۆلار، یەکێکی دیکە ١٨ ملیۆن دۆلاری داوە بۆ کڕینی وەزارەتی بەرگری، ١٠ ملیۆن دۆلاریش بۆ فرۆشتنی وەزارەتی بازرگانی دانراوە"[28]. ئەمەش بەهۆی بونی

26 ئاکۆ ئالی، گەورەترین دۆسیەی گەندەڵی لەعێراق لەدوای ساڵی 2003 ئاشکرادەکرێت.
27 تویتەر: مقتدى السيد محمد الصدر، Nov 19, 2018

28 كشفه «عربي بوست» فاستنفر مقتدى الصدر.. مزاد المناصب الوزارية يتحول الى أزمة بين قادة العراق.

مەودایەکی زۆر بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی لەو وەزارەتەنەدا، بەتایبەت لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستی بازرگانی و کڕینی وزەو کرینی چەک و شمەکی سەربازی.

ئەم دۆخە هەر لەئاستی پۆستە باڵاکاندا نەماوەتەوە، تەنانەت دابەزیوەتە ئاستی کرین و فرۆشتنی شوێنی فەرمانبەرو کارمەندێکی ئاسایی. وەک ئەوەی (عەلی عەللاوی) وەزیری دارایی عێراق باسی دەکات و دەڵێت:"خاڵە گومرگییەکان هێندە بەگەندەڵییەوە تێوەگلاون، تەنانەت لەهەندێکیاندا پڕکردنەوەی شوێنی کارمەندێکی ئاسایی بە بەهای 50 هەزار تاوەکو 100 هەزار دۆلار، تەنانەت چەند هێندەی ئەوانەش مامەڵەی پێوەدەکرێت."[29].

## ❖ فەرمانبەری بندیوار (فەزایی)

یەکێکی دیکە لەوبوارانەی کەزۆرترین گەندەڵی تێداکراوە، پرسی فەرمانبەرانی بندیوارو فەزاییە. لەمبارەیەوە، وەزیری پێشوی دارایی عێراق، (فواد حسێن)، رایگەیاندوە: "عێراق پێش ساڵی 2003 نزیکەی 850 هەزار فەرمانبەری هەبوە، بەڵام ئێستا بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی دارایی، ژمارەکە زیادبوە بۆ زیاتر لە ٦ ملیۆن و پێنج سەد هەزار فەرمانبەرو خانەنشین[30]. لە وردبونەوە لەم ژمارەیە دەردەکەوێت کە رێژەیەکی زۆر فەرمانبەری بندیواری تێدا هەیە. لای خۆیەوە، وەزیری پلاندانانی عێراق رایگەیاندوە کەئەوان ئامارێکی رەسمیان لەبەردەستدا نییە دەربارەی ژمارەی فەرمی فەرمانبەرانی عێراق، ئەوەی کە لە ئامارە فەرمیەکانی ناوەندە فەرمییەکانی ئاماردا تۆمارکراون، دەڵێت: "ژمارەی فەرمانبەران ٢ ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەسە"[31].

بەپێی زانیارییە بەردەستەکان، لەساڵی ٢٠٠٤دا نزیکەی ٢ ملیار دۆلار، بۆ موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان تەرخانکرابو، بەڵام لەساڵی ٢٠٢٠دا ئەو رێژەیە لەساڵێکدا بۆ ٤٣.٣ ملیار دۆلار بەرزبوەتەوە. ژمارەی پلەباڵاکان لەساڵی ٢٠٠٥دا ١٨٤٧کەس بون، لەساڵی ٢٠٢٠دا بەرزبوەتەوە بۆ ٥٣٠٨ کەس. بەنمونە لەعێراقدا (٥٣٩ کەس بەپلەی وەزیر، ٤٧٦٩ بەپلەی تایبەت و ٤٨٣٨٥ بەپلەی بەرێوبەری گشتی، ١٢٨٨٩٣ بەپلەی جێگری بەرێوبەوبەری گشتی، ١٢٧٢٧٩ بەپلەی بەرێوبەری بەش)، مانگانە موچە وەردەگرن[32]. (عەلی عەللاوی) وەزیری دارایی عێراق لەمبارەوە دەڵێت: "لەعێراقدا ٣ملیۆن و 500 هەزار فەرمانبەرمان هەیە، کە بەهۆی موچەکانیانەوە پشت بە دەوڵەت دەبەستن، لەگەڵ ٢ ملیۆن و 500 هەزار خانەنشین، بەمەش کۆی گشتیی موچەخۆران دەگاتە ٦ ملیۆن و 500 هەزار کەس". کەواتە لەعێراقدا 25% خەڵکی پشت بە موچەی دەوڵەت دەبەستن، لەکاتێکدا بەپێی رێژەی ستانداردی

29 عەلی عەللاوی: شوێنی فەرمانبەری دەروازەکان بە 100 هەزار دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت.
30 وزير المالية: عدد الموظفين والمتقاعدين بلغ 6.5 مليون.
31 اشرف كريم، عدد موظفي العراق ...
32 هەمان سەرچاوە.

وڵاتان دەبێت لەهەمو وڵاتێکی جیهاندا 5%ی فەرمانبەر هەبێت، یاخود وەکو وڵاتانی کەنداو کەرێژەی فەرمانبەرانیان 10%ی دانیشتوانە"[33].

بەمجۆرە دەردەکەوێت کە لەئێستادا زۆربەی دامودەزگا حکومییەکان کراون بەناوەندی بەفیڕۆدانی کات و پارە، بۆ هاوڵاتیان، ئەمەش دەریدەخات کە بەهەدەردانێکی رون لە پارەی موچەی ئەو فەرمانبەرانەدا دەکرێت بەبەردەوامی. لەکاتێکدا دەکرێت عێراق بەنزیکەی یەک ملیۆن و نیو فەرمانبەر، بەڕێوەببرێت، بەم پێیەش ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەری عێراق زیادەن و موچەی مانگانەیان دەچێتە خانەی بەهەدەردانی سامانی گشتیەوە.

لەبارەی فەرمانبەرانی بندیوار، کەلەعێراقدا ناسراون بە (فەرمانبەری فەزایی)، لە مانگی ئەیلولی ساڵی 2014، (حەیدەر عەبادی)، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق رایگەیاند: "تەنیا لە وەزارەتی بەرگریی عێراقدا، (٥٠) هەزار فەرمانبەری سەربازی بندیوار (فەزایی) بونیان هەیە، کە موچە نایاسایی وەردەگرن"[34].

لەلایەکی دیکەوە، (عەلی عەللاوی) وەزیری دارایی عێراق، رۆژی 19ی شوباتی ٢٠٢٠، لە راپۆرتێکی رۆژنامەی فایننانشاڵ تایمزی بەریتانیدا رایگەیاندوە :"عێراق خاوەنی 300 هەزار موچەخۆری بندیوارە. بندیوارەکان لە بنەمادا بونیان نییە، بەڵام پۆستی حکومی بەناوی وەهمی و کەسانی نەبو دانراوە و موچەکە کەسانی دەستڕۆیشتو وەریدەگرن"[35].

بەڵام بەپێی راپۆرتی میدیاکانی عێراق 650 هەزار بندیوار لەدامەزراوەکانی حکومەتی عێراق هەن. زۆرترین بندیوارەکانیش لە وەزارەتە سەربازییەکانی وەک بەرگری و ناوخۆو دامودەزگاکانی ئەو دو وەزارەتەدان.[36]

هەر تایبەت بەم پرسە، (فایەق شێخ عەلی)، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، رۆژی 25ی ئایاری ٢٠٢٠، لە توییتێکدا، دەڵێت:"لەنێو هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، کە موچەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەدرێت، 82 هەزار بندیوار هەن. چونکە ژمارەی راستەقینەی چەکدارەکانی حەشدی شەعبی 48 هەزار کەسە، بەڵام سەرکردەکانی ئەو هێزە مووچەی 130 هەزار چەکدار لەحکومەت وەردەگرن"[37].

تەنانەت بەگوێرەی ڕەشنوسی پرۆژە یاسای بودجەی فیدراڵی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢١، بری ٢.٤ ترلیۆن دینار، وەک بودجە و خەرجی بۆ حەشدی شەعبی تەرخانکراوە، ئەمەش زیاترە لەبودجەی تەرخانکراو بۆ شەش وەزارەتی حکومەتی عێراق، کەبەشێکیان وەزارەتی خزمەتگوزارین، ئەوانەش بریتین لەوەزارەتەکانی (داد، دەرەوە، پەروەردە، ڕۆشنبیری، سەرچاوەکانی ئاو، پلاندانان و گواستنەوە). هاوکات

33 وەزیری دارایی عێراق: زیاتر لە شەش ملیۆن مووچەخۆر هەن.
34 العبادي: 50 ألف مجند وهمي بالجيش العراقي.
35 وزير المالية: 300 ألف موظف "فضائي" في العراق.
36 قيادي في النصر يؤكد وجود 650 الف "فضائي" في العراق.
37فائق الشيخ علي/كلمتي للتاريخ.

بودجەکەیان کەمێک کەمترە لە بودجەی وەزارەتی تەندروستی، نزیکیشیە لە بودجەی تەرخانکراو بۆ پارێزگای بەغدا، زیاتریشە لە بودجەی پارێزگاکانی (نەینەوا، زیقار، نەجەف، دیوانیە) پێکەوە[38].

## ❖ موچەو ئیمتیازاتی پلەباڵاکان

یەکێکی دیکە لەو دۆسیانەی کەبوەتە بارگرانیەکی زۆر بۆسەر بودجەی گشتی عێراق و ناوەندی بەهەدەردانی سامانی گشتی، بریتییە لەپرسی موچەی پلەباڵاکان. وەک پێشتر باسمانکرد لەعێراقدا، زیاتر پێنج هەزار خانەنشنین خاوەن پلەی بەرێوەبەری گشتی و بەرەو سەر لەسێ سەرۆکایەتیەکە بونیان هەیە. ئەمە بەئاشکرا کاریگەریی لەسەر بودجەی گشتی دروستکردوە. هەرچەندە دیاریکردنی موچەو دەرماڵەی ئەو بەرپرسانە بەیاسا رێکخراوە، بەڵام لەبنەمادا بوەتە رێگایاەکی دیکی بەفیرۆدانی سامانی گشتی و دروستکردنی جیاوازیی لەنێوان فەرمانبەرێکی ئاسایی و پلە باڵایەک لەعێراقدا.

پەیوەست بەم بابەتە، لەساڵی٢٠٢٠دا میدیاکانی عێراق، دۆسیەی سەرۆک کۆماری پێشوی عێراق (غازی عەجیل یاوەر)یان جوڵاندو چەند بابەتێکیان لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە. ئەوەش دوای ئەوەی کەناوبراو لەپاش ماوەیەکی کەم لە مانەوەی بە سەرۆک کۆماری عێراق، بەموچەیەکی زۆر خانەنشینکرابو. دوای راگرتنی خانەنشینیەکەشی، لەدادگای تێهەڵچونەوە سکاڵای تۆمارکردبو و نارەزایەتی خۆی  پیشاندابو لەبریاری راگرتنی موچەی خانەنشینییەکەی، کەبەپێی یاسای یەکخستنی خانەنشینی ساڵی 2014 بۆی براوبویەوە. میدیاکانی عێراق ئاشکرایانکرد، موچەی خانەنشینی یاوەر 61 ملیۆن و 680 هەزار دیناری عێراق بوە بۆ هەر مانگێک، کە دەکاتە نزیکەی 51 هەزار دۆلاری ئەمریکی. کۆی ئەو موچانەشی یاوەر لە ساڵی 2004 تا 2019 وەریگرتبو، بریتی بو لە 11 ملیار دینار، ئەمە جیا لەموچەی پاسەوانەکانی و دەرماڵەکانی دیکە. کە هەمو سەرۆکەکانی دیکەی عێراق لە دوای یاوەرەوە هەمان موچەو دەرماڵەیان وەرگرتوە لەدوای خانەنشینبونیان[39]. لەئێستاشدا بەپێی زانیارییەکانی راپۆرتێکی کەناڵی (الجزیرة)، سەرۆک کۆماری عێراق موچەی مانگانەی 50 ملیۆن دینارە، جیا لە 40 ملیۆن دینار دەرماڵەی میوانداری، کۆی ئەو پارەیەی سەرۆک کۆمار لەساڵێکدا وەریدەگریت 876 هەزار دۆلارە. لەماوەی چوار ساڵدا دەگاتە 3 ملیۆن و 504 هەزار دۆلار[40].

هاوکات، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانی، هەریەکەیان مانگانە 40 ملیۆن دینار موچە و 20 ملیۆن دینار دەرماڵەی میوانداری وەردەگرن. کە دەکاتە 65 هەزار دۆلار لە مانگێکدا و 780 هەزار دۆلار لە ساڵێکدا. لە ماوەی 4 ساڵی مانەوەیان لە پۆستەکەدا، دەگاتە 3 ملیۆن و 120 هەزار دۆلار.

لەلایەکی دیکەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، موچەی مانگانەی 35 ملیۆن دینارە، لەگەڵ 20 ملیۆن دینار مانگانە دەرماڵەی میوانداری، کۆی پارەکە دەکاتە 55 ملیۆن دینار، لەساڵێکیشدا نزیکەی 528هەزار دۆلار دەکات و لەچوار ساڵدا پارەکە دەگاتە دو ملیۆن و 112 هەزار دۆلار.

---

38 2.4 تريليون دينار موازنة هيئة الحشدالعام 2021. أين تصرف.

39 أرقام فلكية تستنزف ميزانية الدولة..

40 هەمان سەرچاوە.

هەرچی وەزیرەکانە، موچەی مانگانەیان 20 ملیۆن دینارە و هەریەکەیان مانگانە 15 ملیۆن دینار دەرماڵەی میوانداری وەردەگرن، ئەو پارەیە بۆ هەر ساڵێک دەکاتە 336 هەزار دۆلار، بۆ چوار ساڵەکەش دەکاتە ملیۆنێک و 344 هەزار دۆلار. ئەمەش لە کاتێکدایە هیچ کابینەیەکی حکومەتی عێراق لە 15 وەزیر کەمتری نییە و نەبوە.[41]

تایبەت بەپەرلەمانتارانی عێراقیش، هەر پەرلەمانتارێک لەئێستادا بەموچەی ١٦ پاسەوانەوە، زیاتر لە ٢٣ ملیۆن دینار لەمانگێکدا وەردەگرێت، واتە لەساڵێکدا ٢٧٦ ملیۆن دینار وەردەگرێت. بەکۆی گشتیش ٣٢٩ پەرلەمانتاری عێراق لەمانگێکدا زیاتر لە ٧ملیارو ٥٦٧ ملیۆن دیناری مانگانە وەردەگرن، واتە لەساڵێکیشدا زیاتر لە ٩٠ ملیارو ٨٠٤ ملیۆن دیناری عێراقی وەردەگرن، کەبەرامبەرە بە ٦٢٦ ملیۆن دۆلار لەساڵێکدا.

دیوانی چاودێری عێراقیش لەمبارەیەوە رایگەیاندوە:"بەهەدەردانی پارەی دەوڵەت لە نێو ئەو خانەنشینانەدا، گەیشتوەتە 53 ملیار دیناری عێراقی، بەرامبەر 78 ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی". بەمجۆرە دەبینین کەساڵانە لەم رێگەیەوە، داهاتێکی زۆری عێراق بەفیرۆ دەروات.

بەهەدەردانی سامان و داهاتی گشتی عێراق، رێگەو شێوازی زۆرە، لە مانگی ئابی ساڵی 2015، (عادل عەبدولمەهدی) کە ئەوکات وەزیری نەوتی عێراق بو، دەربارەی قەبارەی بودجەی عێراق لەساڵی 2003وە تائێستا، رایگەیاند:بودجەی عێراق لە ساڵی 2003وە گەیشتوەتە 850 ملیار دۆلار، بەهۆی گەندەڵیشەوە لە عێراق 450 ملیار دۆلاری بەهەدەرداوە. لەبەکارهێنانی پۆستەکان لەلایەن بەرپرسان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان 25 ملیار دۆلار لەسەر دەوڵەت کەوتوە"[42].

لای خۆیەوە، (عەلی عەللاوی)، وەزیری ئێستای دارایی عێراق، لە دیبەتێکدا لە(پەیمانگای گەشەپێدانی ئابوریی عێراق) قسەی لەسەر دۆخی گەندەڵی دارایی و بەهەدەردانی پارەی حکومەتی عێراق کرد و رایگەیاند: "لە کۆی زیاتر لە 2 ترلیۆن دۆلار کە لە ساڵی 2003ەوە، بەبودجەی وڵات دانراوە، زیاتر لە 250 ملیار دۆلاری بەهۆی گەندەڵیی کارگێڕییەوە دزراو و بەهەدەردراوە. ئەو پارەیەش بەسبو بۆ دروستکردن و بونیادنانەوەی وڵاتێکی نوێ. سەرئەنجام خەرجکردنی ئەو پارانە بەئامانجی ئابوری نەبون، بەڵکو بۆ سودگەیاندن بەهەندێک لایەن بون"[43].

لەبارەی هەندێک وردەکاریی گەندەڵییەوە، (عەلی عەللاوی) رایگەیاند:"عێراق تائێستا لە ئێرانەوە هەمو ساڵێک بەبەهای چوار تریلیۆن دینار کارەبا و گاز هاوردە دەکات، بەڵام دۆخی کارەبا هێشتا چارەسەر نەبوە لە وڵاتەکەدا. ئێستاش حکومەت توانای دانەوەی قەرزەکانی کڕینی کارەبای نییە". هاوکات عەللاوی، لەبارەی قەرزە دەرەکییەکانی سەرشانی عێراق، رایگەیاند: "عێراق نزیکەی ١٣٣.٣ ملیار دۆلار

---

41 هەمان سەرچاوە.
42 عەلی زەڵمی، عێراق.. ژمارە گەورەکانی گەندەڵی لە 2003 تاوەکو 2019.
43 وزیر المالیة: 250 ملیار دولار سرقت من العراق منذ العام 2003.
وزیر المالیة : الاموال المسروقة من العراق تکفي لبناء عدة دول".

١٦٠ ترلیۆن دینار قەرزی دەرەکی لەسەرە"[44]. هەمو ئەمانە ئاستی قەیرانە داراییەکانی عێراقیان قوڵترکردوەتەوە.

## ❖ سپیکردنەوەی پارە

یەکێکی دیکە لەدۆسییە گەورەکانی گەندەڵی لەعێراقدا بریتییە لەپرسی حەواڵەو سپی کردنەوەی پارە لەلایەن بەرپرسانی عێراقەوە بۆ دەرەوە. بۆ نمونە لەساڵی 2014 کە ئەوکات (ئەحمەد چەلەبی سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی دەکرد لەپەرلەمانی عێراق، گەورەترین دۆسیەی گەندەڵیو سپیکردنەوەو حەواڵەکردنی پارەی بەرپرسانی عێراق ئاشکرا بو، چەلەبی چەند دیکۆمێنتێکی ئاشکرا کرد لەدوتوێی راپۆرتێکی ٧٢ لاپەرەیدا، دەبارەی تێوەگلانی بانک و بەرپرسانی عێراق، لە تالانکردن و ناردنە دەرەوەی سەروەت و سامانی عێراق. چەلەبی لەراپۆرتەکەیدا ئاشکرای کردبو لەنێوان ساڵانی 2007 بۆ2013 بڕی 312 ملیار دۆلار چوەتە بانکەکانی عێراقەوە، لەوە بڕی 212 ملیار دۆلاری چوەتە دەرەوەی عێراق، لەو نێوەندەدا بڕی 78 ملیار دۆلار چارەنوسی نادیارەو نازانرێت لەلایەن کێوە بۆ کێ رۆیشتوە[45].

سەبارەت بەو حەوالانەش، لەو ماوەیەدا 60 هەزار جوڵەی بانکیی هەبوە، لەو 60 هەزار جوڵەیە 30 هەزار جوڵەی بانکیی نازانرێت لە کێوە بۆ کێ چوە، بەشێوەیەکی گشتی لەو ماوەیەدا رۆژانە بە تێکرا 50 ملیۆن دۆلار جوڵەی پێکراوە، بەشی زۆری ئەو پارەیە حەواڵەی بانکەکانی دەرەوە کراوە. لەو 78 ملیار دۆلارەی کە نازانرێت لە کێوە بۆ کێ رۆشتوەو چارەنوسی نادیارە، بڕی 12 ملیار دۆلاری لە بانکەکانی هەرێمی کوردستانەوە چوەتە دەرەوە، 32 بەرپرسو 25 کۆمپانیای هەرێمی کوردستان لەناو دۆسیەکەدان[46]. چەلەبی هەفتەیەک بەر لەکۆچی دوای لەساڵی ٢٠١٥دا لەپرۆگرامێکی تەلەفیزیۆنی تایبەت بەم دۆسیەیە زانیاری دیکەشی ئاشکراکردو رایگەیاند: "عێراق لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٤، نزیکەی ٥٥١ ملیار دۆلاری لەرێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دەستکەوتوە، لەو برە ١١٥ ملیار دۆلاری دانراوە بۆ داهاتی گشتی، هاوکات بانکی مەرکەزی ٣١٢ ملیار دۆلاری فرۆشتوە بە بانکە ئەهلییەکان لەچوارچێوەی مەزادی فرۆشتنی پارە، کەئەمە بەهەدەردانی ئەو پارەیە بوە و دەکرا ببێتە یەدەگێکی نەختینەیی بۆ عێراق"[47].

دوای ئاشکراکردنی ئەم دۆسیانە بەماوەیەکی کەم، ئەحمەد چەلەبی لە ٣ی تشرینی دوەمی ساڵی ٢٠١٥دا لەماڵەکەی خۆیدا لەناوچەی کازمیە لەبەغدا، بەجەڵتەی دڵ کۆچی دواییکرد. زۆرێکیش گومان دەکەن

---

44 الدين الخارجي العراقي يتجاوز 133 مليار دولار.. وزير المالية يدق ناقوس الخطر.

45الجلبي قبل وفاته يكشف ملفات فساد البنك المركزي العراقي.

- وثائق الجلبي ....هكذا تسربت المليارات عبر مصارف وشركات فاسدة.
- هل تؤثر وفاة أحمد الجلبي على كشف ملفات الفساد في العراق؟.

46 بۆ زانیاری زیاتر بروانە: محەمەد رەئوف- فازل حەمەڕەفعەت سامانی بەرپرسە باڵاکانی کورد لە پەنەما.

47 هەمان سەرچاوە.

مردنەکەی پەیوەندی بەجولاندن و ئاشکراکردنی دۆسیەی بەرپرسانی عێراقەوە هەبوبێت، واتە چەلەبی کوژرابێت، نەک بەجەڵتە مردبێت[48].

لەکانونی یەکەمی ساڵی 2016 دا، وەک پاڵپشتیەک بۆ وتەکانی چەلەبی، بورهان مەعموری، ئەندامی لیژنەی ئابوری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق لە پرێس کۆنفرانسێکدا لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی دیکەی لیژنەکە لەناو پەرلەمانی عێراق رایگەیاند: "بانکی ناوەندیی عێراق نزیکەی 312 ملیار دۆلاری لە مەزادی دراودا فرۆشتوە و 80%ی ئەو پارەیەش چوەتە دەرەوەی عێراق"[49].

هەر دەربارەی ئەم پرسە، بەپێی راپۆرتی پەیمانگەی "بازل"ی نێودەولەتی کە تایبەتە بە سپیکردنەوەی پارە، لە ساڵی 2012دا لە دزینو سپیکردنەوەی پارەی حکومەتدا، عێراق لەپلەی یەکەمدا بوە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیو جیهان. بێگومان بەرپرسانی کوردیش لەم دۆسیانەدا بەشداربون[50].

لەمانگی تەموزی ساڵی ٢٠١٩ رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی رایگەیاند:"سیاسەتمەدارانی عێراقی نزیکەی 150 ملیار دۆلاریان لە بانکەکانی دەرەوەدا داناوە، هەندێک دەڵێن بڕی پارەکە زیاترەو دەگاتە 300 ملیار دۆلار"[51].

د. یوسف محمد سادق، سەرۆکی پێشوی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئێستای فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، کەلەسەر ئەم دۆسیەیە کاری کردوە، دەڵێت: "ئێمە بەدوای ئەم کەیسەوەین لە بەغداد، راستە یاسا دەرچوە بۆ گەڕاندنەوەی پارە تەهریبکراوەکان بۆ بۆ دەرەوە، بەڵام ئەوە تا ساڵی 2003 دەگرێتەوە، ئێمە ئێستا لە سەروبەندی ئەوەین کە یاساکە جارێکی تر هەموار بکرێتەوە تا پارەکانی دوای 2003ش بگرێتەوە، چاکسازی بەبێ گەڕاندنەوەی ئەو پارانەی براونەتە دەرەوە هیچ مانایەکی نییە، ئێستا عێراق لە ریزبەندی پێشەوەی دەوڵەتە گەندەڵەکانی دونیایە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەم دۆسێیەی پارەکانی دەرەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەندێک زانیاری و بەدواداچونمان هەیە، لەسەر ئاستی عێراقیش دۆسێیەکی مەحاڵ نییە، هەندێک لە دەوڵەتان لە گەڕاندنەوەی پارەکانیان زۆر چونەتە پێشەوە بۆ نمونە تونس لەم بوارەدا چووەتە پێشەوە و هەندێک لەو پارانەی گەڕاندوەتەوە. ئێمە ئەوکاتەی کە سەردانی سویسرامان کرد، یەکێک لە دۆسێ بنەڕەتییەکان کە لەگەڵ بەرپرسانی سویسرا باسمان کرد ئەم دۆسیەیە بوو، ساڵی 2016 لە سویسرا یاسایەک دەرچوە کە رێگە دەدات بە دەوڵەتان داوای هەژماری بانکی بەرپرسانی وڵاتەکانیان بکەن و هەوڵی گەڕاندنەوەی پارەکانیان بدەن، تونس و نەیجیریا سوودیان لەمە وەرگرتوە و هەندێک لە پارەکانیان گەڕاندووەتەوە، بۆیە ئەم دۆسێیە مەحاڵ نییە بەڵام پێویستی بە ئیرادەیەک هەیە بۆ کارکردن لەسەری و جولاندنی"[52].

48 هل تؤثر وفاة أحمد الجلبي على كشف ملفات الفساد في العراق؟.

49 نائب: 80% من الدولارات التي بيعت في مزاد العملة خلال سنوات حولت للخارج.

50 محەمەد رەئوف- فازل حەمەڕەفعەت، سەرچاوەی پێشو.

51 هەمان سەرچاوە.

52 د. یوسف محەمەد سادق: بەرپرسانی کورد خۆیان قەوارەی هەرێمیان لە عێراقدا لاواز کردووە.

هەر لەمبارەیەوە، تەها دیفاعی، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند: "ئەو پارانەی لە ساڵی 2003ەوە خەرجکراوە بە هەزار تریلیۆن دیناری عێراقی دەخەملێنرێت، پارەکانیش بودجەی وەزارەتە خزمەتگوزاری و وەبەرهێنەرییەکان دەگرێتەوە، چونکە پارەی زەبەلاح لەبابەتەکانی گرێبەستەکاندا بەتاڵانبراوە، ئەمە جیا لەگەندەڵی، کە لە زۆرینەی ئەو گرێبەستانەدا کراوە کە وەزارەت و پارێزگاکان کردویانە. هاوکات قەبارەی پارەی بەقاچاخبراو بۆ دەرەوەی وڵاتەکە بە 350 تریلیۆن دینار دەخەملێنرێت، کە دەکاتە نزیکەی 240 ملیار دۆلاری ئەمریکی، هەموشی لەرێگەی گەیاندنی وەهمییەوە بەتاڵانبراون"[53].

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەک لەدیوانی چاودێری دارایی عێراق، کە بەدواداچونی بۆ بەهەدەردانی پارە کردوە لەعێراقدا، رایگەیاندوە: "زۆرترین بڕی بەهەدەردانی پارە لەبودجەی گشتی لەنێوان ساڵانی 2008 بۆ 2014 بوە، کە سەردەمی نوری مالیکی سەرۆکی دەوڵەتی یاسا، سەرۆک وەزیرانی عێراق بو. واتە ئەو ماوەیەی مالیکی زۆرترین گەندەڵی و بەهەدەردان لەسامان و داهاتی گشتی عێراقدا کراوە".

مەنار عوبەیدی، شارەزای ئابوری، لە لێدوانیکدا بۆ کەناڵی ئەلحورە رایگەیاندوە:"بڕی راستەقینەی پارەی دیارنەماو لە عێراقدا، 400 تا 450 ملیار دۆلارە، کە دەکاتە کۆی 40٪ی بودجەی ئەو چەند ساڵەی عێراق کە دەستنیشانکراوە[54].

لەنوێترین روداویشدا پەیوەست بەم بابەتەوە، لەرۆژی ٢٥ی کانونی دوەمی ٢٠٢١، (حەمدیە جاف) بەرێوەبەرە کوردەکەی پێشوی (بانکی بازرگانی عێراق-تی بی ئای) کە لەماوەی ساڵانی ٢٠١١_٢٠١٦ی سەردەمی مالیکی سەرۆکی ئەو بانکە بوە، کە لەلایەن دەستەی نەزاهەوە سکاڵای لەسەر تۆمارکرابو، لەبەر ئامادەنەبونی لەدانیشتنی دادگا، بە غیابی بە پێنج ساڵ زیندانی سزا درا. ئەوەش بەتۆمەتی، بردنە دەرەوەی پارەی عێراق، کە بڕەکەی ٦٠٠ ملیار دینارە، بەرامبەر بە ٤٠ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی، لەو بڕەش ٣٠٠ ملیار دیناری لە لقی(بانکی بازرگانی تی بی ئای)ی هەرێمی کوردستانەوە براوەتە دەرەوە. لەدوای بڕیارەکەی دادگای دەستپاکی فەرمانی گرتن و قەدەغەی گەشتکردنی بۆ حەمدییە جاف دەرکرد، بەتۆمەتی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی[55].

پەیوەست بەم بابەتەوە، رۆژی 23ی ئایاری 2021، د.بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق رەشنووسی یاسای "گێرانەوەی پارە و سامانی دزراو و بە تاڵانبراوەکانی عێراقی بۆ دەرەوەی وڵات" ئاڕاستەی پەرلەمانی عێراق کرد.

لەوبارەیەوە، بەرهەم ساڵح، لە وتارێکی ڤیدیۆیی پێنج خولەکیدا پێش ئیمزاکردنی رەشنووسی یاساکە رایگەیاند:"پرۆژەیاساکە کار بۆ تۆکمەکردنی کاری دەوڵەتی عێراق بۆ گێرانەوەی پارە بەگەندەڵی

53 البرلمان العراقي: 240 مليار دولار خرجت من البلاد بشكل غير شرعي.
54 "يكفي لبناء دول".. خبراء يكشفون بالأرقام حجم "أموال العراق الضائعة".
55 عاجل: النزاهة تعلن عن الحكم على حمدية الجاف لاضرارها بالمال العام.
بفضل المالكي وصفقات الفساد.. "ثروة طائلة" تحصدها حمدية الجاف من مصرف التجارة العراقي والعقوبة "هزيلة!".

براوەکان و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران و دانیان بە دادگا دەکات. ئومێددەکەین ئەنجوومەنی نوێنەران گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاساکە بکات و دەوڵەمەند و پەسەندی بکات بۆ هاوکاریکردنی دانانی سنوورێک بۆ ئەم دەردە ترسناکە کە ساڵانێکی زۆرە رۆڵەکانی گەلەکەمانی لە سوودبینین لە سامانەکانی وڵاتەکەیان بێبەشکردووە. هەروەها گوتی: "پرۆژەیاساکە ریوشوێنی کردەیی پێشوەختەی کاریگەر لەخۆدەگرێت، لەگەڵ هەنگاوی دواتر بۆ گێڕانەوەی پارە دزراوەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ هەوڵی یاسایی لە سیستەمی یاسایی و دامەزراوە یاساییە پەیوەندیدارەکان هەنگاوێک بێت بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم دەردە مەترسیدارە، هەروەها پاڵپشتی بۆ دامەزراوە چاودێری و داراییەکان دابینبکات و ئەکتیڤکردنی ئامرازەکانی لەپێناو سنووردانان بۆ ئەم دیاردەیە کە هەڕەشە لە ئێستا و ئایندەی ئەم وڵاتە دەکات."

سەرۆک کۆماری عێراق گەندەڵیشی بەیاردەیەکی سنووربڕ وەسفکرد و رایگەیاند:"بەوهۆیەوە عێراق پارەیەکی زۆری زەرەر کرد کە بە ملیارەها دۆلار دەخەمڵێندرێت، ئامار و داتا حکومی و نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بۆ کۆی ئەو داهاتانەی عێراق لە نەوت دەستی کەوتوون لەساڵی 2003ەوە بە نزیکەی هەزار ملیار دۆلار دەخەمڵێنن، هەروەها پێدراو و ئاماژە هەن دەیخەمڵێنن بەلانیکەمەوە 150 ملیار دۆلار لە گرێبەستەکانی گەندەڵی بەقاچاخ براونەتە دەرەوە، ئەم پارە براوانە بەس بوو بۆ ئەوەی وڵات بخاتە دۆخێکی باشترەوە. گەندەڵی دژی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، رزق و رۆزیی خەڵک دەدزێت و ئیرادەی گەل لە پێشکەوتن و بونیاتنانەوە پەکدەخات و رێگە لە دەرفەتەکانی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون دەگرێت"[56].

## ❖ داهاتی دەروازە سنورییەکان

یەکێکی دیکە لەبوارو رێگاکانی ئەنجامدانی گەندەڵی لەعێراق، بریتییە لەگەندەڵی لەدەروازە سنورییەکان، عێراق 22 دەروازەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی هەیە، چاکسازی و کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنورییەکانیش یەکێکە لە خاڵەکانی بەرنامەی حکومەتەکەی کازمی، لەوبارەیەشەوە کازمی رایگەیاند:"لەچەند مانگی سەرەتاماندا ژمارەیەک دەروازەیەکمان لەژێر دەسەڵاتی میلیشیاکانی سەر بە حەشدی شەعبی دەرهێناوە"[57].

(د.جەمال کۆچەر)، پەرلەمانتاری یەکگرتوی ئیسلامی و ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمان عێراق بە تۆڕی میدیایی روداوی رایگەیاندوە: "گەندەڵییەکی یەکجار زۆر لە بەڕێوەبردنی دەروازە سنورییەکاندا دەکرێت و مافیای گەورەی گەندەڵی هەیە لەوانە بەشێک لەفەرمانبەران و بەڕێوەبەرەکانی ئەو دەروازانەن، کە لەگەڵ بازرگانەکان رێککەوتون، دەستکاریی جۆری کاڵا، گومرگ و پسوڵەکان دەکرێت، بۆ ئەوەی گومرگی کەمتربدرێت، لە بەرامبەر پێدانی بەرتیل بە فەرمانبەر و بەڕێوەبەرەکان". جەمال کۆچەر دەشڵێت: "چەندین جۆر گەندەڵی لە دەروازە سنورییەکاندا دەکرێت، ئەوەی کازمی کردوویەتی تەنیا یەک جۆر گەندەڵی چارەسەرکردوە، ئەویش رەوانەکردنی هێزی سەربازییە بۆ شەش دەروازەی

56 بەرهەم ساڵح: 150 ملیار دۆلاری عێراق بە قاچاخ براوەتە دەرەوە
57 ئەندامێکی لیژنەی دارایی: مافیای گەورەی گەندەڵی لە دەروازە سنوورییەکانی عێراقدا هەیە.

سنوری، کە پێشتر بە تەواوی لە دەست گروپە چەکدار و میلیشیاکاندا بوە، بەڵام تائێستا زۆربەی دەروازە سنورییەکان لەژێر هەژموونی حیزب و میلیشیاکاندان"[58].

هاوکات (د. ئەحمەد سەفار)، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "سەرەرای چەند هەوڵێکی ئەم کابینە نوێیە، بەڵام هێشتا حیزب و میلیشیاکان کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکانیان بەدەستە، بۆیە داهاتی ساڵی رابردوی ئەو دەروازانە زیادی نەکردووە"[59].

(سەباح عەکیلی) پەرلەمانتاری عێراق دەڵێت: "داهاتی خاڵە سنورییەکانی عێراق لەدۆخی ئاسایدا ٦ ملیار دۆلاری ساڵانەیە، بەڵام لەو برە ئەوەی دەگەرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، یەک ملیار دۆلار تێپەرناکات"[60].

وەزیری دارای عێراقیش دان بەم راستیەدا دەنێت و ژمارەیەکی زیاتر لەوەی سەباح عەکیلی، باس دەکات و دەڵێت: "تەنیا بری 10٪ی ئەو هەشت ملیار دۆلارەی کە بڕیارە لە گومرگەوە بگاتە خەزێنەی عێراق بەدەستمان دەگات"[61].

## ❖ داهاتی نەوت و سامانە سروشتییەکان

کەرتی نەوتی عێراقیش یەکێکە لەو سێکتەرانەی دیکە، کە گەندەڵییەکی بەرچاوی تێدا دەکرێت، لە ساڵی 2016 لێکۆڵینەوەیەک بەناوی (گەورەترین سکانداڵی بەرتیل لە جیهان) دەربارەی گرێبەستەکانی نەوت لە عێراقدا بڵاوبوەوە. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵێک بەرپرس لە عێراق، لەنێویاندا (حوسێن شەهرستانی)، جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری پێشوتری نەوت لە حکومەتی عێراق، بەرتیلەکان گەیشتبوە 25 ملیۆن دۆلار کە کۆمپانیای (ئۆنائۆیڵ) پێی بەخشیبو[62].

دواتر، (تەلاڵ زەوبەعی)، سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند: "شەهرستانی یەکێک لەو بەرپرسانەی تێوەگلاوە بەگەندەڵی و بری 600 ملیۆن دۆلاری لە وڵاتێکی دراوسێدا **هەیە**"[63].

(ئەردەڵان نوری)، ئەندامی پێشوی لیژنەی دەستپاکی لەپەرلەمانی عێراق لە 25ی ئۆکتۆبەری 2017 بەماڵپەری روداوی راگەیاندوە: "لیژنەکەیان کاریان لەسەر نزیکەی 24 هەزار دۆسیەی گەندەڵی کردووە و 90%ی گەندەڵییەکانیش لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکان دەکرێن و وەزارەتەکانی بەرگری و

58 ئەندامێکی لیژنەی دارایی: سەرچاوەی پێشو.
59 هەمان سەرچاوە.
60 منافذ العراق… ثروة تحت سيطرة الفاسدين.
61 علي علاوي: الوظيفة في المنافذ الحدودية، سەرچاوەی پێشو.
62 أونا أويل.. فضيحة فساد تلاحق قادة قطاع النفط في العراق .
63 لندن..محاكمة شركة "اونا اويل" بتهمة رشوة مسؤولين عراقيين.

نەوتیش دوو لەو وەزارەتانەن، کە زۆرترین گەندەڵیان تێدا کراوە. بەنمونە قەبارەی بەقاچاغبردنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان لەماوەی 5 ساڵدا گەیشتوەتە 90 ملیار دۆلار"[64].

(ئەحمەد جبوری)، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، دەربارەی گەندەڵی لەعێراقدا دەڵێت: "ئەو دزییەی لە 17 ساڵی رابردودا لە عێراق رویداوە، پێشتر هەرگیز نەبینراوە. گەندەڵی بەتەواوی دەزگا و دامەزراوە حکومییەکانی وڵاتدا رۆچوە. جیا لەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی وڵات، پارەیەکی یەکجار خەیاڵی خەرجدەکەن، هەر حیزب و لایەنە و بۆخۆی لە رێگەی میلیشیاکانییەوە، ساڵانە ملیۆنان دۆلار لە داهاتی نەوت دەدزرێت، ئەمە جیا لەوەی کۆمەڵێک کەس، کۆنترۆڵی هەمو ئابوریی وڵاتیان کردوەو ئێستا دۆخەکە بەشێوەیەکی لێهاتوە، پۆستە وەزارییەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و چەندین پۆستی دیکە، بەدەیان ملیۆن دۆلار لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا مامەڵەیان پێوەدەکرێت"[65].

لە دوای 2003ەوە کەرتی نەوت لە عێراقدا زۆرترین گەندەڵی تێداکراوەو زۆرینەی گرێبەستەکانی بواری نەوت لە رێگەی بەرتیلەوە دراون بە کۆمپانیای تایبەتو تائێستاش چەندین کەیسی بەرتیل وەرگرتن لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

لەوبارەیەوە، ڕاپۆرتە میدیاییەکان ئاشکرایان کردووە کە پۆلیسی ئوسترالی تۆمەتی گەورەیان ئاراستەی ”دەیڤید ساڤدج” ی تەمەن شەست ساڵ و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی کۆمپانیای لیتۆن کردووە، کە ناوبراو بەبڕی ٧٨ ملیۆن دۆلار بەرتیلی داوە لە بەرانبەر گرەنتی وەرگرتنی چەند گرێبەستێکی نەوتی قازانج بەخش لە عێراق، لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن کە کۆمپانیای (لیتۆن ئۆفشور) کە(لقێکی نێودەوڵەتی سەر بە کۆمپانیای لیتۆنە، لە ڕێگەی چەند کەس ولایەنێکی بەڵێندەرەوە، لەوانەش (یۆنا ئۆیل) بەرتیلی داوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دوو گرێبەست بۆ ڕاکێشانی بۆری نەوتی بەبڕی نزیکەی (٥.١) ملیار دۆلاری ئەمریکی. پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٩ دوو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی کۆمپانیای ئۆیل، دانیان بە پێدانی بەرتیلدا ناوە بە بەرپرسانی حکومی بێگانە بەمەبەستی بردنەوە وبەدەستهێنانی گرێبەستی نەوتی لە هەندێک وڵاتدا کە دیارترینیان ئازەربایجانو سوریاو عێراقن.[66]

لێکۆڵینەوە لەم کەیسە لە ساڵی ٢٠١٦ دەستی پێکرد، دەربارەی گەورەترین بەرتیل پێدان کە جیهان لە عێراقدا بینیویەتی، لێکۆڵنەوەکە کە لە لایەن هەردوو پێگەی (فێیرفاکس میدیا و هافینتگۆن پۆست)ەوە ئەنجامدراوە ئاماژەی بە ناوی چەندین بەرپرسی عێراقی داوە کە ڕاستەوخۆ لەم. ئابڕوچونەوە تێوەگلاون، لەناویشیاندا چەند وەزیرو بەرپرسێکی دیاری حکومی، جگە لە چەند کۆمپانیایەکی نەوتیی بیانی کە دیارترینیان کۆمپانیای (لیتۆن ویۆنا ئۆیل). لەونێوانەدا (باسل ئەلجەڕاح)، کەسێکی عێراقی دانیشتوی دەرەوەی عێراقەو خاوەنی پەیوەندییەکی بەربڵاوە لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستە لە عێراقدا لەپاش ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، باسل ئەڵقەی نێوەندگیری نێوان بەرپرسانی عێراقی ناو وەزارەتی نەوتو کۆمپانیای (یۆنا ئۆیل)ی ئێرانیە. لێکۆڵینەوەکان لەسەر سەدان نامەی ئەلیکترۆنی

64 عێراق حەوتەم وڵاتی گەندەڵی جیهانە.

65 بە ژمارە.. گەندەڵی و تاڵانکاریی پارە لە عێراقدا.

66 چۆن نەوتی عێراق دەدزرێت..؟؟ بەرپرسان ملیۆنان دۆلار بەرتیلیان وەرگرتووە، درەو.

باسل، دەریانخستووە کە لەم نامانەدا چەند کێڵگەیەکی نەوتی عێراقی فرۆشراون، بەرانبەر بە پێدانی ملیۆنان دۆلار وەک بەرتیل. لەونامانەدا باسل داوای لە کۆمپانیای هیۆندای کردووە کە بڕی ٧ ملیۆن دۆلار بەرتیل بدەن بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستێکی نەوتی بە بەهای ١٠٠ ملیۆن دۆلار. لەلایەکی دیکەوە، باسل لە ساڵانی ٢٠١٠ و٢٠١١ دا بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلاری وەک بەرتیل داوە بە بەرپرسانی عێراقی بۆ قایل کردنیان بۆ بەخشینی پشکێک بە کۆمپانیای لیتۆنی ئاوی، لە پڕۆژەی ڕاکێشانی هێڵی نەوت کە بەهای گرێبەستەکەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بووە. هاوکات لە ساڵی ٢٠١١ دا کۆمپانیا ئێرانیەکە گەورەترین بەرتیلی داوە لە مێژووی خۆیدا، کە بڕەکەی ١٦ ملیۆن دۆلار بووە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری بەرپرسێکی عێراقی لە گرێبەستی ڕاکێشانی هێڵی بۆری نەوتی کە بڕەکەی ٦٠٠ ملیۆن دۆلار بووە[67].

چیرۆکەکانی گەندەڵی لەعێراقدا هەمەجۆرەن و هەندێکیشیان، بۆ خەڵکی بونەتە مایەی گاڵتەجاری، وەک ئەوەی لە 13ی ئەیلولی 2018 لەنێو هۆڵی پەرلەمانی عێراقدا رویدا، کاتێک (عەلی عەللاق)، پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق بانگهێشتی پەرلەمانی عێراق کرا لەبارەی لەنێوچونی بڕی حەوت ملیار دینار لە بانکی ناوەندیی عێراق. عەلی عەللاق گوتی ئەو بڕە پارەیە لەنێوچوە بەهۆی ئەوەی قاسەی بانکی رافیدەین تێکچوە و ئاوی باران چوەتە ناوی[68].

ئەوانەی کەباسکرا نمونەی گەندەڵی چەند سێکەتەرێک بو، ئەوەش بەو واتایە نییە کە سێکەتەرو وەزارەتەکانی دیکەی عێراق لەگەندەڵی بەدەرن، بەپێچەوانەوە، گەندەڵی سەرجەم وەزارەتەکانی تەنیەوە. لەوبارەیەوە (عالیە نوسەیف) ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی لەپەرلەمانی عێراق دەڵێت:"دزینی ٩٠٪ی داهات و پارەی عێراق لەرێگەی گشت وەزارەتەکانەوە ئەنجامدراوە، بەتایبەت لەو وەزارەتانەی کەکاری گرێبەستی تێدا کراوە"[69]. ناوبراو دەشڵێت: "لەبەر ئەو هۆیەش ناوی ئەو دۆسیانەمان لەناو لیژنەی دەستپاکیدا ناوە دۆسیەی (نەوەت ٩٠)، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ دزین و بەهەدەردانی ٩٠٪ی پارەی گرێبەستەکان و گەرەناوەی تەنها ١٠٪ی بۆ دەوڵەت"[70]. ئەم ئامارە بەسە بۆ ئەوەی بزانرێت کەلەناو سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە حکومەییەکانی دەوڵەتدا لەعێراق چی دەگوزەرێت.

دەربارەی لێکۆڵینەوەش لەم هەمو دۆسیانەی گەندەڵی لەعێراقدا، دەستەی دەستپاکیی عێراق، لەرۆژی ١٨-٨-٢٠٢٠ راگەیەندراوێکی بلاوکردەوەو رایگەیاند: "لە ماوەی دو ساڵی رابردودا، کۆی ئەو کەسانەی تۆمەتی گەندەڵییان ئاراستەکراوە ژمارەیان زیاتر لە 10 هەزار کەسە، کە 13649 تۆمەتیان ئاراستەکراوە. لە نێویاندا 50 وەزیر یان خاوەنی پلەی وەزیر کە 73 تۆمەتیان ئاراستەکراوە، جیا لە

67 چۆن نەوتی عێراق دەدزرێت..؟؟، سەرچاوەی پێشو.
68 عاصفة سخرية بعد اعلان العراق "غرق 7 مليارات دينار".
69 "سرقة" 90 بالمئة من أموال الدولة في كافة الوزارات.
70 هەمان سەرچاوە.

480 بەرپرسی پلە جیاوازی تایبەت، وەک بەڕێوەبەری گشتی و کەسانی خاوەنی ئەو پلەیە کە 711 تۆمەتیان ئاراستەکراوە"[71].

هاوکات، (مەزهەر تورک)، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی (دامەزراوەی پسپۆر بە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی) رایگەیاند: "پرۆژە پشتگوێخراوەکان یەکێکە لە دۆسیە دیارەکان و بەهای ئەو پرۆژانە 36 تریلیۆن دینارە (30 ملیار دۆلار)، تیمەکانی لێکۆڵینەوەو وردبینی دەستەکەمان، کۆی ئەو پرۆژانەی بە 2736 پرۆژە دەستنیشانکردوە. دەستەکە لێکۆڵینەوەی لە 644 پرۆژەدا کردوە، کۆی تێچویان زیاترە لە پێنج تریلیۆن دینار، (١.٤ ملیار دۆلار)". مەزهەر تورک باسی لەوەش کرد کە کارەکانی دەستەکەیان لەو چوارچێوەیەدا رێگربوە لە بەهەدەردانی 4 تریلیۆن دیناری عێراقی ( 3.3 ملیار دۆلار)[72].

پەیوەست بەم پرسە، لە بودجەی گشتیی ساڵی 2014دا ئاماژە بەوەکراوە، نزیکەی 190 ملیار دۆلار بۆ شەش هەزار پرۆژە خەرجکراون، کە تەواونەکراون یان وەستاون، یاخود پرۆژەی وەهمین. بەهەدەردانەکانیش لەو چوارچێوەیەدا لە ساڵی 2003وە بە نزیکەی 300 ملیار دۆلار مەزەندە کراوە. لە بواری پیشەسازییدا 50 هەزار پرۆژەی پیشەسازی لە کەرتی تایبەتدا هەن، کە 85٪یان وەستاون، ئەوە جگە لەوەی کە 250 کارگەی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی وەستاون، یاخود بەرهەمهێنانیان زۆر کەمە[73].

بەمجۆرە گەندەڵی زۆربەی سێکتەرو کەرتەکانی عێراقی گرتوەتەوە، لەوانە (نەوت، بەرگری، ئاسایش، کارەبا و تەندروستی...)، بەپێی داتاو ئامارە کۆکراوەکان، قەبارەی گەندەڵی عێراق لە ساڵی 2003وە، زیاتر لە400 ملیار دۆلاری تێپەڕاندوە.

## دوەم: گەندەڵی خاڵی هاوبەشی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، پشکێکی گەورەیان لەو تاڵانی و بەهەدەردان و گەندەڵییەی بەردەکەوێت، کە لەناو عێراقدا هەبوەو هەیە. ئەوەی لەعێراقدا رویداوە، بەتایبەت لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە، بەرپرسانی کوردیش تیایدا بەشداربون. چی ئەوانەی لەهەرێمی کوردستان پۆستی حکومی و حزبییان هەبوە، چی ئەوانەشی لە بەغداد لەسەر پشکی کورد پۆستی باڵایان وەرگرتوە. هاوکات ئەوەی لەئێستاشدا لەهەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێت، هیچی کەمتر نییە لەوەی کەلە عێراقدا بونی هەیە.

ئامارو داتاو دۆسییەکانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا کەم نین و ئاماژەکان مەترسیدارن، ئەگەر چی زۆرجار بەرپرسانی کورد جیاوازی دەکەن لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیدا، بەوەی دۆخی هەرێمی کوردستان باشترە بەراورد بە عێراق، بەڵام بەبەراوردکردنی دۆخی گەندەڵی لەعێراق و هەرێم، لەگەڵ ئەو بنەما تیۆریانەی بۆ ناساندنی گەندەڵی و دیاریکردنی فۆرم و تایبەتمەندییەکانی ئەم

71 دەستپاکیی عێراق: لە دو ساڵی رابردوودا 50 وەزیر بە گەندەڵی تۆمەتبارکراون.
72 هەمان سەرچاوە.
73 عەلی زەڵمی، عێراق. ژمارە گەورەکانی گەندەڵی لە 2003 تاوەکو 2019.

دیاردەیە دانراوە، ئەوکات دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان بوارو شێوازو فۆرمەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی لەعێراق و هەرێمی کوردستانداو هەردولا پێکەوە بەتەواوەتی دەرگیری ئەم دەردە مەترسیداربون.

گەندەڵی لەعێراقدا دەکرێت بەو شێوازی گەندەڵییە بەراورد بکرێت کە لەزۆرێک لەوڵاتانی ئەفەریقی و وڵاتانی دواکەوتوی جیهاندا پەیرەوی لێدەکرێت. بۆ نمونە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دواکەوتو، جگە لەبەکارهێنانی سامانی وڵاتەکانیان بۆ مەبەستی تایبەتی، هاوکات بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری و لەترسی روودانی کودەتاو شۆرشی جەماوەری و لەترسی لێپێچینەوە، هەوڵدەدەن لەرێگەی سپی کردنەوەی پارەوە سەرمایەکەیان بگوازنەوە بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیان. ئەمەش وادەکات زۆرینەی پارەی ئەو وڵاتانە برواتە دەرەوەو زیاتر لەدەرەوە وەبەرهێنانی پێوەبکرێت. لەبەرامبەردا ئەو وڵاتانەش لە قازانجی وەبەرهێنانەکەش سودمەند نابن و ژێرخان و سەرخانی ئابوری وڵاتەکەش دادەتەپێت و لەکۆتاییشدا هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە باجەکەی دەدەن.

لەم روەوە تایبەتمەندی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، کەمێک جیاوازترە، لەهەرێم جگە لەبەکارهێنانی شێوازی بردنە دەرەوەی سەرمایەی هەرێم بۆ دەرەوە، هاوکات شێوازی گەندەڵی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی (الخلیج العربی)ش بەدیدەکرێت. بەنمونە بەشێک لەبەرپرسانی باڵاو کادیرانی حیزبی لەسەر شێوازی ئەفریقی سەروەت و سامانی کۆکراوەی خۆیان لەگەندەڵی، دەبەنە دەرەوەو لەوڵاتانی ئەوروپاو جیهان وەبەرهێنانی پێوە دەکەن، یاخود رێگای کرینی خانو، دانانی بزنسی بچوک و بەشداریکردن لە بزنسەکانی دیکە، پارەی کوردستان دەبەنە دەرەوەو سپی دەکەنەوە. بەڵام لەشێوازی گەندەڵی ئاسیای و کەنداوی عەرەبی، بەهۆی سەقامگیری سیاسی و ئابورییەوە، دەسەڵاتداران و بنەماڵەو توێژی دەسترۆیشتوی گەندەڵ، کەمتر پێوستیان بەبردنە دەرەوەی سەرمایەی خۆیانە بۆ دەرەوە، بەڵکو زیاتر لە ناوخۆدا وەبەرهێنانی پێوەدەکەن. لەئێستادا ئەم رێگەیە رۆژانە لەهەرێمی کوردستاندا تاقیدەکرێتەوە. بۆ نمونە، کاتێک سەیری سیمای شارەکانی هەرێمی کوردستان دەکەیت، بەتایبەتیش پارێزگاکان، ئەوا زۆرێک لەوشاری نیشتەجێبون و چێشتخانەو مۆڵ و بازاڕو مۆدێرنانەی دروستکراون. زۆرێکیان موڵکی بەپرسانی سیاسی و حزبییە، یاخود شەریکن، یان لەپشت ئەو پرۆژانەوەن[74]. بەم جۆرە دەکرێت بڵێین شێوازی ئەنجامدان گەندەڵی لەهەرێم بەهەردو رێگەکە ئەنجام دەدرێت، لەم روەشەوە فۆرمی گەندەڵی هەرێم تا ئاستێک لەپێش عێراقەوەیە.

بەڵام کاتێک بەراوردی قەبارەی گەندەڵی دەکرێت لەنێوان عێراق و هەرێمدا، دەردەکەوێت، کەجیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نییە، بەنمونە ئەوەی لەعێراقدا دەگوزەرێت بەناوی (دزین و بەهەدەردانی سامانی گشتی، خزمخزمێنەو دامەزراندنی فەرمانبەران، بونی فەرمانبەری بندیوار، پرۆژەی وەهمی، واسیتەو بەرتیلخۆری...هتد). هەمو ئەمانەش لەهەرێمی کوردستاندا بونیان هەیە، بەڵام بەبڕو قەبارەیەکی جیاوازو کەمتر. هاوکات ئەوەی لەماوەی ساڵانی رابردوادا رویداوە، دەریدەخات کەبەرپرسانی هەرێم لەو برە داهاتەی لە بەردەستیان بوە، درێغیان نەکردوە، لەئەنجامدانی گەندەڵی و

74 بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری (روانین)، رۆژی جیهانی گەندەڵی. کەناڵی کەی ئێن ئێن.

بەهەدەردانی سامان و داهاتی گشتی، تەنانەت لەهەندێک ڕووەوە دۆخی هەرێمی کوردستان خراپترە. بەتایبەت لەئاستی لێکۆڵینەوەو چاودێری کردن و سزادانی ئەنجامدەرانی گەندەڵیدا.

بۆ نمونە لەعێراقدا پرسی بەدواداچونی گەندەڵی، لەهەندێک قۆناغ و ئاستی دیاریکراودا گەیشتوەتە ئاستی لێکۆڵینەوە لەوەزیرو بەرپرسانی باڵاو وەرگرتنەوەی متمانە لێیان. وەک ئەوەی لەڕۆژی ٢٥-٨-٢٠١٦ رویدا، کاتێک پەرلەمانی عێراق زۆرینەی دەنگ، هەریەک لە (خالید عوبەیدی)، وەزیری بەرگری عێراق و (هۆشیار زێباری)، وەزیری دارایی عێراق، بەتۆمەتی گەندەڵی ئیداری و دارایی متمانەیان لێوەرگیرایەوەو لەکاردورخرانەوە[75]. هەرچەندە نمونەکانی عێراق لەم ڕووەوە زۆرنین و بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نمونەی لەم جۆرە تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا بەدیناکرێت و دەزگاو دامەزراوەکانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی لەهەرێم، بەهۆی دەستێوەردانی حیزبی و بەحیزبیبونی ئەندامانی ئەو دەزگایانەوە، بەتایبەتی پەرلەمان. نەیانتوانیوە لەماوەی تەمەنی حکومەتی هەرێمدا، بەرپرسێکی باڵای حکومەت بدەنە دادگاو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن، یاخود متمانەی لێوەربگرنەوە. تەنانەت هەندێک لەوانەی لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردودا بەرپرس بون لەگەندەڵی و نەهامەتی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، لەبری سزادان لەپەنای پارێزبەندی سیاسی و حیزبیدا بەرپرسیارێتی نوێیان پێدراوەتەوەو بەردەوام لەبازنەی دەسەڵات و حکومڕانیدا دەسوڕێنەوە.

خاڵێکی دیکەی جیاوازی، ئەگەر جیاوازیەکی کەمیش بێت، ئەوەیە گەندەڵی لەهەرێم، وەک ئەوەی رۆژانە لەعێراقدا بونی هەیە، بەتەواوەتی شۆڕنەبوەتەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاو سەرجەمی پێنت و دامەزراوەکانی نەگرتوەتەوە، بەتایبەت لەسەر ئاستی دامەزراوە خزمەتگوزاریی و سێکتەرە تایبەتییەکان. گومان لەوەدا نییە کەلە دامەزراوەکانی هەرێم لێرەو لەوێ رۆژانە شێوازەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی و دیاردەی بەرتیلدان بونی هەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی کەلە عێراقدا هەیە، بەمانایەکی دیکە، لەئێستادا دیاردەی بەرتیلخۆری، لەهەرێم تارادەیەک بەشاراوەیی، یاخود لەئاستێکی بەرتەسکدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەدامەزراوەکانی عێراقدا بەبرو قەبارەیی زۆرترو لەگۆشەیەکی بەرفراوانتردا ئەنجام دەدرێت، تەنانەت لەهەندێک شوێندا بۆ ڕایکردنی مامەڵەیەکی ئاسایی و ڕۆژانە بەبێ پێدانی بەرتیل کارەکە مەیسەرو تێپەڕ نابێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پەیوەست بەمەسەلەی شەفافیەت و ڕونی لەگەیشتن بە بەدەستهێنانی زانیاری، عێراق تارادەیەک لەپێش هەرێمی کوردستانەوەیە، بەنمونە لەمەسەلەی بەدەستهێنانی زانیاری و ئامارەکانی  بواری نەوت، لەعێراقدا ڕۆژانە ئەو ئامارانە داغڵ بەسیستم دەکرێن و ژمارەکان بۆ هەموان بەردەست دەبن. بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا ئەمە بەو جۆرە نییە، سەرەڕای بونای یاسای بەدەستهێنانی زانیاری، بەڵام نە یاساکە وەک ئەوەی هەیە، کاری پێدەکرێت، نەڕۆژنامەنوسان نەهاوڵاتیان و پەرلەمانتارانیش دەزانن دۆسیەی نەوت و ئامارەکانی دەرهێنان و فرۆشتن و هەناردەی نەوتی ڕۆژانە لەهەرێمی کوردستاندا بەوردو دەقیقی چۆنە.

75 البرلمان العراقي يسحب الثقة من وزير المالية هوشيار زيباري.
- البرلمان العراقي يقيل وزير الدفاع.

لەلایەکی دیکەوە ساڵانە لەعێراقدا پرۆژە یاسای بودجە ئامادەدەکرێت و رەوانەی پەرلەمان دەکرێت و دواتر پەسەند دەکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە، پلانی خەرجی و داهاتی ساڵانە دادەرێژرێت. بەڵام لەهەرێمی کوردستان ماوەی هەشت ساڵە پرۆژە یاسای بودجە بونی نیەو مەسەلەی داهات و خەرجییەکان زۆر بەناروونی لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە مامەڵەی پێوەدەکرێت.

دواجار سەرەرای گرتنەبەری ئەم رێکارانەو بونی دەزگاکانی بەرەنگاربونەوەی دیاردەی گەندەڵی و بونی ژمارەیەکی زۆر رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و دەزگای میدیایی، بەڵام هێشتا نەتوانراوە لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا دیاردەی گەندەڵی کەمبکرێتەوە یاخود سنورێکی بۆ دابنرێت.

بۆ نمونە کاتێک (حسێن یاسری)، سەرۆکی پێشوی دەستەی دەستپاکی عێراق، وەک نارەزایەتی بەرامبەر لاوازکردنی رۆڵی دەستەکەیان، لە٩ی ئایاری 2018 دەستی لەکارکێشایەوە، لەپەیامێکیشدا لەوبارەیەوە رایگەیاند: "لەماوەی سێ ساڵی کارکردنیدا لەسەرۆکی دەستەکە، ٢٩ هەزار دۆسیەی گەندەڵیان جوڵاندوە کەتیایاندا ٣٤ هەزار کەس تێوەگلابون لەگەندەڵی، بەڵام لەو ژمارەیە تەنها ٦ هەزار دۆسیەیان ئاراستەی دادگا کراون". پێشتریش رایگەیاندبو لەکۆی ١٢ هەزار دۆسیەی گەندەڵی تەنها لێکۆڵینەوە ١٥٪یان کراوە[76]. کەواتە هەمو ئەو رێکارانەی گیراونەتەبەر، تائێستا نەیانتوانیوە کاریگەری دروستبکەن، لەسەر پرسی بەهەدەردانی داهاتی گشتی، تەنانەت و تۆرەکانی گەندەڵی لەعێراق گەورەترو فراوانتربون.

هەمو ئەمانەش وایانکردوە، گەندەڵی لەعێراقدا بەردەوامبێت. لەئێستاشدا بە گوێرەی نوێترین ئاماری کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لەعێراقدا، هەژاریی لە عێراقدا بۆ ٣٤٪ بەرزبوەتەوە و هەژارییەکی زۆریش لە ناوچەکانی باشوری وڵاتدا دەبینرێت. بەجۆرێک ١٣ ملیۆن هاوڵاتی عێراقی داهاتی رۆژانەیان لەنێوان دۆلارێک بۆ دو دۆلاردایە[77]. ئەوە جگە لە هەزاران قوربانی و سەدان هەزار ئاوارە و وێرانکاریی بەهۆی تیرۆرەوە بە ملیاران دۆلار زیانی بە عێراق گەیاندوە، بەڵام گەندەڵی بەشێک لە بەرپرسانی عێراقی، زۆر خراپتری لەجەنگ و تیرۆر بەسەر هاوڵاتیان و عێراقدا هێناوە.

بەمجۆرە رۆژ بەرۆژ ئاستی گەندەڵی لە عێراقدا زیاتر دەبێت، تەنانەت گەندەڵی بەرادەیەک تەشەنەی سەندوەو کە شۆربوەتەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاش. لەلایەکی دیکەوە قەبارەی گەندەڵی لەئاستی دامەزراوەکانیشدا بەچەشنێک فراوانبوە، کەلەم کاتەدا هیچ دەستەو دامەزراوەیەکی روبەروبونەوەی گەندەڵی لەعێراقدا، پێی چارەسەر ناکرێت، چونکە بەشێک لەودامەزراوەو دەزگایانەش بونەتە درێژکراوەی سیستمی گەندەڵی لەعێراقدا.

76 العراق.. رئيس أعلى هيئة لمكافحة الفساد يستقيل من منصبه.

77 مفوضية حقوق الانسان: 13 مليون عراقي يحصلون على دولارين في اليوم.

# بەشی سێهەم گەندەڵی لەهەرێمی كوردستان

## یەكەم: مێژو و قەبارەی گەندەڵی لەهەرێمی كوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١

دیاردەی گەندەڵی، لەهەرێمی كوردستان دیاردەیەكی نوێ نییەو ڕەگوڕیشەیەكی دورودرێژی هەیە، ئاماژەكانی ئەم دیاردەیە لەدوای ڕاپەرینە جەماوەرییەكەی ئازاری ١٩٩١ و دروستبونی یەكەم حكومەتی كوردی بەدەركەوتن. گەندەڵی سەرەتا لەساختەكاریكردن لەیەكەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، بەتەزویركردن و دەستخستنە نێو پرۆسەی هەڵبژاردن دەستیپێكرد، دواتر لەگەڵ دامەزراندنی یەكەم كابینەی حكومەتی هەرێم لەساڵی ١٩٩٢ەوە ئەم دیاردەیە تەشەنەی سەندو لەو ڕۆژگارەوە تائێستاش بەردەوامە.

یەكێك لەدیارترین سیماكانی ساڵانی دوای ڕاپەرین، باڵادەستبونی ئەمیرەكانی جەنگ (War Lord) بو، ئەمانەش بەشێك لەو بەرپرس و دەسترۆیشتوە حیزبیانە بون، كەساڵانێكی دورودرێژ لەشاخ بون و دژ بەجەورو ستەمی ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق خەباتیان كردبو. بەشێك لەمانە دوای ڕاپەرینەكەی ئازاری ١٩٩١ لەسەر بنەمای شەرعیەتی شۆرشگێری، دەستیانكرد بە كۆكردنەوەی هێز لەدەوری خۆیان، لەوێوە دەستیانگرت بەسەر موڵك و ماڵی گشتیدا، دواتر كەوتنە بازرگانیكردن و بەهەدەردانی سامانی گشتی و هەناردەكردنی شمەك و موڵكی گشتی، بۆ دەرەوەی سنورەكانی هەرێم بەرێگای قاچاخ.

سەرەتای بەئاشكرا دەركەوتنی گەندەڵی لەو سەردەمەدا، دەگەرێتەوە بۆ ئەو كاتەی كەحزبە سیاسییەكان، بەتایبەتی (یەكێتی و پارتی)، ڕێككەوتن لەسەر دابەشكردنی داهاتەكانی كوردستان لەنێوان خۆیاندا، لەنمونەی داهاتی خاڵە سنورییەكان، دابەشكردنی داهات و هاوكارییەكانی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان. ئەمەش سەرەتای بەكارهێنانی سامانی گشتی بو، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی. هاوكات لەو سەردەمەدا، هەرێمی كوردستان كەوتبوە ژێر باری گەمارۆیی حكومەتی ناوەندی، دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستانیش لە ڕوی ڕاپەڕاندنی ئەركە ئیدارییەكانەوە لاواز بون، لەلایەك بەهۆی كەمی و نەبونی كارمەندو فەرمانبەری لێوەشاوەو پسپۆر، لەلایەكی دیكە بەهۆی لاوازی هەستی بەرپرسیارێتیی كاركردن و پابەندنەبون بە جێبەجێكردنی یاسا و بەفیرۆدانی سامانی گشتیی وڵات. ئەم دۆخەش بوە هۆكاری سەرهەڵدانی ڕۆتیناتی ئیداری و دیاردەی قۆرغكاریی و بڵاوبونەوەی دیاردەی واستەو تەزویركردنی بروانامەو بەڵگەنامە فەرمییەكان و قوڵبونەوەی دەستی حیزب لەكاری حكومەتدا...). هەمو ئەمانەش بون بەفاكتەری دەركەوتن و تەشەنەسەندنی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستاندا.

لەوقۆناغەدا پێكدادانی بەرژەوەندییە حیزبیی و كەسییەكان گەیشتە ئاستێك، كە ململانێی قوڵ و نەسازانی حیزبی لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەكان هێنایە ئاراوە، سەرئەنجام ئەمەش بوە هۆكاری

دروستبونی جەنگی ناوخۆ لەنێوان حیزبەکانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٤دا. ئەم جەنگەش نزیکەی شەش ساڵی خایاند، سەرئەنجام جگە لەزیانی مادیی بۆ هەرێمی کوردستان، بەهەزاران هاوڵاتی و رۆڵەی ئەم وڵاتەشی کردە قوربانی بەرژەوەندیی بەرتەسکی حیزبی.

دوای ئەم قۆناغەش، دیاردەی دو ئیدارەی لەنێوان سلێمانی و هەولێر لەسەر دەستی یەکێتی و پارتی هاتە ئاراوە. کەهەتا ئەمرۆش ئەم هەرێمە بەدەست ئاسەوارەکانیەوە دەناڵێنێت. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەغدا لەساڵی 2003 و دواتر ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ستراتیجی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان)، جارێکی تر پارتی و یەکێتی، لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی رێککەوتن و حکومەتی یەکگرتوی هەرێمان راگەیاند. بەڵام تائێستاش ئەم یەکگرتنەوەیە، بەفیعلی رۆنەچوەتە نێوسەرجەم دامەزراوەکانەوەو دیاردەی دو دەسەڵات و دو ئیدارەیی و دوهێزی پێشمەرگە... تائەمرۆش سیمای دیاری ئەم حکومەتە یەکگرتووەیە.

لەمبارەیەوە (د.بورهان یاسین)، نوسەرو لێکۆڵەری کورد، لەنوسینێکیدا دەربارەی ئەزمونی ١٨ ساڵەی حکومڕانی و یەکگرتنەوەی دوئیدارەکە، لەساڵی ٢٠٠٩دا نوسیویەتی: "لەراستیدا دوای "یەکگرتنەوەی" دو حکومەتەکەی یەکێتی پارتی، لەبری یەک حکومەت، سێ حکومەت هاتنە کایەوە: حکومەتێکی بەهێزی پارتی، حکومەتێکی لاوازی یەکێتی، حکومەتێکی لاوازی هاوبەش"[78].

دەربارەی دیاردەی گەندەڵیش لەسایەی فەرمانرەوایەتی حکومەتی پارتی و یەکێتیدا، (د.بورهان یاسین) دەڵێت:"گەندەڵی لەماوەی ئەو هەژدە ساڵەدا گەیشتە ئاستی هەرەشەکردن لەئاسایشی نەتەوەیی باشوری کوردستان".دەربارەی دیارترین رەهەندەکانی گەندەڵی لەهەرێم دەشڵێت: "لەم سیاقەدا گرنگە ئاماژە بۆ چوار رەهەندی ئەو گەندەڵییە بکەین[79]:

1. لەرێگەی هاوپەیمانی یەکێتی و پارتی، گەندەڵی گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار، ئەم گەندەڵیە بوە هۆکاری شاردنەوەی گەندەڵی و ئیفلیجکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و هێشتنەوە بەهێزکردنی باڵادەستی حیزب بەسەر حکومەتدا، لەبری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

2. بەهۆی ئەم ستراتیژە مەترسیدارەی گەندەڵیەوە، خەڵک باوەری بەنەتەوەبون و دەسەڵاتی سیاسی و حزبە دەسەڵاتدارەکان زۆر لاوازبو، ئاستی متمانەبونیش بەدەسەڵات و دەسەڵاتداران گەیشتە ئاستێکی هەرە نزم.

3. سەرهەڵدانی شێوازی دو دەوڵەتی هاوتەریب، واتە بونی دەوڵەتی رەسمی، پەرلەمان و کابینەو دامەزراوە رەسمییەکان لەلایەک، هاوکات بونی دەوڵەتی شاردراوەی دو حیزبەکەو دارودەستەیان (دەوڵەتی قوڵ) لەلایەکی دیکەوە. ئەمەش بەواتایەکی دیکە واتە بونی دەوڵەتی ئابوری رەش و کۆمپانیا وەهمیەکان و و قاچاغچیێتی بەنەوت و سەرچاوەکانی تری دەوڵەمەندی و کۆمپانیا

78 د. بورهان یاسین، لەقوڵایی سیاسەتدا، لا ١٥٩.
79 هەمان سەرچاوە، لا ١٥٩-١٦٠-١٦١.

زەبەلاحەکانی دو حیزبەکەو کەسە بەهێزەکانی دو بنەماڵەو هەندێ پێکهاتە، کەلە شێوازی چالاکی و ماهیەتیاندا زیاتر لەمافیا دەچن تاهەرشتێکی تر.

4 .ئەزمونی ئەو هەژدە ساڵە بەشێوەیەک لەشێوەکان "دوبارەبونەوەی" مێژوی لێکەوتوەتەوە.

د.بورهان دەشڵێت:"بەمجۆرە هەردو حیزبەکە لەرێی هاوپەیمانێتیەکەوە، دەسەڵاتی رەسمی و دەسەڵاتی شاردراوەیان کۆنترۆڵکردوەو هەر لەرێگەی ئەو هاوپەیمانێتیەشەوە ئەو دو حیزبە بەیەکەوە گرێدراو پارێزراون".[80]

لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئاستی عێراق، لەساڵی ۲۰۰۵، بە بەشداری کوردو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، حکومەتێکی هاوپەیمانی لەعێراقدا دروستکرا. ئەمەش دەکرێت وەک سەرەتایی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی گەندەڵی لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا خوێندنەوەی بۆ بکرێت. چونکە دوای ئەو مێژوە، ئیتر دیاردەی گەندەڵی لەعێراق هەرێمی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی دیکەوەو گەندەڵی وردە وردە گەیشتە لوتکە.

ئەوکات بەپێی مادەکانی ۱۱۷ لە دەستوری هەمیشەیی عێراق، هەرێمی کوردستان، وەک هەرێمێکی فیدرالی، بەو دەسەڵاتەی کەتیایدایەتی دانپێدانرا. بەڵام ئەوەی لەواقیعی ئەم هەرێمەدا تائێستا بەتەواوی دەبیندرێت بریتییە لە: بونی دو دەسەڵاتی حیزبیە، بونی دو هێزی چەکدارە، بونی سیمای دو ئیدارەیی. ئەمەش وایکردوە کەهەرێم دوای ۳۰ ساڵ لەحکومرانی نەبێتە خاوەنی حکومەت و هێزو ئابوری و پەروەردەو پەیوەندی نیشتمانی...هتد، چونکە سەرجەمی دامەزراوەکان و ئەو دەسەڵاتانەی ئێستای هەرێم، لەلایەن دو حیزبەوە مۆنۆپۆلکراون و بەرێوەدەبرێن و لەپێناو بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبی سودیان لێدەبیندرێت، نەک بەرژەوەندی گشتی و نیشتیمانی.

## دوەم: بوارەکانی ئەنجامدانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان

بەشێوەیەکی گشتی فۆرمەکانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان لەسەرجەم بوارەکانی (ئیداری و ئابوری و سیاسی و یاسایی و سەربازی و پەروەردە ...هتد) رەنگیداوەتەوە. رەنگە بە ئەستەم بوارێک مابێت گەندەڵی تێدا ئەنجام نەدرابێت، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە، بڕ و قەبارەی ئەنجامدانی گەندەڵی دەگۆرێت. لە ئێستادا گرنگترین و دیارترین ئەو بوارانەشی گەندەڵیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بریتین لە بوارەکانی:

- ✔ دەست بەسەرداگرتنی دامەزراوەو سەرچاوە سەرەکیەکانی داهات و گومرگەکان.
- ✔ کەرتی نەوت و گازو گرێبەستی کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان.
- ✔ دزین و بەهەدەردانی سامانی گشتی لەلایەن حزب و بەرپرسانی سیاسییەوە.

---

80 د. بورهان یاسین، لا١٦٣.

- ✔ دەستبەسەرداگرتنی زەوی کشتوکاڵی و زەوی شارەوانی و گۆڕینی رەگەزی زەوی، لێخۆشبون لەزیادەرەوەییەکانی سەر موڵکی گشتی.
- ✔ زیادەڕەوی و بەخشینی موڵک و ماڵی گشتی، تەندەر، پرۆژە ئابوری و پیشەسازییەکانی حکومەت، بەکەس و کۆمپانیا حزبییەکان.
- ✔ پاوانکردنی پرۆژەکانی بواری (پیشەسازی، وەبەرهێنان، بازرگانی، گواستنەوەو گەیاندن، نیشتەجێکردن، ڕێگاوبان، تەندروستی و دەرمان، پەروەردەو زانکۆ، سوتەمەنی، کارەبا، سەربازی و ئەمنی و سیکیوریتی... لەلایەن کەس و کۆمپانیا حیزبییەکانەوە).
- ✔ گەندەڵی و دیاردەی بەرتیل و واستەکاری و خزمخزمێنە و نەدانی باج، لەوەزارەت و فەرمانگەکان بەگشتی.
- ✔ دامەزراندنی هەزار کەس لە کەرتی گشتی و سەرهەڵدانی دیاردەی (فەرمانبەری بندیوار).

لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەر هەر یەکێک لەوبوارانە بوەستین و گفتوگۆیان لەبارەوە بکەین.

## ❖ گەندەڵی لەبودجەی گشتیدا

لەوسەردەمەدا بەشی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق، بەپشکی 17% دیاریکرا. لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ەوە ئەو بەشە بودجەیە بۆ هەرێم دەنێردرا. بەمجۆرە هەرێم لەپاڵ داهاتە ناوخۆییەکاندا بوە خاوەن ١٧٪ی داهاتی عێراق، ئەمەش بڕو ڕێژەیەکی زۆر بو بۆ هەرێمی کوردستان لەوکاتەدا. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە دابەشکردنی ئەم داهاتەدا بیرۆکەو بەرژەوەندیی حزبی و تاکەکەسی پەیڕەو دەکرا، سەرەڕای نەبونی چاودێریی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر خەرجکردنی ئەو داهاتانە، ئەمە بوە هۆکار بۆ بەرفراوانبونی ئاستی بەهەدەردان و دزینی داهاتی گشتی و بەرفراوانبونی قەبارەی گەندەڵی لەتەواوی ئاستە جیاوازەکانی سیاسی، ئابوری و دارایی...هتد، لەگەڵ دروستبونی کاریگەریی نەرێنیی و دروستبونی هەستی جیاوازی و قوڵبونەوەی دیاردەی چینایەتی، لەهەرێمی کوردستاندا.

بۆ نمونە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی (محمد عواد العتابي) لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٤ تەنها لەعێراقەوە (٩١،٠٧٦،٩٨٨) نەوەد و یەک ترلیۆن و حەفتاو شەش ملیار و نۆسەد و هەشتاوهەشت ملیۆن دینار، هاتوە بۆ هەرێمی کوردستان. واتە نزیکەی (٧٦) ملیار دۆلار نێردراوە بۆ هەرێم لەلایەن بەغداوە[81]. ئەوکات ژمارەی موچەخۆرانی هەرێم نەگەیشتەبوە یەک ملیۆن کەس، (بەڵام لە ئێستاشدا ژمارەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان 1 ملیۆن و 255 هەزارو 273 کەسە، موچەی مانگانەشیان 898 ملیار دینارە. بەوتەی سەرۆکی حکومەت لەئێستادا ٨٠%ی داهاتی هەرێم بۆ موچەخۆران دەڕوات، (کە ٢٠%ی دانیشتوانی هەرێم پێکدێنن)[82]. کەواتە لەماوەی ئەو ١١ ساڵەدا لەوبڕی ٧٦ ملیار دۆلارە، ئەگەر نزیکەی ٨٠%ی ئەو بڕە ڕۆشتبێت بۆ موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و خەرجی وەزارەتەکان (بودجەی بەکاربردن) و پرۆژەی خزمەتگوزارییەکان، کەواتە ئاواش زیاد لە ١٥ ملیار دۆلار لە بەشە

81 د. یوسف محەمەد سادق، دوای دانپیانان چارەسەر چیە؟
82 ژمارەی موچەخۆرانی هەرێم.

بودجەی هەرێم لە بەغداد دەمێنێتەوە. ئەمە سەرەڕای پارەی گومرگەکان، کە لەو ١١ ساڵەدا زیاتر لە 15 ملیار دۆلار بوەو داهاتەکانی دیکەش، بەچەندین ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. هەر لە ساڵی ٢٠١٤ەوە تا ئێستاش حکومەتی هەرێم ١٢موچەی تەواو و ٣٤ پاشەکەوتی موچەی موچەخۆرانی خۆی قەرزدارەو تائێستا چارەنوسی نادیارە. ئەوە جگە لەوەی ئێستا موچەی مانگانەی فەرمانبەران بەلێبڕینی ٢١% دابەش دەکرێت.

کوردستان دەربارەی قەرزەکانی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، د.ئامانج رەحیم، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی لەپەرلەماندا رایگەیاند "قەرزەکانی سەر حکومەت لەئێستادا گەیشتوەتە 31 ملیار و 637 ملیۆن دۆلار"[83]. ئەوەش دوای راستکردنەوەی تەواوی موچەی پێنج مانگی موچەخۆران لەساڵی ٢٠٢٠ کە برەکەی (سێ ملیار و 159 ملیۆن دۆلار) بو، ئەمەش خرایە سەر پابەندییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەش پابەندیی دارایی حکومەت لە (28 ملیار و 477 ملیۆن دۆلار)ەوە بو بە (31 ملیار و 636 ملیۆن دۆلار[84].

هەر پەیوەست بەم بابەتەوە، بەپێی توێژینەوەیەکی فەرمانگەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی عێراق دەردەکەوێت، بری ئەوپارانەی کەلەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ هەرێم نێردراوە، لەگەڵ ئەو پارانەی کەهەرێم لەفرۆشتنی نەوت و داهاتە ناوخۆییەکان بەدەستیهێناوە، زیاترە لەوبرەی کەلە سەرەوە باسکرا.

توێژینەوەکە لەسەر داوای پەرلەمانتار (هودا سەجادی)، لەتشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠دا ئەنجامدراوە، لەلایەن لێکۆڵەر ئیبتیسام عەبدولەتیف محمد. ناوەرۆکی توێژینەوەکەش تایبەتکراوە بەپشکی هەرێم و بری ئەو پارانەی لەبەغداو بۆ هەرێم نێردراوە، لەگەڵ بری ئەو نەوتەی حکومەتی هەرێم لەدەرەوەی کۆمپانیای سۆمۆ فرۆشتیەتی لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٩). لەدەستپێکی توێژینەوەکەدا هاتوە:"حکومەتی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥-٢٠١٩، واتە لەماوەی ١٤ ساڵدا بڕی (٩٦ تریلیۆن و ١٩٦ ملیار و ٥٠٣ ملیۆن دینار)ی عێراقی، پارەداری حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردوە[85].

حکومەتی هەرێم لەوماوەیەدا پشت بەست بەو ئامارانەی رادەستی وەزارەتی دارای عێراقی کردوە، کۆی داهاتە ناوخۆییەکەی (٢ تیلیۆن و ٢٧٣ ملیار و ٤٣٠ ملیۆن دینار)ی عێراقی بوە، هەرچەندە حکومەتی هەرێم لە٢٠١٣ەوە بۆ ٢٠١٩ هیچ داهاتێکی رەوانەی بەغدا نەکردوە. بەمەش کۆی ئەو داهاتەی حکومەتی عێراق لەو ١٤ ساڵەدا رەوانەی هەرێمی کردوە، برەکەی بریتییە لە (٩٣ تریلیۆن و ٩٢٣ ملیار و٧٣ ملیۆن دینار)ی عێراقی[86].

هاوکات، لەبەشێکی دیکەی توێژینەوەکەدا، بری ئەو داهاتەش هەژمارکراوە، کەحکومەتی هەرێم، لەدەرەوەی کۆمپانیای سۆمۆ، لەرێگەی فرۆشتنی نەوت بەسەربەخۆ لەرێگەی بەندەری جەیهان، لەماوەی

83 د. ئامانج رەحیم: قەرزداریی حکومەت گەیشتووەتە 31 ملیار و 637 ملیۆن دۆلار
84 سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران: زیادبوونی قەرزەکەی حکومەت بەهۆی پارەی مووچەیە.
85 ابتسام عبداللطيف محمد: لا١.
86 هەمان سەرچاوە، لا١_٢.

سالأنی ٢٠١٤-٢٠١٩ بەدەستیهێناوە. بەپێی زانیاریەکانی نێو توێژینەوەکە هەرێم لەو پێنج ساڵەدا بری ٤٠ ملیار دۆلارو ٧٠٣ ملیۆن دۆلاری لەسەربەخۆ فرۆشتنی نەوتەوە دەستکەوتوە، کەبەرامبەرە بە ٤٧ ترلیۆن و ٩٦١ ملیۆن دیناری عێراقی. لەبەرامبەر هەناردەکردنی ٧٩٥ ملیۆن و ٤٦ هەزارو ٦٧٤ بەرمیل لەو ماوەیەدا. لەئەنجامی کۆکردنەوەی ئەم داهاتەش، لەگەڵ ئەو داهاتەی پێشو کەباسکرا، هەرێم لەماوەی ئەو ١٤ ساڵەدا، بری ١٤١ تریلیۆن و ٨٣٣ ملیار و ٨٣٠ ملیۆن دیناری عێراقی لەبەردەستدا بوە. ئەوە بەبێ ئەو داهاتە بۆماوەیی (ایرادات الفعلیە) کەلەحکومەتی ناوەندی دەستکەوتوە، لەو ماوەیەدا[87].

بەمجۆرە روندەبێتەوە کەتەنها لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، برێکی زۆر پارە هاتوەتە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا برێکی زۆر لەو داهاتە گشتییە دیارنییەو بەهەدەردراوە، یاخود چوەتە خەزێنەی بەرپرسانی دو حزبە فەرمانڕەواکەوە.

لەمبارەیەشەوە، عەدنان موفتیی سەرۆکی پێشوتری پارلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا رایگەیاندوە:"لە ساڵی 2004وە تا سەرەتای ساڵی 2010، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانە هەریەکەی 35 ملیۆن دۆلاریان بۆ خۆیان بردوە". بەواتا بە هەردو حیزبەکە مانگانە 70 ملیۆن دۆلاریان بردوە، بەو پێیەش ساڵی دەکاتە 840 ملیۆن دۆلار، واتە لەو شەش ساڵەدا یەکێتی و پارتی پێنج ملیار و 40 ملیۆن دۆلاریان لەخەزێنەی گشتی بردوە بۆ بۆ خۆیان[88].

## ❖ گەندەڵی لەکەرتی نەوت و سامانی سروشتی

کەرتی نەوت و گاز، یەکێکی دیکەیە لەو سێکتەرانەی کەبوەتە سەرچاوەیەکی گەورەی گەندەڵی و نەهامەتی بۆ خەڵکی کوردستان، لەبەرامبەردا بوەتە پشتێنەیەکی گەورەی ئابوری، بۆ توانای مادیی هەردو پارتی دەسەلاتدار و سەرچاوەو هۆکاری کێشە بەردەوامەکانی هەرێم، لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەبەغدا.

وەک ئاشکرایە هەرێم دەوڵەت نییە، لەبەر ئەم هۆکارەش دەلالەکانی نەوت، لەبازارەکانی جیهاندا نەوتی بۆ دەفرۆشن، بەم هۆیەش نرخی نەوت هەرێم، بە نرخی کەمتر لەنەوتی عێراق و نەوتی ولاتان، لە بازاڕ نەوت دەفرۆشێت. بۆنمونە، نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم نزیکەی ٧ دۆلار لەخوار نرخی برێنتە. لە کاتێکدا نەوتی عێراق ٤ دۆلار لە خوار نرخی برێنتە کەواتە لێرەش بۆ هەر بەرمیلێک لە چاو عێراق، هەرێم سێ دۆلار زیان دەکات[89]. بۆ نمونە، هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوتەکەی پێویستی بە بەرێوەبەرو دەلالە، ئەو کەسەش لەئێستادا کەسێکی بە ڕەچەڵەک پاکستانییە، کە بە ناوی (مورتەزا لاخانی)، کە ئەو کارە بۆ بەرپرسانی نەوتیی هەرێمی کوردستان دەکات. مورتەزا لەرابردودا، وەک نوێنەری کۆمپانیا گلینکۆری بەریتانی-سویسری لە بەغدا کاری کردوە. دواتر لەرێی ئاشتی هەورامی (وەزیری پێشوی سامانە سروشتییەکانی هەرێم) دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان و دەبێتە

87 هەمان سەرچاوە، لا_٤١.

88. محەمەد ڕەئوف، پارەی ژێرزەمینەکان.. حیزبی ملیاردێرو حکومەتی موفلیس

89 د. یوسف محەمەد سادق.

بەشێک لە کەرتی نەوتی هەرێم. کاری مورتەزا دۆزینەوەی ئەو کەشتیانە بوە، کە رازی دەبن بە گواستنەوەی نەوتی هەرێم، لە بەندەری جەیهانی تورکیەو بۆ ئەوروپا[90].

ڕۆژنامەی بلۆمبێرگ لەراپۆرتێکدا لەمبارەیەوە نوسیویەتی: "کەسێک بە ناوی مورتەزا لاخانی، خەڵکی وڵاتی پاکستان دەلاڵی بۆ نەوتی هەرێم دەکات و چەندین ملیار دۆلار پارەی نەوتی هەرێم دەچێتە حیسابی ئەو، لە ڕێگای کۆمپانیاکانیەوە لە وڵاتانی ئەمریکایی و دواتر لەوێوە دەیگوازێتەوە بۆ هەرێم".بەواتایەکی دیکە پارەی نەوتی هەرێم، دەخرێتە سەر ژمارە بانکی مورتەزا لاخانی، نەک ژمارەی بانکی تایبەت بە حکومەتی هەرێم. لەمبارەیەوە لەبەشێکی راپۆرتەکەی بلومبێرگدا هاتوە:"مورتەزا لاخانی بە یەکجار ٨٠٠ ملیۆن دۆلاری لەرێگەی بانکێکی روسی لە زیوریخی سویسراوە بەرێگەی ئەلکترۆنی حەواڵە کردوە بۆ بانکی Citigroup Inc ی نیورۆک، پێش گەیشتنی بە نیویۆرک، پارەکە یەکسەر حەواڵە کراوە بۆ بەیروتو چوتە سەر حسابی کۆمپانیایIMMSی مورتەزا لاخانی لە بانکی BankMedی لوبنانی. بەپێی راپۆرتەکە، ئەو ٨٠٠ ملیۆن دۆلارە، لەلایەن کۆمپانیا رۆزنەفتی روسییەوە، وەک قەرز لەبەرامبەر نەوت دراوە بە حکومەتی هەرێم[91].

بلومبێرگ ئاشکراشی کردوە بڕی 6 ملیار دۆلار لە دو ساڵی داهاتودا لەلایەن رۆزنەفتەوە دەدرێت بە حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر فرۆشتنی نەوتدا، بەڵام پارەکە ناچێتە سەر حیسابی حکومەتی هەرێم، بەڵکو دەچێتە سەر حیساباتی لاخانی، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆری قازانج بۆ لاخانی، چونکە بۆ هەر سەد ملیۆن دۆلارێک 10 ملیۆن دۆلار قازانجی لاخانییەو وەک سود وەری دەگرێت[92].

ئەمەش لە کاتێکدایە، کەساڵی ٢٠١٩ دۆسێی بونی یەک ملیار دۆلاری پارەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەبانکێکی لوبنان ئاشکرا کرا، بەپێی قسەی مورتەزا لاخانی، موچەی مانگانەی لەلایەن حکومەتی هەرێم یەک ملیۆن دۆلار بوە، بەڵام دواتر بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێم موچەکەی بۆ 250 هەزار دۆلار کەمبوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا بڕی یەک ملیار دۆلار خراوەتە سەر حیسابی لاخانی لە لوبنان[93].

بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی رۆیتەرز، بڕی ئەو یەک ملیار دۆلارەی داهاتی نەوتی هەرێم کە خراوەتە سەر حسابی کەسێک بە ناوی مورتەزا لاخانی، ئێستا لەبانکی دەریای ناوەڕاست لوبنان سڕکراوە، بە هۆی ئەوەی ئەو پارەیە بەشێوەیەکی گوماناوی لەهەرێمی کوردستانەوە براوەتە دەرەوە. بەپێی زانیاریەکەی ئاژانسی رۆیتەر، مورتەزا لاخانی لە دادگایەکی ئەمریکا سکاڵای لە بانکەکە کردووە، ئەویش دوای ئەوەی داواکەی بۆ بەدەستهێنانەوەی پارەکە لە دادگاکانی لوبنان سەرکەوتو نەبوە[94]. لەبارەی دەستکەوتە کەسییەکانی لەنەوتی هەرێم، لەساڵی ٢٠١٥ مورتەزا لاخانی لەچاوپێکەتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی فایناشناڵ تایمزدا گوتویەتی:"موچەی مانگانەم لەلایەن حکومەتی هەرێم یەک ملیۆن دۆلار

90 پاکستانییەک خاوەنی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانە.

91 :Jack Farchy and Javier Blas

92 هەمان سەرچاوە.

93 Dmitry Zhdannikov , Eric Knecht
94 Dmitry Zhdannikov

بوە، بەلام دواتر بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێم موچەکەم بۆ 250 هەزار دۆلار کەمکراوەتەوە". وەک دەبینین بڕی یەک ملیار دۆلاریش خراوەتە سەر ژمارە حیسابیەکەی لەبانکی دەریای ناوەڕاست لەولاتی لوبنان[95].

د.یوسف محمد سادق، سەرۆکی پێشوی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتاری ئێستای عێراق، لەنوسینێکدا بەناوی (دوای دانپیانان چارەسەر چییە[96]) لەدو بەشدا بەوردی تیشکی خستوەتە سەر کێشەو گیروگرفتەکانی کەرتی نەوت و وزەی هەرێمی کوردستان، لەبەشی یەکەمی نوسینەکەیدا دەلێت: "تێچونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم، زیاترە لە تێچوی بەرهەمهێنانی نەوتی کێلگەکانی عێراق. بە وتەی (سامر غەزبان)، وەزیری پێشوی نەوتی عێراق، لەبەر ئەم هۆکارەش هەرێم (٥٥٪)ی پارەی فرۆشی نەوتەکەی دەستدەکەوێتەوە، واتە نزیکەی ٤٥٪ی داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەرێم، دەڕوات بۆ کۆمپانیاکان و کرێی گواستنەوەی نەوت (ڕوسنەفت و کار). لەکاتێکدا عێراق زیاتر لە (٨٦%)ی پارەی فرۆشتنی نەوتەکەی دەست دەکەوێتەوە".

بەمجۆرە هەرێم لەدوای ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی سەربەخۆ فرۆشتنی نەوت، سەدان ملیۆن بەرمیل نەوت و داهاتی ئەم سێکتەرە گرنگەی هەرێم هەرزانفرۆش کراو بەنرخێکی کەم بەهەدەردرا. سەرئەنجام، ژمارەیەک بەرپرس و کۆمەلێک کۆمپانیا بونەتە سودمەندی ئەم سێکتەرە. لەبەرامبەردا هاولاتیان و نەوەی ئێستاو داهاتوی هەرێمیش زەرەرمەندی یەکەمن. بەردەوامیش بەم هۆیەوە بارگرانی زیاتریان دەکەوێتە سەر شان. لەنمونەی دۆڕاندنی کەیسێک لەدادگا بەکۆمپانیای دانەگاز، بەهۆی ئەو گرێبەستەی لەنێوان حکومەتی هەرێم و ئەو کۆمپانیایەدا ئەنجامدرابو، کەسەرئەنجام کۆمپانیاکە ڕێگەی دادگای گرتەبەرو بەهۆیەوە حکومەتی هەرێم ناچارکرا بڕی دو ملیارو دوسەدو چل ملیۆن دۆلار. قەرەبو بداتە ئەو کۆمپانیایە. د. یوسف لەمبارەیەوە دەنوسێت: "بە هۆی ئەو کێشەیەشەوە، پرۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنان لە نزیک قەزای چەمچەماڵ بە بڕی ١٠ ملیار دۆلار پەکی کەوت کە بریتی بو لە کارگەیەکی پەترۆکیمیایی و پەیمانگایەکی نەوت و زانکۆیەکی تەکنەلۆجی و پێنج هەزار یەکەی نیشتەجێبون بە بازاڕ و نەخۆشخانە و خوێندنگا و سینەما و سەرجەم پێداویستیەکانەوە. بۆ داپۆشینی ئەو دۆسیەیە، حکومەت و دەسەلاتدارانی هەرێم، هەڵەیەکی دیکەی گەورەترو کوشندەتریان ئەنجامدا. ئەوەبو دەسەلاتی هەرێم ساڵی ٢٠١٧ گرێبەستێکیان لەگەڵ کۆمپانیای ڕوسنەفتی ڕوسی کرد بۆ وەرگرتنی بڕی دو ملیار و سەد ملیۆن دۆلار وەک قەرز، لەو پارەیە یەک ملیار دۆلاریان دایەوە بە دانەگاز لە بڕی بەشێک لە قەرەبوی دۆڕاندنی کەیسەکەیان. سێ ڕۆژ دوای گرتنی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان، لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە لایەن هێزە عێراقییەکان، هەرێم ڕایگەیاند کە ٦٠٪ی خاوەنداریێتیی بۆریی گواستنەوەی نەوتی هەرێمیان فرۆشتوە بە ڕوسنەفت. بەمجۆرە لەئێستادا هەناردەی نەوتی هەرێم جگە لە تورکیا، لەژێر ڕەحمەتی ئەم کۆمپانیایەشدایە"[97].

---

95 Pakistani broker fuels Iraqi Kurdistan oil exports

96 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. یوسف محەمەد سادق. دوای دانپیانان چارەسەر چیە؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=2589

97 هەمان سەرچاوە.

یەکێک لەگەورەترین کێشەکانی هەرێمی کوردستان، لەسێکتەری نەوتدا، بریتییە لەئەنجامدانی ئەو گرێبەستەی لەساڵی ٢٠١٣ و لەسەردەمی کابینەی حەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەسەرپەرشتی (نێچیرڤان بارزانی)، لەگەڵ تورکیادا واژۆکرا. گرێبەستەکە ناونراوە گرێبەستی پەنجا ساڵەی نەوت، بەڵام لەبنەمادا گرێبەستێکی ئابوری و سیاسی و ئەمنییە. ئەم گرێبەستە سەرەڕای شاراوەی ناوەرۆکەکەی بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ، تەنانەت زۆرێک لەدەسەڵاتدارانی هەرێمیش زانیارییان نییە لەبارەی بەندو بڕگەو وردەکارییەکانی ئەم گرێبەستەوە، ئەوانەی ئاگاداری وردەکارییەکانی نێو گرێبەستەکەن لەپەنجەی دەست تێناپەڕن. بەڵام ئەوەی ڕونە بۆ هەموان ئەوەیە کە ئەم گرێبەستە لەواقیعدا بوەتە شێرپەنجە بۆ ئابوری بۆ هەرێمی کوردستان و سەروەتی نیشتیمانی هەرێمی کوردستانی خستوەتە ژێر ڕەحمەتی دەوڵەتێکی بێگانەوە. بەو پێیەی کەرتی وزەی هەرێم بۆماوەی ٥٠ ساڵ، بەستراوە بەکەرتی وزەی تورکیاوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەم گرێبەستە بوەتە سەرچاوەیەکی دیکەی قوڵبونەوەی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، بەو پێیەی حکومەتی هەرێم بەهۆی پابەندبونی بەو گرێبەستەوە، ناتوانێت نەوتی هەرێم رادەستی بەغداد بکات، تاوەکو نەوتی هەرێم لەرێگەی کۆمپانیای سۆمەوە بفرۆشرێت. چونکە ئەگەر تورکیا ڕێگە بدات هەرێمی کوردستان و بەغدا ڕێکبکەون، ئەوا تورکیا داهاتی ساڵانەی کە لە نەوتی هەرێم دەستی دەکەوێت، لەدەستی دەچێت. بەپێی زانیارییەکی ئاژانسی هەواڵی مێهری ئێرانی، تەنها لەساڵی 2019دا تورکیا و کۆمپانیا تورکیەکان، لە ژێر ناوی قەرز و تێچوی ترانزێت، یەک ملیار دۆلار پارەیان لە نەوتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتوە[98].

هاوکات وەک دەبینین، لەئێستادا حکومەتی هەرێم دوای تێپەربونی حەوت ساڵ بەسەر گرێبەستەکەدا، دوچاری قەیرانێکی گەورەی دارایی بوەتەوەو توانای پێدانی موچەی فەرمانبەرانی نییەو ناشتوانێت لەسەر مەلەفی نەوت، لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوێت. تاوەکو بەغدا شایستە داراییەکان و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی بۆ رەوانە بکات.

حکومەتی هەرێم، لەئاکامی ئەم گرێبەستەو گرێبەستەکانی دیکەی حکومەتە یەک لەدواییەکانی هەرێم، لەنمونەی گرێبەستی کێڵگەی خورمەڵە، کە گەورەترین کێڵگەی بەرهەمهێنانی نەوتەو ٣٧٪ی هەمو نەوتی کوردستان بەرهەم دەهێنێت و دراوەتە کۆمپانیای کار، بەڵام کەس ئاگاداری وردەکاریی گرێبەستەکە نییە. یاخود گرێبەستی ڕوسنەفت، بۆ فرۆشتنی نەوت بە پارەی پێشوەخت بە گلینکۆرو ڤیتۆڵ ...هتد کەوتوەتە نێو گێژاوێکی گەورەی ئابورییەوەو لەئێستاشدا حکومەت زیاتر لە ٣٤ ملیار دۆلار قەرزی کەوتوەتە سەرشان.

لەنوسینەکەیدا، (د.یوسف محمد سادق)، دەشڵێت: "جگە لەناڕونی داهات و گرێبەستەکانی نەوت و گازی هەرێم، تەنانەت پارەی شیرینی (کۆمیشن)ی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانیش دیار نیە. ساڵی ٢٠٠٩، (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێم، ئەوکات ڕایگەیاند کە بڕی (٥ ملیار دۆلار)ی شیرینیی گرێبەستە نەوتییەکان بۆ کابینەی شەش بە سەرۆکایەتیی (د.بەرهەم ساڵح)، بەجێهێشتوە". دواتریش د. بەرهەم ساڵح، چەند جارێک لە چاوپێکەوتنە تەلەفیزۆنی و دیدارەکان و

98 نهێنییە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەبن.

لەبەردەم پەرلەمانیشدا لەساڵی ٢٠١١ رایگەیاند کە پارەی شیرینی گرێبەستەکانی نەوتی کوردستان لە نێوان (4-بۆ ٥ ملیار)دۆلاری ئەمەریکییەو لەبانکی (HSBC) دانراوە، بەڵام دواتر ئەو حسابە بانکیەی هەرێم لەبانکی (HSBC) داخراو پارەکان گوێزراونەوە، بەڵام دیار نییە بۆ کوێ. کەواتە لە نێوان ئەو دو کابینەیەدا کەس نازانێ ئەو پارەیە چیی لێهات!؟ لەو کاتەشەوە نازاندرێ چەند گرێبەستی تر کراون؟ پارەی کۆمیشنەکانیان چەندەو لە کوێیەولای کێیە؟ کێ بەرپرسیارە لە دیارنەمانیان؟ ڕۆڵی دادگاکان و داواکاری گشتی لە بەدواداچونی ئەم دۆسییانەدا چین؟.[99]

هەر بۆ نمونە ئاژانسی بلومبێرگ لە ڕاپۆرتێکیدا ڕایگەیاند: "لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨، بڕی(٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) دوسەد و پەنجا ملیۆن دۆلار وەک هاوکاریی تێپەڕاندنی گرێبەستەکانی کۆمپانیای روسنەفت لەگەڵ هەرێم، لە لایەن ئەم کۆمپانیایەوە دراوە بە ڕاوێژکارێکی دەرەکی". بەپێی ڕاپۆرتەکە، بە هۆی ئەم گرێبەستانەوە، روسنەفت بوەتە کارەکتەری خاوەن هەژمونی دەرەکی بەسەر پیشەسازیی نەوتی هەرێم. دوای وروژاندنی ئەم بابەتە، لێکۆڵینەوە لێی، دێکۆمێنتەکان ئاراستەی داواکاری گشتیی هەرێم کرا، بەڵام دیسان تائێستا هیچ دەرەنجامێک دیار نییە و نازانرێ کێ ئەو پارەیەی وەرگرتوە و بۆچی دراوە؟[100]. بەئێستاشەوە بێت جگە لەچەند کەسێک کەس نازانێت چارەنوسی ئەو پارانە چییان لێهات. تەنانەت لەئێستاشدا، داهاتی نەوت و گاز و تێچوی بیرە نەوتەکان و شیرینی گرێبەستەکان، بوەبە یەکێک لەداهاتە شاراوەکانی هەرێم.

سەرباری هەمو ئەمانە، حکومەتی هەرێم لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە تا ئێستا، بەرێگەی بۆری نەوت دەفرۆشێت، بەپێی خەمڵاندنەکان، داهاتی نەوتی هەرێم لەو شەش ساڵەدا بە نزیکەی (٤٥) ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، بەم پێیەش جگە لەداهاتی خاڵە سنورییەکان و داهاتی ناوخۆ و فرۆشتنی نەوت لە ڕێگای تانکەرو سەرچاوەکانی دیکەی داهات، حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوای ساڵی 2004 ەوە، زیاتر لە (١٥٩) ملیار دۆلاری دەستکەوتوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە حکومەتی هەرێم سەرەرای بونی ئەو هەمو داهاتانە، بەڵام لەئێستادا بەوتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم رایگەیاند: "حکومەتی هەرێم ٢٨.٥ ملیار دۆلار قەرزدارە. بەڵام لەئێستادا بڕی ئەو قەرزە بەهۆی نادیاری چارەنوسی پێنج موچەی فەرمانبەران لە ساڵی ٢٠٢٠ بەرزبوەتەوە بۆ بەنزیکەی (٣٢) ملیار دۆلار"[101]. تەنانەت پشت بەست بەزانیارییەکانی دواین راپۆرتی دیلۆیت، داهاتی سێ مانگی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم لەساڵی ٢٠٢٠دا کەمتر لە سفر بوەو تەنانەت حکومەتی هەرێم ٧٦ ملیۆن دۆلاریش لەسەری قەرزار بوە. لەمبارەیەوە (علی حمه سالح)، پەرلەمانتاری گۆڕان دەڵێت: "داهاتی نەوت لە مانگی چوارو پێنجی و شەشی ساڵی ٢٠٢٠ دا، ٥٩٠ ملیۆن دۆلار بوە، کۆی ئەو خەرجیانەی لەم سێ مانگەدا لە دۆسیەی نەوت کراون ٦٦٦ ملیۆن دۆلار بوە، (کرێی بۆری و خەرجی شەریکات ٦٥٥ ملیۆن دۆلاربوە، هاوکات ١١ ملیۆنیش رسومات دراوە). بەمەش خەرجیەکانی نەوت ٧٦ ملیۆن دۆلاری زیاتر بون لە داهاتی نەوت. کەواتە نەوت هیچ داهاتێکی نەبوە لەو سێ مانگەداو حکومەت بۆ دابینکردنی خەرجیەکانی نەوت

99 د. یوسف محمد سادق، سەرچاوەی پێشو.
100 هەمان سەرچاوە.
101 قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێم بوونە 32 ملیار دۆلار.

٧٦ ملیۆن دۆلاری قەرزاربوە"[102]. ئەمەش دەرئەنجامی خراپ مامەڵەکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم، لەگەڵ ئەم سێکتەرە گرنگەدا.

بەمجۆرەش هاونیشتیمانیانی هەرێم و نەوەکانی داهاتو، خراونەتە ژێر باری قەرزێکی درێژ خایەن، دەرباز بون لەمەش، چەندین ساڵی دیکەی پێویستە. بەڵام دەبینین لەبەرامبەردا حیزب و کۆمپانیاکانیان سەرمایەکانیان گەورەتربون، بەبێ ئەوەی دوچاری قەیرانی دارایی ببنەوە. کەواتە لەئێستادا لەهەرێم حیزب دەوڵەمەندترە لەحکومەت.

سەرباری هەمو ئەمانە، تەنانەت کۆمپانیای دیلۆیت، ئەو کۆمپانیایەی ماوەی پێنج ساڵ زیاترە وردبینی بۆ داهات و خەرجییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات، لەلایەن وڵاتی مالیزیاوە بەهۆی تێوەگلان لەگەندەڵییەوە (80) ملیۆن دۆلار سزا درا. ئەوەبو لەسێی حوزەیرانی 2021 وەزارەتی دارایی مالیزیا لەماڵپەڕی فەرمی خۆیدا راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو رایگەیاند:"کۆمپانیای دیلۆیت بڕی (80) ملیۆن دۆلاری رادەستی حکومەتی مالیزیا کردوە، کە پێشتر سزا درابوو بەهۆی تێوەگلانی لەگەندەڵییەکانەوە". ئەوەش پەیوەست بو بەئاشکرابوونی گەندەڵییەکانی نەجیب رەزاقی سەرۆک وەزیرانی پێشوی مالیزیا و بەرپرسانی ئەو وڵاتە، لەرێگەی بەهەدەردان و دزین و سپیکردنەوەی پارەی سندوقی (پێشخستنی مالیزیای سنوردار MDB1) لەساڵی ٢٠١٤دا. ئەوەبو هەر لەسەرەتای ئاشکرابوونی ئەو گەندەڵییانەوە، لایەنە پەیوەندیدارەکانی مالیزیا، پەنجەی تۆمەتیان ئاراستەی کۆمپانیاکانی (دیلۆیت) و ئەمبانک گروپ Group Ambank و کۆمپانیای KPMG کرد، بەوپێیەی ئەوان پرسی چاودێریکردن و پێداچوونەوە و وردبینیکردنی ئەژمارەکانی MDB1یان لەئەستۆدا بووەو بەڵام لەئەنجامدا بەهۆی دزین و بەهەدەردانی سامانی سندوقەکەوە، ئەو سندوقە ١١ ملیار دۆلار قەرزدار بوە. بەمجۆرە دیلۆیت، بەهۆی تێوەگلان لەو پرسە لەلایەن حکومەتی مالیزیاوەو درا بەدادگاو سەرئەنجام دیلۆیت بە ٨٠ ملیۆن دۆلار سزادراو پارەکە وەک قەرەبو سرایەوە بەحکومەتی مالیزیا.[103] بەهەمان شێوەی مالیزیا، لەساڵی ٢٠١٦وە تائێستا، وردبینی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان سپێردراوە بەم کۆمپانیایە. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کەچۆن کۆمپانیایەکی تێوەگلاو لەگەندەڵی، وردبینی داهاتی سەرەکیی هەرێمی پێدەدرێت؟. ئەمەش وادەکات سەدان پرسیار لەسەر کارو چالاکی ئەم کۆمپانیایەو نەمانی متمانە بۆ پرسی وردبینی و ئامارەو ژمارەکانی ئەم کۆمپانیایە بۆ داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان دروست ببێت.

---

102 عەلی حەمە ساڵح: راپۆرتەکەی دیلۆیت شۆکێکی گەورەیە.

103 دیلۆیت؛ بەهۆی تێوەگلانی لەگەندەڵییەوە 80 ملیۆن دۆلار سزا دەدرێت.

- کۆمپانیای دیلۆیت ٨٠ ملیۆن دۆلاری بە مالیزیا دا

## ❖ قاچاغچێتی لەخاڵە سنورییەکاندا

یەکێکی دیکە لەو دۆسیانەی لەئێستادا رۆژانە بەبەرچاوی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامدەدرێت و بوەتە سەرچاوەیەکی باشی دارایی بۆ حیزبەکانی دەسەڵات و بەرپرسە حیزبییەکان، بریتییە لەپرسی قاچاغچێتی سەرسنورو مەرزەکان.

لەئێستادا بەوتەی (عەلی حەمە ساڵح). پەرلەمانتاری گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، لەسەرجەم مەرزەکان کاری قاچاغچێتی بەردەوامەو رۆژانە بەدەیان جۆر شمەک و خواردنی رێگەپێنەدراو لەجۆری (ئۆتۆمبێل، ئاژەڵ، مریشک، هێلکە، هەنگوین، پەتاتە، جبس، فەرش، شیش، کەرەستەی کارەبای، سەعاتی کارەبای، خورما، دۆشاو، موعجیزە، شامپۆ و کارتۆنی بەتاڵ ...هتد)، لەرێگەی بەرپرسانەوە داغڵی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

لەبارەی قەبارەی دەستکەوتەکانی ئەم کارە لەلایەن بەرپرسانەوە، (عەلی حەمە ساڵح) دەڵێت: "قەبارەی دەستکەوتی کۆمپانیاکان و کاری قاچاغی لەسەرجەم شوێنەکان نزیکەی ١٧٠ ملیار دینارە لەمانگێکدا، ئەوە جگە لە زیانە گەورەکانی دیکەی تەندروستی ئەو شمەکانەی داغڵ دەکرێن بۆ هاوڵاتیان لەئاییندەدا، هەرچەندە دۆسیەکەش خراوەتە بەردەستی داواکاری گشتی و سەرۆکی حکومەت، بەڵام، چونکە بەرپرسی باڵا لەپشت ئەم کارانەوەن هیچ هەنگاوێکی لێپرسینەوە نەنراوە بۆ کۆتایهێنان و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە"[104]. عەلی حەمە ساڵح دەشڵێت:"رۆژانە پێنج هەزار ئاژەڵی سوری بە نایاسایی"قاچاخ" و بەبێ گومرگ لە فیشاخبورەوە دەهێندرێتە هەرێمی کوردستان و بەسەرجەم بازگەکانی ئاسایشیدا تێپەڕدەکرێت.قازانجی ئەوانەی ئەم کارە دەکەن لە رۆژێکدا ١٢٥ هەزار دۆلارە، بەهۆی قازانجی ئەم دەسەڵاتدارانە هەزاران ئاژەڵدار توشی مایەپوچ دەبێت و بەرهەمی ناوخۆ لەنێو دەچێت.ئەم قاچاغچێتیە کاریگەری گەورەی لەسەر هەرزانکردنی نرخی گۆشت نیە، چونکە پێش هاتنی ئاژەڵی قاچاخ کیلۆیەک گۆشت لە مەیدانی ئاژەڵان ٤٧٥٠ دینار بوەو ئێستا تەنیا ٥٠٠ دینار دابەزیوە[105].

داغڵکردن و هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی خوار مۆدێل بەنایاسایی و لە لایەن بەرپرسانەوە بەرێگەی قاچاغ یەکێکی دیکەیە لەو دۆسیانەی لەئێستادا بوەتە دەروازەیەکی گەورەی گەندەڵی لەکوردستاندا. عەلی حەمە ساڵح لەمبارەیەوە دەڵێت: "هەرچەندە بەپێی یاسا، ئۆتۆمبیلی خوار مۆدیل ٢٠١٨ رێگای پێنادرێت داغڵی هەرێم ببێت، بەڵام لەم ماوەیەدا نزیکەی ١٦ هەزار ئۆتۆمبیلی خوار مۆدێل، بەنزیکەی وەرگرتنی ١٠٣ ملیۆن دۆلار لە خەڵک، داغڵی هەرێمی کوردستان کراون، لەئێستادا لوتکەی دەسەڵات لەپشت قاچاغچێتی ئۆتۆمبیلی گران بەهاوەن، هێزە ئەمنییەکانی خۆیان پاسەوانی پرۆسەی قاچاغچێتییەکە دەکەن لە خاڵە سنوریەکان، قاچاغچیەکان بۆ هەر ئۆتۆمبیلێکی گرانبەها لەنێوان ٧ هەزار تاوەکو ١٢

---

104 عەلی حەمە ساڵح: مانگانە لە دەروازە سنوریەکان ١٧٠ ملیۆن دۆلار قاچاخچێتی دەکرێت.

105 لەسەر هێنانی ئاژەڵ بە قاچاغ: سکاڵا لەسەر بەرپرسێک تۆماردەکرێت.

هەزار دۆلاریان وەرگرتووە لە خاڵی سنوری و بازگەکان داخڵیان کردوە "[106]. لەنوێترین لێدواندا پەیوەست بەم بابەتە، دابان محمد پەرلەمانتاری گۆڕان دەڵێت: "لەئێستادا زیاتر لە ٢٠ هەزار ئۆتۆمبێل، لە دەروازە سنورییەکانی هەرێم، بە نایاسایی و بە قاچاخ داخلکراون، هەر دوو بۆ سێ ساڵ جارێک ئەم دیاردەیە دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە، کۆمەڵێک بەرپرسی حزبی و دەسترۆشتوی دەسەڵات بە هەزاران ئۆتۆمبێل بە نایاسایی و بەشێوەی قاچاخ لە سنورەکانی هەرێمەوە داخل دەکەن، دواتر لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە فشار لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت، لە ماوەی سێ مانگدا ژمارەیان پێبدرێت و بەشێکی زۆریان ڕەوانەی باشور و ناوەڕاستی عێراق دەکرێن. بۆ داخڵکردنی هەرئۆتۆمبێلێکیش بڕی ٦ هەزا و ٥٠٠ دۆلار وەرگیراوە بە مەش چەند کەسێک سەدان ملیۆن دۆلاریان دەستکەوتوە و دەستدەکەوێت".[107]

## ❖ سپیکردنەوەی پارە

دۆسیەکانی بردنە دەرەوەی پارەو سپیکردنەوەی پارەی هەرێمیش یەکێکی دیکەیە لەو دۆسیانەی، کەلەرێگەیەوە بەرپرسانی کورد سەروەت و سامانێکی بێ ئەندازەیان لەرێگەیەوە کۆکردوەتەوە. تەنانەت لەو دۆسیانەی کەساڵی ٢٠١٤، ئەحمەد چەلەبی لەپەرلەمانی عێراقدا جوڵاندی، باسی لەبەشداری بەرپرسانی کوردیش کردبو لەو بابەتەدا. هەر پەیوەست بەم پرسە، (عەلی حەمە ساڵح)، پەرلەمانتاری گۆڕان لەرۆژی ١٢ی کانونی دوەم، یاداشتێکی سەبارەت بەبابەتی گێڕاندنەوەی ئەو پارانەی لە عێراق و هەرێم، بە نایاسایی براونەتە دەرەوە، ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق و هەرێمی کوردستان کرد، تیایدا دەڵێت: "چەندین زانیاری و بەڵگەنامەی پەیوەست بەبردنە دەرەوەی پارە بەشێوەی نایاسایی و سپیکردنەوەی پارەمان لەبەردەستە، هەیە، ئامادەین هاوکاری بکەین بۆ گەڕاندنەوەی ئەم پارانە ڕێگایەکی دروست و یاسایی بۆ دەرچون لەم قەیرانە دارایی و ئابوریەی عێراق و هەرێم"[108].

ناوبراو دەڵێت: "بەپێی بەڵگەیەک کە مێژوەکەی بۆ ١٦ی ئازاری ٢٠١٦ دەگەرێتەوە، ٧٨ ملیار دۆلار لە ڕێگای ٤٦ بانکی عێراقەوە چوەتە دەرەوەی ١٢ ملیار دۆلاری لە ڕێگای چوار بانکی هەرێمەوە بوەو دیار نیە ئەو کەسە کێیە کەپارەکەی ناردوەتە دەرەوە". دەربارەی ناوی ئەو چوار بانکەی هەرێم کە ١٢ ملیار دۆلارەکەیان لەرێگاوە نێردراوەتە دەرەوە.[109] عەلی حەمە ساڵح، لەمیانەی دیمانەیەکی تەلەفیزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی روداو، ناوی چوار بانکەکەی ئاشکراکرد، کەسەجەمیان لەهەولێرن و بریتین لە(بانکی کوردستان، ئارتی بانک، بانکی ئەربیل و بانی شەرقل ئەوسەت)[110].

---

106 عەلی حەمە ساڵح: ١٦ هەزار ئۆتۆمبێلی خوار مۆدێلیان بە قاچاغ داخڵی هەرێم کردوە.
107 دابان محەمەد: 20 هەزار ئۆتۆمبێل بە قاچاخ هاوردە کراون.

108 عەلی حەمە ساڵح: 12 ملیار دۆلار لە ڕێگای چوار بانکەوە چوەتە دەرەوەی هەرێم.
109 هەمان سەرچاوە.
110 عەلی حەمەساڵح: لە 28 هەزار کۆمپانیای تۆمارکراو حەوت هەزاریان باجیان داوە.

هەر تایبەت بەم بابەتە، ئاژانسی چاودێری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سپیکردنەوەی پارە، کەلە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١٩، لەلایەن ڕێکخراوی یەکێتی ئەورووپاوە دامەزراوە، تایبەت بەبەرپرسانی کورد، ئەم دەزگایە (118) کارەکتەری حیزبی و حکومی هەرێمی کوردستان، خراونەتە ژێر چاودێریی وردی ئەم ئاژانسەوە. بەوپێیەی ئەو بەرپرسانە لەنێوان ساڵانی (2011 بۆ 2019)، پارەیان بە ناشەرعی پەیداکردووەو پارەکانیان ڕەوانەی بانکەکانی ئەورووپا کردوە، هەندێک لەوانەش پرۆژەی گەورەیان دامەزراندووەو موڵک و ماڵیان پێ کڕیوە لە هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپا، لەوانەش وڵاتانی (ئەڵمانیا، بەریتانیا، سویسرا، فەرەنساو هۆڵەندا).[111]

## ❖ گەندەڵی کارگێڕی و فەرمانبەری بندیوار و موچەی پلەتایبەتیەکان

گەندەڵی کارگێری (ئیداری) یەکێکی دیکەیە لەشێوازە بەربڵاوەکانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان، بۆنمونە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سوپایەکی زۆر گەورەو پڕ خەرجی لەموچە خۆری مەدەنی وسەربازی و پلەتایبەت، بەموچەخۆری بندیوارەوە دروستکراوە، ئەمەش بارگرانییەکی گەورەی دارایی بۆسەر شانی داهاتی گشتی لەهەرێمی کوردستان دروستکردوە.

بۆنمونە، هەرێمی کوردستان لەئێستادا خاوەنی یەک ملیۆن و 255 هەزار 273 موچە خۆرە. بەپێی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٣ی هەرێم، موچەی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان لەهەرێم ٥١%ی بودجەی هەرێمیان بۆ دەڕوات. کەبەشێکی زۆری بندیوارەکان دەکەونە نێو ئەم سێکتەرانەوە.

(دابان مەحەمەد)، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان لەمبارەیەوە دەڵێت: "ژمارەی ئەو موچەخۆرانەی زاراوەی بندیواریان بۆ بەکار دەهێنرێت، 350 هەزار کەس بەرەو ژورە، ئەو 200 هەزارەی کەقوباد تاڵەبانی باسی دەکات، تەنها لە سیستمی بایۆ مەتریدایە، بەڵام لەڕاستیدا، ژمارەکە زۆر زیاترە لەو ژمارە بندیوارەی کەباسدەکرێت. زۆرترین ئەو موچەخۆرە بندیوارانەش سەر بەوەزارەتاکانی (پێشمەرگە، کارەبا، کشتوکاڵ، پیشەسازی و بازرگانی، ئەوقافن)[112].

بەنمونە، بەپێی ستاندارده جیهانییەکان، لەحاڵەتی ئاسایی و ئاشتیدا پێویستە، ڕێژەی سەربازی لەوڵاتدا (2.5%)ی دانیشتوان تێپەڕ نەکات و لەحاڵەتی جەنگ و نائاسایدا دەکرێت ئەو ڕێژەیە بەرز بکرێتەوە بۆ (٣%)[113]. بەم پێیەش ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بەپێی تازەترین ئامار (٦) ملیۆن کەس بخەمڵێنین، ئەوا پێویستە لە حاڵەتی ئاشتیدا هەرێمی کوردستان خاوەنی (١٥٠) هەزار پێشمەرگە بێت و لە حاڵەتی هەڕەشەو نائارامیدا ئەو ژمارەیە بەرزببێتەوە بۆ (١٨٠) هەزار پێشمەرگە[114].

---

111 محمد رەئوف، ١١٨ بەرپرسی هەرێم لەژێر چاودێران.

112 ٣٥٠ هەزار موچەخۆری بندیوار هەیە.

113 ئارێز ئەنوەر بەگ. پرۆژەی ڕێکخستن و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لا٢٧.

114 هەڵمەت حەمە شکور، لا١٤-١٥.

(ساڵح فەقێ)، پەرلەمانتاری خولی پێشوی پەرلەمان، لەفراکسیۆنی یەکێتی دەڵێت: "ژمارەی راستەقینەی میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە ناگاتە (٢٠٠) هەزار کەس، بەڵام بە لیست (432) هەزار موچەخۆر لەو وەزارەتە موچە وەردەگرن"[115].

لەلایەکی دیکەوە (دابان مەحمەد)، پەرلەمانتاری گۆڕان دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت: "430 هەزار موچەخۆر لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە هەیە. ئەو کەسانەی کە لە لیوای هاوبەشن و هاوپەیمانان سەرپەرشتیان دەکەن، زۆریان موچەخۆرن لەهێزەکانی پێشتر کە لە یەکەی 70 و 80 بون. لەگەڵ ئەو فەوج و لیوایانەی لە بەغدادن لە هەرێم موچە خۆرن. هاوکات دەیان هەزار کەس لە ئێستادا بەهۆی کۆچ کردنیان، ڕیزەکانی یەکەی 70 و 80 و هێزە ئەمنیەکان جێهشتیوە، بەڵام بە ئێستاشەوە موچەخۆرنی ئەم وەزارەتەن. ئەمەش وایکردوە زانیاری لەسەر داتاو ئامار و وردەکاری ئەم دو هێزە، تەنانەت لای وەزارەتی دارایش نەبێت، زۆرجار بەبلۆک و بە گوێنی (گونیە)، پارەیان بۆ دەبرێت".[116]

هەر پەیوەست بەم بابەتە، دابان محمد، دەڵێت: "لەئێستادا پەرلەمان و وەزارەتی پێشمەرگە و دارایی و دیوانی چاودێری و دەستەی نەزاهە. زانیارییان لەسەر یەکەکانی 80 و 70 نیە. زیاتر لە یەک ساڵە لە هەوڵی ئەوەداین، ناو و ژمارەی هێزەکانی 80 ی پارتی و 70 ی یەکێتی، ڕادەستی وەزارەتی پێشمەرگە بکرێت، نەکرا. بەپێی یاسای چاکسازیش دەبو وەزارەتی دارایی ژمێرەیان یەک بخات، تا ئێستا وەزارەت تەنیا ئەوەندە ئاگادارە بە گوێنی و شلیف، چەند پارە دەنێرێت، ئیتر نازانرێت، بۆ کێیە و ژمارەیان چەندە و چۆن دابەشدەکرێت.داواجار هەوڵماندا لانی کەم لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، زانیاری دەستبخەین، پەرلەمان مامەڵە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و دام و دەزگای فەرمی دەکات، نەمانتوانی، ژمارە و ناو و هەر زانیارییەکی تری ئەم هێزانە، لای دامەزراوە فەرمیەکان نیە تەنانەت دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی نەزاهە و وەزارەتی پێشمەرگە و دارایی ئاگادار نین ... حزب نەبێت. بەپێوەر و بڕی موچەش بێت ، لە هەر دوو فەرمانبەرێک، یەکێکیان چەک بەدەستە و لە سلکی سەربازی و ئەمنیدا کار دەکات. لە ٥٠% بەرەو ژوری موچەی موچەخۆران بۆ سلکی سەربازی و ئەمنی دەچێت، بەمجۆرە (وەزارتی پێشمەرگە، 133.61.000000 ملیار، وەزارەتی ناوخۆ، 178.489.000000 ملیار، ئەنجومەن و دەزگای ئاسایش، 62.997.000000 ملیار، خانەنیشینی سەربازی و مەدەنی 116.560.000000 ملیار. ئەوە جگە لە زیندانیانی سیاسی، و. کاروباری شەهیدان و هتد...)[117].

بەڵام پێی سەرچاوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە تەنها (٢٠٠) هەزار پێشمەرگە لەژێر فەرمانی ئەواندان و (١٢٠) هەزار کەسیان ئەرکی پێشمەرگایەتی جێبەجێ دەکەن، (٤٠) هەزاریان پێشمەرگەی یەدەگن و (٤٠) هەزار کەسیشیان خانەنشینن. هاوکات زیاتر لە (١٢٠) هەزار پێشمەرگە کەسەر بە یەکەکانی حەفتاو هەشتان، تائێستا لەنێو وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکنەخراونەتەوە. واتە ئەو ژمارەیە سەربە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانن و فەرمان لەوانەوە وەدەگرن، ئەمە جگە لە

115 ئەولەویەت بەنیشتیمانیکردنی پێشمەرگەیە.

116 ٣٥٠ هەزار موچەخۆری بندیوار هەیە ، سەرچاوەی پێشو.

117 دابان محەمەد: پەرلەمان و وەزارەتی پێشمەرگە و دارایی و دیوانی چاودێری و دەستەی نەزاهە، زانیارییان لەسەر یەکەکانی 80 و 70 نیە.

بەشێک لە لیواو هێزو بندیوارانەی لەگەڵ بەپرسانی حیزب و حکومەتدان. ئەم ئامارانە بەبێ ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی وەزارەتی ناوخۆی گرتبێتەوە کە زیاتر لە (١٠٠) هەزار کەسن. دەزگای ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمیش زیاتر لە (٣٧) هەزار میلاکیان هەیە[118].

لێرەوە ئەو ڕاستییە ڕوندەبێتەوە کە هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، دابەشبون بەسەر دوهێزی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستاندا، سەرجەمیان لە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان سودمەندن، بەڵام ئەرک فەرمانی بەشێکی زۆریان لە خزمەتی ئەو دوو هێزەدان و فەرمان لەوان و لە بەرپرسانی حیزب وەردەگرن، بەشێکیش لەنێو ئەواندا پارێزگاری لە ئەشخاس و کەسایەتییەکانی ناو حیزب دەکەن، لەنێو ئەو هێزانەشدا بەخشینەوەی پۆست و پلەی سەربازی بەزر دیاردەیەکی ئاشکراو ڕونە.

لەلایەکی دیکەوە، لەهەرێمی کوردستان نزیکەی دو هەزار کەس بەپلەکانی (وەزیر، وەکیل وەزیر، پەرلەمانتار، بەڕێوبەری گشتی و راوێژکار) خانەنشینکراون، بەگوتەی سەعید مستەفا، جێگری سەرۆکی لیژنەی دەسپاکی لە پەرلەمانی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان هەزار و 900 کەس بەو پلانە خانەنشین کراون، جگە لە لیستی پەرلەمانتاران. لەئێستادا پێداچونەوە بە هەزار و 750 لیستی پلە باڵا کراوە و دەرکەوتووە 715 کەسیان بە نایاسایی خانەنشین کراون و هیچ ئەوەلیاتێکیان نییە. لەو ژمارەیە ١٨٩ کەسیان بەپلەی وەزیر خانەنشینکراون و١٥٠ کەسیان هیچ ئەوەلیاتێکیان نییە. هاوکات ١٦٨ کەس بەپلەی وەکیل وەزیر خانەنشینکراون و ٨١ کەسیان هیچ ئەوەلیاتێکیان نییە. ٣٤٢ کەس بەپلەی راوێژکار خانەنشینکراون و ١٥٤ کەسیان هیچ ئەوەلیاتێکیان نییە. لەلایەکی دیکەوە ٧٧١ کەس بەپلەی بەڕێوبەری گشتی خانەنشینکراون، ٤٧٧ کەسیان هیچ ئەوەلیاتێکیان نییەو بەشێوەیەکی نایاسایی موچە وەردەگرن. هاوکات ٤٣٠ کەس لەهەرێمی کوردستان بەپلەی پەرلەمانتار خانەنشینکراون. دواجار بەپێی ئامارێک مانگانە ٤ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دینار دەچێت بۆ موچەی پلە باڵاکان لەهەرێمی کوردستاندا[119].

بەمجۆرە مانگانە ٨٣%ی داهاتی گشتی کوردستان، بۆ مەسەلەی موچە دەڕوات، هاوکات بونی ئەم ژمارە زۆرە لەموچەخۆری سەربازی و مەدەنی و پلەتایبەت و موچەخۆری بندیوار، هۆکارێک بوە بۆ ئەوەی لەساڵی ٢٠١١ەوە تائێستا، کورتهێنانی گەورەی بۆ بودجەی گشتی هەرێم دروست ببێت. تەنانەت یەکێک لە هۆکارەکانی خۆدزینەوەی حکومەتی هەرێم لە ئامادەکردنی بودجەی گشتی لەساڵی ٢٠١٣ەوە تائێستا، پەیوەندنی بەکورتهێنان و ناشەفافییەوە هەیە. ئەوەش بۆ خۆی یەکێکە لەمیکانیزمەکانی بەهەدەردان و گەورەبونی قەبارەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا.

118 هەڵمەت محمد شوکر، سەرچاوەی پێشو، لا١٥٠.

119 پێداچوونەوە بە لیستی خانەنشینی پلە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە قۆناغی کۆتایی.

## ❖ دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵی گشتی

پرسی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی گشتی، لەلایەن کەس و بەرپرسانی حیزبییەوە، یەکێکی دیکەیە لەو ڕێگایانەی بەرپرسانی حیزبی و حکومی، لەرێگەیەوە داهاتێکی زۆریان دەستکەوتوە. بەنمونە بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٧ی یاسای لێبوردنی گشتی لەپەرلەمانی کوردستان، تاوانی گەندەڵی و پەیوەندیدار بەهەدەردان و بردنی سامانی گشتی لەوبوارانەیە کە لێبوردنی گشتی نایگرێتەوە. بەڵام تائێستا کەس بەم یاسایە سزانەدراوە، تەنانەت ئەوانەی زیادەرەویانکردوەتە سەر موڵکی گشتی لێخۆشبونیان بۆ دەرکراوە. بەم جۆرەش تائێستا دەستدرێژیی و دەستبەسەرداگرتنی موڵکی گشتی بەردەوامە. ڕێکخراوی ستۆپ لەهەرێمی کوردستان لەمبارەیەوە لەراپۆرتێکی بڵاوکراوەیدا ئاماژەی کردوە بۆ چەند نمونەیەکی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی گشتی لەهەرێمی کوردستان، بەم جۆرە[120]:

1. بەپێی داتاکانی وەزارەتی پەروەردە: ١٥٠ باڵەخانەو قوتابخانەو موڵکی وەزارەتی پەروەردە، لەلایەن حزب و بەرپرسانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە.

2. بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی ئەوقاف: ٦٥٠٠ موڵکی وەزراەتی ئەوقاف، بەموساتەحەو پارەی ڕەمزی بەکرێدراون، داهاتی ساڵانەیان تەنها دو ملیار دینارە، ئەمەش پێویستی بەدوبارە ڕێکخستنەوە هەیە، بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەیەکی باش بۆ داهات.

3. بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ: ١٦٥٥حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان هەیە لەهەرێی کوردستان، واتە ١٣هەزارو ٢٨١ دۆنم زەوی داگیرکراوە.

4. لەمانگی ئازاری ٢٠١٩ تەنها لەگەرەکی سەربەستی لەهەولێر، زەویەکی پێنج هەزار سەد مەتر دوجا، کەبەپێی نەخشەی بنەرەتی شارەوانی و تۆماری خانوبەرەی هەولێر، زەویەکە خزمەتگوزارییەو بۆ قوتابخانە تەرخانکراوە، ڕەگەزی زەویەکە گۆراوە بۆ زەوی نیشتەجێبون و دراوە بەکەسێک بە چوار ملیۆن دۆلار. هاوکات زەویەکی دیکە کەسێ دۆنمە بەهەمان شێوە ڕەگەزی گۆراوەو بە ٥ملیۆن دۆلار فرۆشراوە.

5. بەگوێرەی داتاکانی لیژنەی چاکسازی کابینەی پێشو: نزیکەی ٩٠ هەزار باخ لەهەرێم بونیان هەیە کەنایاسایین، بەڵام ئاو وپرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ براوە، تەنانەت ٢٢ هەزار بیری نایاسایشیان بۆ لێدراوە.

6. بەگوێرەی داتاکانی بەرێوبەرایەتی کشتوکاڵی پشدەر: ٢ هەزارو ٢٠٢ باخ بەزیادەڕەوی لەو سنورەدا دروستکراون.

120 بۆ زانیاری زیاتر بروانە: نەخشەرێی چاکسازی و روبەروبونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان. بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ستۆپ، لا١٨_٢٠.

هەر پەیوەست بەم باباتە، هەردو پەرلەمانتاری گۆڕان، عەلی حەمە ساڵح و دابان محەمەد، لەنوسینێکدا لەژێر ناوی زەوی دەرگای گەورەی گەندەڵیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن"کەلەئێستادا بەبەخشینەوەو داگیرکردن و هەرزانفرۆشکردنی ژمارەیەکی زۆر زەوی لەهەرێمی کوردستان، بەرپرسان و دەوربەریانی کردوەتە خاوەنی دەیان ملیۆن دۆلار، ڕۆژێک بەناوی پرۆژەی نیشتەجێبون و مۆڵی بازرگانی و مەخزەن و پێشانگای ئۆتۆمبێل و ڕۆژێکیش بەناوی هێزی ئەمنی و سەربازی ٢٢ پارچە زەوی بەمەتر مەتر دەفرۆشن. بۆ نمونە ئەمە دۆسیەیەکە لە دەیان دۆسیە، کەلەسەر بەرزە پردی کۆبانی و ڕێگای هەواری شار، ٣٢ هەزار مەتر دراوە بە سێ کەس ، ئەم زەویە بەنرخ خۆی ئەگەر بفرۆشرایە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلاری دەکردو دەتواندرا بکرێتە پرۆژە بۆ خزمەتی سلێمانی".[121]

هەروەها عەلی حەمە ساڵح، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەپارێزگای سلێمانی، تەنها لەماوەی دو ساڵدا نزیکەی هەشت هەزار دۆنم زەوی، بە نایاسایی داگیرکراوەو مەتر مەتر فرۆشراوە، ئەم زەویانە ئەگەر بەپلان و خزمەتگوزاریەکی شایستە بفرۆشرایە بە بەهاکەی زیاتر بوو لە یەک ملیارو ٧٥٠ ملیۆن دۆلار.[122] عەلی حەمە ساڵح ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە چەند بەرپرسێکی سەربازی بەناوی هێزی پێشمەرگەوە نزیکەی ٢٣هەزار پارچە زەویان بەپێ تاپۆو فەرمانی وزاری فرۆشتوەو بەشکردوە. بەهای هەر پارچەیەک لە ١٠ هەزار بۆ ٣٠ هەزار دۆلارەکۆی گشتی ئەو پارەی دەستیان کەوت ٣٣٢ ملیۆن دۆلارە. عەلی حەمە ساڵح ناوی ئەو شوێنانەش ئاشکرادەکات کەلەپارێزگای سلێمانی دەستیان بەسەرداگیراوە، کەبریتین لەناوچەکانی (ئاوبارە، ڕێگای تاسلوجە_پشت سنەوبەرەکان زیاتر لە 120 دۆنم، تەنیشت و پشتی قەبرستانی عەواڵ، هەزار دۆنم بەرامبەر وێستگەی کارەباکە، بەرامبەر دەرگای سەناعەی بەکرەجۆ، تەنیشت فرۆکەخانەی سلێمانی. بەرامبەر دەرگای سەناعەی بەکرەجۆ، زەوی تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزاری گەڕەکەکانی بیستەکان، تەنیشت دەواجنەکان، کانی گۆمە تاوەکو تانجەرۆ، خوار بەکرەجۆ زەوییە کشتوکاڵیەکان، پشت بازگەی عەربەت سلێمانی ئەو شەقامەی لادەداتەوە بۆ شاری مامۆستایان دەکرێتە مەخزەن، خزمەتگوزاری گەڕەکی خاک بەردەم ماڵەکان شەقامە گشتیەکە دەکرێتە مەخزەن، خەلیفاوا (بەناوی هێزەکانی حەفتا دابەشدەکرێت)، لە گەڕەکی باوەمردە لە ڕاپەڕین سەروی مزگەوتەکە، زەوی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان و نەخۆشخانەو سەوزایی، ٢٠ پارچە زەوی لێجیاکراوەتەوە، قولە ڕەیسی نزیکەی ٢٠ هەزار پارچە، باخچە لەگەڕەکی زانکۆ تەنیشت فرۆکەخانە ...) ئەمانەو چەند ناوچەیەکی دیکەی سلێمانی[123].

دیاردەی قۆرغکاری و دەستگرتن بەسەر زەوی زاری گشتی و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەدنی تایبەت و بەخشینی بەکۆمپانیا وەبەرهێنە حیزبییەکان، لەپارێزگای هەولێریش بونی هەیە، عەلی حەمە ساڵح، لەمبارەیەوە دەڵێت:"زەویەک لە ستراتیژیترین شوێنی هەولێرە، کەڕووبەرەکەی زیاتر لە ملیۆنێک و٢٥

121 لای پردی کۆبانێ بە بەهای 20 ملیۆن دۆلار زەوی دراوە بە سێ کەس.

122چیرۆکی داگیرکاریی 8 هەزار دۆنم زەوی لەسلێمانی کە بەهاکەی یەک ملیارو ٧٥٠ ملیۆن دۆلارە.

123 چیرۆکی داگیرکاریی 8 هەزار دۆنم زەوی لەسلێمانی، سەرچاوەی پێشو.

هەزار مەترە. راستەوخۆ لەسەر شەقامی ١٠٠م لە ڕێگای فڕوکەخانەی هەولێر بەرامبەر UN تـــاوەکو دەگاتە ئەربیل سپۆرت سەنتەر و لە پشتەوەش تاوەکو دەگاتە شەقامی ١٢٠مەتری، ئەم زەویە لەئێستادا دراوەتە کۆمپانیای لالاڤ و ڤێلای رووبەر گەورە و شوقەی VIP تیا دروست دەکات. پاش بەدواداچونمان دەرکەوتوە، ئەگەر ٤٠٪ ڕوبەرەکەی بکرێتە سەوزای و خزمەتگوزاری مەترێک زەوی لەم شوێنەدا بەلای کەم ١٢٠٠ دۆلارە. ئەمەش دەکاتە نزیکەی٧٣٨ ملیۆن دۆلار، تەنیا بەهای ئەم زەویە زۆر زیاترە لە تێچونی شەقامی ١٢٠ مەتری لەشاری هەولێر".[124]

## ❖ دیاردەی بەرتیلخۆری

سەرباری هەمو ئەمانەی کەباسکران، لەئێستادا بەهۆی قەیرانە یەک لەدوایەکەکانی ئابوری و بەردەوامی دیاردەی دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران، دیاردەی بەرتیلخۆری لەدامودەزگاکانی حکومەت زیادی کردوە، بەتایبەت لەسەر ئاستی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان و کەرتی ئابوری و بانک و پرۆژەی بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان.

(حاکم ئەحمەد ئەنوەر)، سەرۆکی دەستەی نەزاهە لەوبارەیەوە دەڵێت:"لەبەر دۆخی خراپی ئابوری و کەمبوونەوە و دواکەوتنی موچە، ڕێژەی بەرتیل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردوە، بۆ ئەوەش سکالایەکی زۆرمان بۆ هاتوە، لەگەڵ ئەوەی بەرتیل بەنهێنی بەڕێوە دەچێت، بەڵام سکالامان بۆ دێت و چەند کەیسێکی تایبەت بە بەرتیلیشمان لە لایەو لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین. پێشوتر لە هەرێمی کوردستان دیاردەی بەرتیل تاک و تەرا بو، ئەگەرچی لە عێراق لە هەموو قۆناخەکاندا دیاردەی بەرتیل هەر هەبوە و زۆریش زیادی کردوە، بەڵام لە کوردستان بەم دواییانە ڕێژەی بەرتیل زیادی کردوە"[125]. بەوپێیەی دیاردەی بەرتیل، کردەیەکی نهێنییەو بەشاراوەیی لەنێوان دوکەس یان زیاتردا ڕودەدات، ئاشکراکردن و کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەری کارێکی ئاسان نییە، ئەم هۆکارەش وایکردوە کەئامارێکی ورد لەبەردەستدا نەبێت بۆ پێوانەکردنی ئەم دیاردەیە لەهەرێمی کوردستاندا[126].

هەر دەربارەی ئەم بابەتە کەناڵی ئێن ئارتی، لەراپۆرتێکدا کەبەکامێرای نهێنی تۆمارکراوە، تیایدا سەردانی چەند فەرمانگەیەکیان کردوە، بۆ ئاشکراکردنی دیاردەی بەرتیل لەدامودەزگا حکومەییەکاندا، لەراپۆرتەکەدا هاتوە:"لەکاتی بەدواداچون و لێکوڵینەوەکانی ئێن ئار تیدا دەرکەوت بەشێکی فەرمانبەرانی ئاسایی و بەرێوەبەرەکان بەرتیل وەرناگرن، بەڵام زۆرینەی ئەوانەی بریاربەدەستن یاخود لیژنەن یان لایەنی جێبەجێکارن لە شوێنی هەستیاردا، ئەوا بەرامبەر بە پارە کارەکان رایی دەکەن. کامێرای نهێنی ئەو کەسانە دەدۆزێتەوە کە بەرتیل بۆ هەریەک لە بەرپرس و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج و

124 پەرلەمانتارێک: بەهای زەوییەک لەهەولێر کەدراوەتە وەبەرهێنەرێک زیاترە لەتێچوی شەقامی 120 مەتری.

125 کەیسەکانی گەندەڵی (بەرتیلخۆری) لە هەرێمی کوردستان زیاد دەبن.

126 بەپێی یاسای ژمارە 111ی سزاکانی عێراق، سزای بەرتیلخۆری بەندکردنە بۆ ماوەیەک کە لە10ساڵ زیاتر نەبێت، غەرامەکردنیشی تێدایە، هەروەها فەرمانبەری بەرتیلخۆر لە وەزیفە لادەدرێت و نابێ دوبارە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکوومەت دابمەزرێتەوە.

خانووبەرە و شارەوانیەکان و کارەبا و ئاو چەندین فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی دیکە وەردەگرێت.ئەگەر بەرتیلەکە زۆر بێت، ئەوا نەک بە رۆژ ئەوا بە شەویش دەتوانرێت مامەڵەکەت لەماڵی فەرمانبەر و بەرێوەبەر و بەرپرسی فەرمانگەکاندا بۆ تەواو بکرێت، تەنانەت ئەگەر مامەڵەکەشت نایاسایی و زیادەڕەوی بێت" لەو نێوانەشدا چەند گرتەیەکی تۆمارکراوی چەند کەسێک بلاودەکرێتەوە لەکاتی رایکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان بەپارە[127].

هەر لەو راپۆرتەدا هاتوە:"لە هەرێمی کوردستاندا نرخەکانی بەرتیل وەرگرتن لە فەرمانگەیەکەوە بۆ فەرمانگەیەکی دیکە و لەمامەڵەیەکەوە بۆ مامەڵەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بەجۆرێک لە 100 دۆلارەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە بەرزترین نرخ بەپێی ئەو کارەی تۆ لەفەرمانگەکە دەیکەیت".بونی ئەم دیاردەیە لەکاتێکدایە، کەبەپێی مادەی ٣٠٧ لە یاسای سزادانی عێراقی هەر فەرمانبەرێک یان ئەوکەسەی خزمەتێکی گشتی دەکات بەرتیل وەربگرێت، ئەوا زیندانی دەکرێت بەشێوەیەک لە ١٠ ساڵ زیاتر نەبێت و بەپێ بژاردن لە ٥٠٠ هەزار دینار کەمتر نەبێت[128].

ئێن ئارِ تی زانیاری وردی لایە لەسەر بەشی زۆری ئەو دەلالانە و شێوازی پارەدانەکە تا دەگاتە بەرزترین ئاست لە هەرێمی کوردستان، کە هەم دەلاڵ و کەسی نزیکیان هەیە و هەمیش کۆمپانیا و نوسینگەی تایبەتیان هەیە و بازرگان و کەسایەتییەکان سەردانیان دەکەن بۆ وەرگرتنی پرۆژە.

### ❖ گەندەڵی یاسایی

یەکێکی دیکە، لەسیماکانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان بریتییە لەبونی دیاردەی گەندەڵی یاسایی، بۆ نمونە هەر یاساو بڕیارێک لەپەرلەمانی کوردستان دەربکرێت، ئەگەر نەچێتە خزمەتی بەرژەوەندی هەردو حیزبە فەرمانڕەواکەی هەرێم (یەکێتی و پارتی)، ئەوا یاساکە تەنها لەسەر کاغەز دەمێنێتەوەو ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، یاخود یاساکە جێبەجێ دەکرێت، بەجۆرێک کەبچێتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، لەم روەشەوە نمونە زۆرن[129]:

1. لە ساڵی (2007)ەوە یاسای ژمارە (22) ی، نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەرچوە، واتە (13) ساڵە ئەو یاسایە بونی هەیە، بەڵام وەک ئەوەی هەیە کاری پێناکرێت، دەبینین تا ئەمڕۆ بەپێی یاساکە دام و دەزگاکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەتەواوی دروست نەکراون، کارو بەرنامەکانی وەزارەتەکەش دیار و شەفاف نیەو خودی وەزارەتەکەش بەهۆی ئەو رێژە زۆری گەندەڵی کەلەرێگەیەوە ئەنجامدراوە، بوەتە ناشەفافترین وەزارەت.

---

127 کامێرای نهێنی NRT ئەمجارە بابەتێکی دیکە ئاشکرادەکات.

128.هەمان سەرچاوە.

129. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جەلال جەوهەر، ململانێی زلهێزەکان ومەترسیەکانی لەسەر کوردستانی عێراق؟، پێگەی ئەلیکترۆنی: https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=2589

2. له ساڵی (2013)ەوە، یاسای ژماره (3)ی، کێبڕکێ و قەدەغە کردنی قۆرغکاری له هەرێمی کوردستان دەرچوه. بەڵام تائێستا کاری پێناکراوەو هەردو حیزب لەبچوکترین بازرگانیەوە، تاگەورەترین بازرگانیان لەهەرێم کوردستان بۆ خۆیان قۆرغکردوه.

3. له ساڵی (2014)ەوە، یاسای ژماره (5)ی، پێدانی بودجەی حیزبەکان لەپەرلەمان دەرچوە، بەڵام ئەم یاسایەش تائێستا کاری پێنەکراوە. ئەمەش تەنها بۆ ئەو مەبەستەیە کەحیزبەکانی دیکەی کوردستان چاویان له دەستی پارتی و یەکێتی بێت.

4. له ساڵی (2015)ەوە، یاسای ژماره (2)ی، سندوقی کوردستان بۆ داهاته نەوتی و گازییەکان دەرچوه، بەڵام ئەم یاسایەش جێبەجێ نەکراوەو دامەزراوەکانی ئەم سندوقه و دەستەکەش تائێستا پێکنەهێندراون.

5. ژمارەیەک یاسای دیکەش هەن که به نیوەو ناچڵی کاریان پێدەکرێت. لەنمونەی یاسای ژماره (34)ی ساڵی (1986)ی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکی دەوڵەت، یاسای کارگێڕی دارایی فیدرالی ژماره (6)ی ساڵی (2019) ... نمونەی یاساو بڕیاری لەم جۆره زۆرن، کەبەپێی گونجاندنیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکی دیاریکراودا کاریان پێدەکرێت.

بەمجۆرەی کەباسمان کرد، دەبینین کەچۆن دیاردەی گەندەڵی، بوەته کێشەی سەرەکیی له هەرێمی کوردستان، تەنانەت بەپێی ئەو پێوەرانەی کەپێشتر باسمانکرد، دیاردەی گەندەڵی لەعێراق و هەرێمی کوردستان، گەیشتوەته ئاستی فۆڕمی حکومرانی چەتەکان (کلیپتۆکراسی). کلێپتۆکراسیش بریتیه له توندترین ئاستەکانی گەندەڵی حوکمڕانی، تیایدا کەمینەیەک له دەسەڵاتداران دەستیان گرتوه بەسەر سامانی گشتی وڵاتداو وەک سامانی تایبەتی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیاندا. هاوکات بەشێک لەوداهاتانەش ڕەوانەی بانکەکانی دەرەوەی وڵاتەکانیان دەکەن له ژێر ناوی نهێنیو شاراوه شەخسی تۆماریان دەکەن. هەروەها دامو دەزگا چاودێرییەکان یاخود نین یان بونیان تەنها شکڵیه. ئامانجی سەرەکی ئەم کەمینەیه درێژەدانه به هەژمونیانو مانەوەیان له دەسەڵات، هەرکاتێکیش هەڕەشه لەسەر بەرژەوەندیەکانیان دروست ببێت، لەرێگەی هێز حکومەت وەک دەزگایەکی سەرکوتکەر له روی کۆمەڵایەتییەوە پشێوی دروست دەکەن. له روی ئابورییەوه سستیو ڕانەپەراندنو گەندەڵیو کێشەی ئابوری دێننه ئاراوە، له روی سیاسیشەوە لەرێگەی گۆرینی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەوڵی مانەوەیان دەدەن له دەسەڵاتدا. بەم پێیەش دیارتین تایبەتمەندییەکانی ئەم فۆڕمه لەحکومرانی بریتییه له (بەسیستەمبونی گەندەڵی، نەبونی پشتگوێخستنی لێپرسینەوەو سزادان، لاوازی دامو دەزگا فەرمیەکان لەبەرامبەر دامو دەزگای حزبی و کەسییەکان، بەبازرگانبونی سیاسییەکان، نەبونی دادپەروەری و بڵاوبونەوەی نایەکسانی، گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنه گشتیەکان وپەیرەوکردنی سیاسیەتی ئابوری نەزۆک، نزمی ئاستی بەرهەمهێنان و خراپی دۆخی ئابوری گشتی، لاوازکردن وبەکارهێنانی ڕێکخراوه مەدەنیەکان، وروژاندنی ململانێیەکان و دروستکردنی قەیران بەشێوەیەکی

مەبەستدار...[130]). لەوردبونەوە لەپێناسەو تایبەتمەندییەکانی ئەم فۆرمە لەحکومڕانی، دەبینین ئەو ئاستەی گەندەڵی پێیی گەیشتوە لەعێراق و هەرێمی کوردستان، بریتییە لەفۆڕمی کلیپتۆکراسی.

ئەوەی تایبەتە بەهەرێمی کوردستان، لەئێستاشدا سەرەرای ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو دامەزراوەو رێکخراو کاردەکەن بۆ روبەروبونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان. بەڵام هاوشێوەی حکومەتی بەغدا، ئەو رێکخراو دامەزراوانەی هەرێمیش نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە دروستبکەن. بۆیە دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان بەردەوام روی لە زیادبونە.

## سێهەم: هۆکارەکانی دروست بون و تەشەنەسەندنی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان

هۆکارەکانی دروستبون و تەشەنەسەندنی گەندەڵی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆرێت، بەڵام ژمارەیەک لەوهۆکارانە خاڵی هابەشی دروستبونی ئەم دیاردەیەن. لەهەرێمی کوردستانیش کۆمەڵێک هۆکار، بونەتە هۆی بڵابونەوەو تەشەنەسەندنی ئەم دیاردەیە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیدا، لێرەدا هەوڵدەدەین تیشکیان بخەینەسەر[131]:

1. **هۆکارە سیاسیەکان:** ئەوانەش بریتین لە (نەبونی دیموکراسی ڕاستەقینە، نەبونی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز یاخود رێگری و بەربەرەکانی ئۆپۆزسیۆن، جێبەجێنەکردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لاوازی دەزگاکانی چاودێری (بەتایبەت پەرلەمان)، لاوازی دەزگاکانی لێپرسینەوەو سزادان، سەرەوەر نەبونی یاساو سەربەخۆ نەبونی دەسەڵاتی دادوەری، کۆنی پەیکەری ئیداری دامەزراوەکانی حکومەت، زۆری دامودەزگاو ناوەدەکانی بریاردان، ڕۆتینی زۆر لەیاساو رێنماییەکاندا، نەبونی کەسی شیاو لەشوێنی شیاو، قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن کەسێک یاخود گروپ و حیزب و خێزانێکەوە، تەزویرکردنی هەڵبژاردنەکان و کڕینی دەنگی دەنگدەران، زۆربونی ژمارەی حیزبەکان و تۆخبونەوەی دیاردەی حیزبایەتی، تۆخبونەوەی بەرژەوەندیی خۆویستانەی بەرپرسانی دامەزراوەکانی حکومەت، نەبونی میدیای ئازادو رێگریکردن لە میدیاو هاوڵاتیان بۆ دەستگەیشتن بەزانیارییەکان، لاوازی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەربەخۆنەبونیان، نا ئارامی بارودۆخی سیاسی، نەمانی ئومێدی گۆڕانکاری و نیەتی چاکسازی، بەهێزبونی و دەستێوەردانی حیزب لەگشت بوارەکاندا، بەهێزبون و تەشەنەسەندنی دیاردەی دەسەڵاتی قوول لەکۆمەڵگادا ...).

2. **هۆکارە ئابورییەکان:** بریتین لە: (نەبونی شەفافیەت لەکارو چالاکیەکانی حکومەت و دەزگا ئابورییەکاندا، نەبونی سیستەمێکی دارایی ڕوون و شەفاف، بڵاوبونەوەی دیاردەی هەژاری و بێکاری،

---

130 . بۆ زانیاری زیاتر بروانە: ئاریان رەئوف، کلێپتۆکراسی (حوکمڕانی چەتەکان) هەرێمی کوردستان بە نمونە، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، ئازاری 2017.
Sarah Chayes, “Thieves of States: Why Corruption threatens Global Security”, (New York City: W. W. Norton & Company, 2015).

131 ئێمە لێرەدا ئەم هۆکارانەمان بەستوەتەوە بەواقیعی ئێستای هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام لەراستیدا زۆرێک لەم هۆکارانە لەعێراق و وڵاتانی دیکەشدا بونیان هەیە، لەهەمو کۆمەڵگاکانیشدا، هەر ئەم هۆکارانەن کەبونەتە فاکتەری سەرەکی و خاڵی هاوبەش بۆ دروستبون و تەشەنەسەندن و بەرفراوانبونی گەندەڵی لەکۆمەڵگادا. ئەمە بۆ لێکەوتەو ئاسەوارەکانی گەندەڵیش راستە، کەدواتر باسمان لەبارەیەوە کردوە.

بەرزبونەوەی ئاستی گوزەران و نرخی شتومەک و خەرجیەکان، پشتیوانینەکردن لەبەرهەمی ناخۆ، پشتبەستن بەتەنها یەک سەرچاوەی داهات لەنمونەی نەوت کەوڵات دەکاتە دەوڵەتێکی کرێخۆر، نەدانی موچە لەکاتی خۆیدا، جیاوازی لەنێوان موچەو داهاتی دەسەڵاتداران و فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، (ئەمەش وادەکات فەرمانبەرانی ئاسایی ناتوانن بە موچەکانیان پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن، ناچار دەبن بە دوای سەرچاوەی دیکەی بژێویدا بگەڕێن)، خراپی دۆخی ئابوری و گەمارۆی ئابوری و بەردەوامی قەیرانەکان، نەبونی دامەزراندن، لاوازی و خراپیی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە لایەن حکومەتەوە، دروستبونی تۆری فراوانی بەرژەوەندی.

3. **هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان**: بریتین لە (تۆخبونەوەی دیاردەی جیاوازی چینایەتی لەکۆمەڵگا بەتایبەت لەنێوان چینی دەسەڵاتدارو دەسترۆیشتو لەگەڵ چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا. بەرزبونەوەی هەرەمەکی ئاستی دیاردەی شارنشینی، نەبونی هەستی هاوڵاتیبون و گیانی نیشتیمان خوازی و نەتەوایەتی، بڵاوبونەوەی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، پابەندنەبون بەبنامای ئەخلاقی و ئاینییەکان، بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری و نزمی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان، لاوازی ئاستی مۆراڵی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان، لاوازی ڕەوشتی وەزیفی فەرمانبەران، بەعادەتبون و بەکلتوربونی گەندەڵی، نەبونی هەستی بەرپرسیارێتی، تۆخبونەوەی دایردەی نەریت و کەلتوری خزمایەتی و حیزبایەتی، ...).

## چوارەم: لێکەوتەو ئاسەوارەکانی گەندەڵی لەسەر هەرێمی کوردستان

1. **لێکەوتەی سیاسی:** بونی گەندەڵی ڕاستەوخۆ کاریگەری دروست دەکات لەسەر سیستەم و دۆخی سیاسی لەوڵاتدا. بەردەوامبونی دیاردەکەش سەرئەنجام سەردەکێشێت بۆ دارمانی سیستەمە سیاسییەکەو دروستبونی ناسەقامگیری و پشێوی سیاسی و ئەمنی لەو وڵاتەدا. بێگومان گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان کاریگەری و لێکەوتەی سیاسی بۆ سەر سیستم و دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان دروستکردوەو لێرەدا بەشێک لەئاسەوارو لێکەوتە سیاسییەکانی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان دەخەینەرو:

- ✓ گەندەڵی، بوەتە هۆی پاشەکشەی بەپراکتیزەکردنی سیستەمی دیموکراسی و دەرکەوتنی سیماکانی سیستمی دیکتاتۆری، لەگەڵ پێشێلکردن و بێڕێزیکردن بەماف و ئازادی تاکەکان و نەبونی ئازادی میدیایی و بڵاوبونەوەی دیاردەی نادادی و نایەکسانی و نەبونی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان.
- ✓ لاوازبونی دەسەڵاتی یاساو دامو دەزگاکانی دەوڵەت، ئەمەش بەهۆی دروستبونی ناوەندی بریاری نارەسمی لەدەرەوەی بازنەی حکومەت. لەوێنەی ناوەندی حزبی و گروپە دەسترۆیشتوەکانی دیکە. ئەمەش کاریگەری لەسەر پێگەی حکومەت دروست دەکات و هاوڵاتیان زیاتر بۆ چارەسەری کێشەکانیان و دەستبەرکردنی پێداویستییەکانیان، پەنا دەبەنە بەر سەرکردەو کەسانی دەسترۆیشتوی سیاسی و ئابوری.

- ✓ بەهۆی گەندەڵییەوە بڕیارە چارەنوسازە سیاسییەکان، زۆرجار بەمیزاجی کەسی و حیزبی دەدرێت و ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی ناکرێت و سەرئەنجام هاوڵاتیان زیانی لێدەکەن. لەنمونەی بڕیاری ریفراندۆم.

- ✓ دروستبونی ململانێ و کێشمی سیاسی و ئەمنی لەنێوان حیزب و گروپە سیاسییەکان و بەربەرەکانێکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بەتایبەت لەوکاتانەدا کەبەرژەوەندییە تایبەتیەکانیانان هەرەشەی دەکەوێتەسەر.

- ✓ بێهێزکردنی دەزگاو دامەزراوەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لەبەرامبەردا کارکردن بۆ بەهێزکردنی دامو دەزگاو سەندیکا حیزبیی و کەسییەکان.

- ✓ بەردەوامیدان بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا، لەگەڵ کڕینی دەنگ و وەلائی هاوڵاتیان لەکاتی هەڵبژاردنەکان، هاوکات تەزویر و یاریکردن بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بۆ قۆرغکردن و بەردەوامبون و مانەوە لەسەر کورسی دەسەلات. واتە لەسایەی سیستمی گەندەڵدا، بەهەڵبژاردن نوێنەرانی راستەقینەی گەل ناگەن بەدەسەلات، زۆرجار کەسانی گەندەڵی دەبنە براوەو لەلوتکەی دەسەلاتدا دەمێننەوە.

- ✓ گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان، کاریگەری دروستکردوە بۆسەر شکۆی هەرێم لەسەر ئاستی دەرەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆش حکومەت و دەزگاکانی چاودێری و لێپرسینەوە متمانەی هاوڵاتیانی لەدەستداوە،  ئەمە تەنانەت گەیشتوەتە ئاستی نەمان و لاوازی ئینتیمای هاوڵاتیان و کەمبونەوەی بەشداری سیاسی و بەفیڕۆدانی تواناکان، بەجۆرێک هەست بە دابڕانی بەردەوام دەکرێت لەنێوان خەڵک و دەسەلاتدا.

- ✓ لاوازبون و شکاندنی هەیبەتی دەسەلاتی یاسادانان و دادوەری، بەرامبەر بەدەسەلاتی حیزب و گروپێکی کەمینە لەنێو دەسەلاتی جێبەجێکردن. لەنمونەی بڕیاری داخستنی پەرلەمان بەبڕیاری پارتی لەساڵی ٢٠١٣ ئەوکاتەی کەپەرلەمان بڕیاریدا وەک رابردو بەرێککەوتنی حیزبی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم درێژ نەکاتەوە.

- ✓ گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان بوەتە سەنگەری پاراستنی بەرژەوەندی گروپ و کەمینەیەکی حیزبی و سیاسی لەبەرامبەر پێشێلکردنی ماف و بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک.

- ✓ تەشەنەسەندن و بەرفراوانبونی قەبارەی گەندەڵی و نەبونی شەفافییەت، بوەتە هۆکاری هێنانە ئارای ناسەقامگیری، بەجۆرێک ناوبەناو هاوڵاتیانی هەرێم، دژ بەدەسەلاتی سیاسی و دیاردەی گەندەڵی دەرژێنە سەرشەقامەکان و خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەردەبرن و دەسەلاتیش بەرێگای بەهێز و بەکارهێنانی توندوتیژی روبەرویان دەبێتەوە.

2. **لێکەوتەی ئابوری:** گەندەڵی چەندین لێکەوتەو کاریگەری نێگەتیف لەسەر دۆخی ئابوری و گەشەی ئابوری بەجێدەهێڵت، لێرەدا پەیوەست بەدۆخی هەرێمی کوردستان بەشێک لەو لیکەوتە سلبیانەی گەندەڵی لەسەر ئابوری هەرێم لەرماوەی ٣٠ ساڵی رابردواد ریز دەکەین:

- ✓ گەندەڵی لەروی ئابورییەوە دەبێتە هۆی هێنانە ئارای دیاردەی کورتهێنانی بودجەی گشتی وڵات و ساڵانە نزیکەی نیوەی داهات لە وڵاتانی گەندەڵدا بەگەندەڵی بەهەدەردەروات. گەندەڵی سەرئەنجام سەردەکێشێت بۆ هەڵئاواسانی ئابوری و کەمبونەوەی توانای بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی نەتەوەیی و ئاستی داهاتی تاکەکەن، ئەمەش واتە دروستبونی بارگرانی بۆ سەرژیانی هاوڵاتیان وزیادبونی بری تێچوی خەرجی بەرامبەر بەداهات و دروستبونی کۆسپ لەبەردەم گەشەپێدانی ئابوریدا. بەنمونە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠١٤وەوە پرۆژە یاسای بودجەی نییە، ئەمەش دەرگایەکی دیکەی کردوەتەوە لەبەردەم دیاردەی گەندەڵی و بەهەدەردانی بودجەی گشتی هەرێمدا.
- ✓ گەندەڵی سەرچاوەی داهاتە گشتییەکانی حکومەتی پەرتەوازەکردوە، ئەوەش بەهۆی بونی ئەو رێژە زۆرە لەبەرتیل و پارەخواردن کەبەرپرسەکان لەئاستە جیاوازەکان بەرامبەر بە کەمکردنەوەی باج و گومرگ یاخود پێدانی پرۆژەیەک وەریدەگرن.
- ✓ کەمبونەوەی هەلی کارو بەرزبونەوەی رێژەی بێکاری، بەتایبەت بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان، کەنزیکەی ٩ ساڵ دەبێت، حکومەتی هەرێم دەرگای دامەزراندنی لەبەردەم دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکاندا داخستوە.
- ✓ نەبونی سەقامگیری ئابوری بوەتە هۆکار بۆ نەبونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ راکێشانی وەبەرهێنی دەرەکی و دروستبونی کێبرکێ لەگەڵ وەبەرهێنانی ناوەکی.
- ✓ دروستبون و تەشەنەسەندنی دیاردەی قاچاغچێتی لەسەر مەرزەکان، کەلەئێستادا دۆخەکە گەیشتوەتە ئاستێکی مەترسیدارو بەرپرسانی حیزبی دو پارتە فەرمانڕەواکە بەئاشکراو پشت بەست بەهێزی چەکداری حیزبی کاری قاچاغچێتی لەسەر مەرزەکان ئەنجام دەدەن و رۆژانە بەهەزاران تەن خواردن و شت و مەکی رێگە پێنەدراو بەپێی یاسا دەهێننە نێو بازارەکانی هەرێمی کوردستانەوە.
- ✓ لاوازبونی گەشەی ئابوری، بەهۆی لاوازبونی ئاستی گشتی خواست و خستنەرو، ئەمەش بەهۆی نایەکسانی لەدابەشکردنی دەرامەتەکانی کۆمەڵگا، لەبەرژەوەندی کەمینەیەک لەسەر حسابی زۆرینەی کۆمەڵگا، سەرئەنجام ئەمەش سەردەکیشێت بۆ شکانی بەرهەمی ناخۆو بەردەوام هاوردەکردنی کاڵاو خواردن و شمەکی دەرەکی.

- ✓ دروستبونی دیاردەی ناعەدالەتی ئابوری و تۆخبونەوەی دیاردەی چینایەتی، ئەوەش بەهۆی دابەشکردنی داهات و سامانی گشتی بەشێوەیەکی نادادپەروەو یەکسان بەسەر توێژە جیوازەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ دروستکردنی جیاوازی لەروی موچەو ئیمتیازاتەوە، لەنێوان فەرمانبەرانی پلە باڵای دەوڵەت و فەرمانبەرانی ئاسایی، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ تۆخبونەوەی دیارەی ناعەدالەتی لەنێوان ئاستی ژیان و زەقبونەوەی زیاتری جیاوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتی.
- ✓ کەمبونەوەو دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ هاوڵاتیان، لەنمونەی ئاو و کارەباو شەقام و خوێندن و تەندروستی ...هتد،
- ✓ دروستبونی نارەزایەتی جەماوەری دژ بەدەسەڵات و بەفیرۆدانی موڵک و ماڵی گشتی بۆ بەرژەوەندی حیزبی و تایبەتی.
- ✓ دروستبونی دیاردەی دەوڵەمەندبونی خێراو نایاسایی و بردنە دەرەوەی سەرمایەی ناوخۆ بۆ دەرەوەی وڵات.
- ✓ خۆدزینەوە لە ئەنجامدانی چاکسازی ڕیشەیی بەردەوامیدان بەدیاردەی قۆرغکاری ئابوری و بازار و نەوت و بازرگانی ... هتد.
- ✓ نەبونی ژینگەیەکی یەکسان لەبەردەم وەبەرهێنەرانی ناوخۆ، وەرگرتن و پێدانی تەندەرو پرۆژەکان، زیاتر دراوەتە دەست کەس و بەرپرس و کۆمپانیا حیزبییەکان. کە ئامانج لێیان دەستکەوت و قازانجی خێرا و تایبەت، لەبەرامبەردا کۆچکردنی سەرمایەداران و توانا ئابورییەکان بۆ دەرەوەی وڵات. لەبەر نەبونی هەلی بەشداری پێکردنیان لە وەرگرتنی پرۆژەو تەندەرو پۆستە گشتییەکاندا.
- ✓ خراپ بەکارهێنان و بەهەدەردانی وزەو تواناو سەرچاوەیی  داهات و ئابوری نیشتیمانی، لەو پرۆژانەی جەدوای ئابوری گرنگی گشتی نیەو خەرجی و تێچونێکی زۆری پێویستە، یاخود بەردەوامیدان بەخەرجی ناپێویست. ئەمەش واتە بەکارهێنانی سامان و داهاتی نەتەوەیی، لەپێناو پرۆژەی تایبەتی، کەدەبێتە هۆی دارمانی داهاتی گشتی.
- ✓ بەردەوامبونی گەندەڵی و نەبونی سەقامگیری، بەردەوام یاخود نابەناو بوەتە هۆی هێنانە ئارایی قەیرانی دارایی، ئەمەش بوەتە هۆکار بۆ خراپی سومعەی سیستمی سیاسی و ئابوری هەرێم، بەتایبەت لەسەر ئاستی دەرەکی. ئەمەش ئاستی وەربەرهێن و سەرمایەگوزاری بیانی بۆ ناوخۆی هەرێم کەمکردوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە مەترسی بۆ سەر وەرگرتنی کۆمەک و یارمەتی دەرەکی بۆ هەرێم دروستکردوە.

- ✓ گەندەڵی ئاستی چالاکی کەرتە ئابورییەکانی لاوازکردوە، بەجۆرێک بری تێچونی پرۆژەکان زیادی کردوە هاندانی وەبەرهێنان پەکی کەوتەوە، بەتایبەت لەماوەی چەند ساڵی رابردودا، ئەمەش وایکردوە ژمارەیەکی زۆر لەکۆمپانیانی ناوخۆیی و بیانی پاشەکشە لەپرۆسەی بونیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوە بکەن. بەتایتبەت کەم کارو پرۆژە هەیە لەهەرێم، بەرپرسی حیزبی تیایدا پشکدار نەبێت یاخود داوای بەرتیل و هاوبەش بونی تێدا نەکات. ئەمەش وایکردوە بەرتیل و باجی بەرپرسان کە وەریدەگرن، جێگەی باجی حکومی بگرێتەوە.
- ✓ بەکارهێنانی سەرمایەی گەندەڵی لەشۆردنەوەی پارەو بازرگانی مادەی هۆشبەرو کڕین و فرۆشتنی کەرەستەی سەربازی.

3. **لێکەوتەی کۆمەڵایەتی:** دیارترین لێکەوتەکانی گەندەڵی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان بریتین:

- ✓ بڵاوبونەوەی دیاردەی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و تۆخبونەوەی جیاوازی چینایەتی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و نەبونی دەرفەتی یەکسان لەنێوان نەوەی توێژو چینە جیاوازەکاندا.
- ✓ بەکلتوربونی گەندەڵی و دروستبونی هەستی (کەس زەرەرمەند نابێت لەگەندەڵی و نابێتە قوربانی، بەڵکو هەموان لێی سودمەند دەبن). لەگەڵ دارمان و لێکترازان و لەناوچونی بەها رەوشتی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگا.
- ✓ تەشەنەسەندنی هەستی نائومێدی و غەدرو ستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری لای زۆربەی کۆمەڵگا، لەگەڵ نەمانی هەستی بەرپرسیارێتی و ئینتیما بۆ نیشتیمان و بەها پیرۆزەکان، تا گوێنەدان بەئەنجامدانی تاوان و لادانی کۆمەڵایەتی.
- ✓ کەمبونەوەی رێژەی هاوسەرگیری و زیادبونی رێژەی جیابونەوەو هەڵوەشانی چەندین خێزان بەتایبەتی لەنێوان توێژی گەنجان.
- ✓ زیادبونی رێژەی هەژاری و برسێتی و زیادبونی رێژەی تاوانە جۆربەجۆرەکان. سەرکێشان بۆ دروستبونی رق و پشێوی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا، تا گەیشتن بەناسەقامگیری ئاسیشی کۆمەڵگە.
- ✓ زیادبونی دیاردەی تورەیی و هەڵچونی ناپێویست و تەشەنەسەندنی نەخۆشی، بەتایبەتی نەخۆشییە دەرونییەکان.
- ✓ زیادبون و بەردەوامی دیاردەی کۆچکردن بۆ دەرەوە، بەهۆی هەستکردن بۆ رێزنەگرتن لەنرخ و بەها بۆ توانای مرۆیی و ئەرک و پیشەکان.بەتایبەت لەنێو توێژی گەنجاندا.
- ✓ لاوازبونی میدیای ئازادو کرینەوەی زۆرێک لەدەنگە نارازییەکانی دژ بەدەسەڵات و بەسێبەربونی بەشێک لەمیدیا بەناو ئازادەکانی رابردو بۆ دەسەڵات. ئەمەش بوەتە هۆکاری گرانی دەستگەیشتن بەسەرچاوەی زانیارییە راستەکان.

## پێنجەم: کێشەو گرفتی دامەزراوەکانی روبەروبونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان

لەهەرێمی کوردستاندا چەند دامەزراوەیەک بونیان هەیە، کە راستەوخۆ لێپرسراون لەپرسی روبەروبونەوەی دیاردەی گەندەڵیدا. بەڵام ئەم دامەزراوانە تا ئێستا وەک پێویست نەیانتوانیوە روبەروی ئەم دیاردەیە ببنەوە، ئەوانیش بریتین لە: (دەستەی دەستپاکی، دەزگای داواکاری گشتی، دیوانی چاودێری دارایی):

1. **دەستەی دەستپاکی:** بەیاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ لەپەرلەمانی کوردستان دروستکراوە، بەمەبەستی بەهێزکردنی چاودێری و لێپرسینەوە بەسەر دەسەڵاتەکان و روبەروبونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم دەستەیە تا ئێستا نەیتوانیوە وەک پێویست بەو ئەرکە گرنگە هەڵبستێت کەلەسەر شانییەتی. ئەوەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار لەوانەش[132]:

- ✓ بونی دەستێوەردانی حزبی و کەسی و دروستکردنی لەمپەرو کێشە بۆ کارەکانیان. ئەمەش وایکردوە کەدەستەکە نەتوانێت وەک پێویست روبەروی ئەو دۆسیانەش ببێتەوە کەزانیارییان هەیە دەربارەی. بۆ نمونە، بەپێی زانیارییەکانی ئەم دەستەیە، لەساڵی ٢٠١٨دا، بەهای گەندەڵی لەپارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک، نزیکەی 277 ملیار دینار بوە. بری ئە پارەیەش کە ئەم دەستەیە لەرێگەی کارەکانییەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی گەڕاندراوەتەوە، تەنها نزیکەی 40 ملیار دینار بوە.
- ✓ بونی حەسانەو پارێزبەندی بۆ بەرپرسانی حکومی و سەربازی و حزبی و سیاسی، بوەتە کێشەیەکی گەورە لەبەردەم لێکۆڵینەوە لەبەشێکی زۆری ئەو کەس و بەرپرسانەی سکاڵایان لەسەرە.
- ✓ دواکەوتنی دادگاکان لەجوڵاندنی کەیسەکانی گەندەڵی، هاوکات بەرکەوتنی کەسیەکانی گەندەڵی بەر لێبوردنی گشتی. بۆ نمونە لە ساڵی 2016 تاوەکو و ساڵی 2018، زیاتر لە 400 دۆسێی گەندەڵی لە دەستەی دەستپاکی کوردستان هەبوەو لێکۆڵینەوەیان تێداکراوە. بەڵام کە ئەو دۆسێیانە دراونەتە دادگا، لەلایەک بەهۆی نەبونی بەڵگەی پێویست، یاخود بەهۆی لێبووردنی گشتییەوە، بەشێک لە دۆسیەکان داخراون.
- ✓ هەمووارکردنەوەی یاساکەو چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم دەستەیە لەروی هەیکەلیەتەوە، بۆ نمونە لەروی ئیدارییەوە ئەم دەستەیە کێشەی هەبونی بۆشایی ئیداری هەیە، هەندێک لەبەرێوبەرە گشتیەکانی بەوەکالەت بەرێوەدەبرێن، ژمارەی لیکۆڵەرەوەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان ١٣ لێکۆڵەرە، تەنانەت لەپارێزگاکانی هەڵبجەو ئیدارەی گەرمیان و راپەڕین و سۆران و چەند ناوچەیەکی دیکە، دەستەکە هیچ لێکۆڵەرێکی نییە، ئەو ١٣ لێکۆڵەرەش زۆر کەمن بۆ لێکۆڵینەوە لەنزیکەی ٨٠٠ هەزار فەرمانبەری کەرتی گشتی. ئەمە لەکاتێکدا لە بۆ تەواوی کوردستان دەستەکە پێویستی بە 50 بۆ 70 لێکۆڵەر هەیە. هاوکات کەمی فەرمانبەری پسپۆر لەبواری یاسایی و

132 بۆ زانیاری زیاتر بروانە: نەخشەرێی چاکسازی و روبەروبونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان، بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ستۆپ زنجیرە ٢١، چاپخانەی کامبرج، هەولێر، ٢٠١٩، لا ٥_٦.

وردبینی کاروبارەکانی ئەم دەستەیە یەکێکی دیکەیە لەکێشەکانی بەردەم کاروباری ڕۆژانی ئەم دەستەیە.

2. **دەزگای داواکاری گشتی:** ئەم دەزگایە لەهەرێم، بەپێی یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ی سەردەمی بەعس دامەزراوە، داواکاری گشتی بەشێکە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەر بەوەزارەتی دادە و لەلایەن سەرۆکایەتی داواکاری گشتییەوە بەرێوە دەبرێت. واتە ئەم دەزگایە پێکهاتەیەک نییە لەدەسەڵاتی دادوەری. لەکاتێکدا بەگوێرەی مادەی ٨٩ی دەستوری عێراقی داواکاری گشتی بەشێکە لەدەسەڵاتی دادوەری، بەگوێرەی یاسای ژمارە ٤٩ی ساڵی ٢٠١٧ی عێراق، داواکاری گشتی سەربەخۆ کراوەوە ئیش و کارەکانی ڕێکخراوەتەوە. واتە لەهەرێم کار بەیاسا کۆنەکەی سەردەمی بەعس دەکرێت، بەهەندێک هەمواری بچوکەوە کەلە یاسای داواکاری گشتی ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠٠٧ لەپەرلەمانی کوردستان چەند برگەیەکی یاساکەی ساڵی ١٩٧٩ی هەموار کردوەتەوە، بەڵام لەعێراقدا ئەو یاسایە هەڵوەشاوەتەوەو یاسای نوێی بۆ دەرکراوە.

ئەم دەزگایەش وەک پێویست ناتوانێت کارەکانی ڕایی بکات لەروبەروبونەوەی گەندەڵیدا، ئەوەش بەهۆی[133]:

- ✓ سەربەخۆ بونی ئەم دەزگایە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن. چونکە ئەم دەزگایە تائێستا لەژێر هەژمونی وەزارەتی دادایە، واتە بەشێکە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن و ناتوانێت لێکۆڵینەوەش لەو دەسەڵاتە بکات. بۆیە پێویستە بکرێتە دەزگایەک لەنێو دەسەڵاتی دادوەریدا. تادەستی کراوە بێت لەکەیسەکانی لێکۆڵینەوەو چاودێری و بەدواداچون و سزادادندا.
- ✓ دورخستنەوەی دەستی حیزب و بەرپرسانی سیاسی لەکاروبارەکانی ئەم دەزگایەدا.
- ✓ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی داواکاری گشتی و دامەزراوەکانی دیکە، هاوکات پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بەئەندامەکانی ئەم دەستەیە بۆ ئەدائی کارەکانیان و جوڵانی سکاڵاکان.
- ✓ ئەو کەیسانەی کەلەلایەن داواکاری گشتیەوە دەجوڵێندرێن هەندێکجار یەکلا ناکرێنەوە، یاخود خێرا یەکلاناکرێنەوە، یاخود لەکاتی یەکلاکردنەوەیاندا بەر لێبوردنی گشتی دەکەون.
- ✓ هەموار کردنەوەی یاساکە، یاخود کارکردن بە یاسای داواکاری گشتی ژمارە ٤٩ی ساڵی ٢٠١٧ی پەرلەمانی عێراق. د. محەمەد ڕێکانی، ئەندامی داواکاری گشتی لەم بارەیەوە دەڵێت: "داواکاری گشتی دەزگایەکە کە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی، ڕۆڵی زۆری هەی. ئەویش بەو مەرجەی یاسای باشی هەبێت و پشتیوانیی کارەکانی بکرێت. بەڵام لەهەرێم بەهۆی کۆنیی یاساو نەگونجانییان لەگەڵ ئێستا، داواکاری گشتی نەیتوانیوە کارێکی زۆر گەورە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی بکات، یاسای داواکاری گشتی پێویستی بە هەموارکردنەوەیە، چونکە ئەوەی هەیە دەسەڵاتێکی کەمی داوەتە داواکاری گشتی، لە بەدواداچون و پاراستنی سامانی گشتی، بۆیە دەبێ گۆڕانکاری بکرێت، بۆ ئەوەی داواکاری گشتی ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێت و لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بێت".

133 نەخشەرێی چاکسازی .... سەرچاوەی پێشو، لا ٧_٨.

پێی وایە: "بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە هەندێک دەزگای ستراتیجی دەکرێت، ئەگەر داواکاری گشتی ئەکتیف نەکرێت و پشتیوانی نەکرێت، ناتواندرێت بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە."

3. **دیوانی چاودێری دارایی:** بەپێی مادەی چواری یاسای ژمارە (2) لە ساڵی (2008) ئامانجی سەرەکی دیوانی چاودێری دارایی بریتیە لە "پارێزگاری کردن لە موڵک و ماڵی گشتی لە رێگای پیادەکردنی چاودێری کردنێکی کاریگەرانە بەپێی ئەو پسپۆڕایەتی و دەستەڵاتانەی کە ئەم یاسایە پێی داوە".

لەسەردەمی دو ئیدارەیدا دیوانی چاودیری دارایی لەسلێمانی لەساڵی ١٩٩٧دا دروستکرا، لەئیدارەی هەولێریش لەساڵی ٢٠٠١ دیوانی چاودێری دەستبەکاربو، لەساڵی ٢٠٠٨ یاسای ژمارە (2) دەرکرا و رێوشوێنی یەکخستنەوەی دیوانی چاودێری دارایی دارێژرا، بەڵام تا دو ساڵ دواتر کار بەیاساکەی نەکرا، سەرۆکی دیوانی نوێش پاش دوساڵ لە ٢٠١٢ خانەنشینکرا، دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ٢٠١٣، لەساڵی ٢٠١٤ سەرۆکێکی نوێ بۆ دیوانی چاودێری دارایی لەپەرلەمان هەڵبژێردرا.

گرنگی دەزگای چاودێری داراییش لەوەدایە کەئەم دەزگایە پشکنینی و وردبینی و لێکۆڵینەوە بۆ خەرجییە گشتییەکان دەکات، لەبنەماشدا ئامانج لەدروستکردنی دیوانی چاودێری دارایی، بریتی بو لەچاودێری کردن و وردبینی و دڵنیابون لە سەلامەتی سەرچاوە داراییە گشتییەکان و باج و خەرجی و سەرفکردن لەدامەزراوە حکومییەکاندا.
لەم چوارچێوەیەشدا یەکێک لەئەرکە سەرەکییەکانی ئەم دەزگایە بریتیە لەچاودێری لەپێناو روبەروبونەوەی گەندەڵی. بەڵام سەرەرای بونی ئەم دامەزراوەیە لەهەرێم لەساڵی ١٩٩٧ لەئیدارەی سلێمانییەوە تا ئێستا، بەڵام بەهۆی گیروگرفت و کێشەو رێگرییەکانەوە، ئەم دەزگایە وەک پێویست نەیتوانیوە کارەکانی ئەنجام بدات، کەدەکرێت لەچەند خاڵێکدا ئاماژە بەگیروگرفتەکانی ئەم دەزگایە بکەین[134]:

- ✓ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای فەرمانبەران دیوانی چاودێری دارایی، پشت بەست بەئەزمونی وڵاتان و شێوازو میکانیزمە ستانداردەکانی کاری ئەم دەزگایە لەوڵاتانی پێشکەوتو.
- ✓ ئەم دەزگایە لەماوەی رابردودا وەک پێویست نەیتوانیوە دەستی بگات بەهەمو گرێبەستەکان بەتایبەتی لەبواری گازو نەوت، لەهەرێمی کوردستان.
- ✓ نەبونی پەیوەندییەکی بەهێزو ئیلزامی، لەنێوان دیوان و دامەزراوەکانی حکومەت، ئەمەش وایکردوە دامەزراوەکانی حکومەت، وەک پێویست پابەندی دیوان نین، یاخود لەکاتی پێویست و بەخێرای وەڵامی نوسراو داواکارییەکانی دیوان نادەنەوە.
- ✓ هەموارکردنەوەی یاساکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ کار و پێداویستییەکانی ئەمرۆدا بگونجێت.

134 نەخشەرێی چاکسازی .... سەرچاوەی پێشو، ل٩٧.

## شەشەم: دۆخی گەندەڵی هەرێم بەپێی دواین ئاماری دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی ڕۆژی ٩_١٢_٢٠٢٠، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، نوێترین ئامارو کەیسە تۆمارکراوەکانی گەندەڵی و ئاماری سزادراوان بەتۆمەتی گەندەڵی، لەهەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە.

(حاکم ئەحمەد ئەنوەر)، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: "گەندەڵی ئێستا بوە بە کێشەیەکی جیهانیی و سنوری وڵاتانی بەزاندوە، بەپێی ڕیزبەندی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراقیش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە گەندەڵییان تێدایە، هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی عێراقدا بەشێکی ئەو گەندەڵییە دەیگرێتەوە".

لەبارەی ئامارەکانی گەندەڵی و چۆنیەتی لێکۆڵینەوەیان لەلایەن دەستەی دەستپاکی ڕایگەیاند: "لە ماوەی ساڵی ٢٠١٥ تا ساڵی ٢٠٢٠ لە دادگاکان، ١٥٨ کەیسی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە، لەو کەیسانەش زۆرترینیان لە سنوری پارێزگای دهۆک بووە کە ٦٥ کەیسە و دواتر سلێمانی بە ٥٣ کەیسی گەندەڵی و لە پارێزگای هەولێریش ٤٠ کەیس تۆمارکراوە."[135]

(حاکم ئەحمەد ئەنوەر) گوتیشی:"بەتەنها لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٠ لە تەواوی هەرێمی کوردستان، ٧٠ کەیسی گەندەڵی ڕەوانەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان کراوە، لێرەشدا زۆرترین ڕێژەی گەندەڵی لە سنوری پارێزگای دهۆک بوە بە ٣٩ کەیس، دواتر هەولێر ١٥ کەیس و سلێمانییش ١٤ کەیس[136]."

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند "ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی ئەمساڵ ڕەوانەی دادگاکان کراون و بەتۆمەتی گەندەڵی سزادراون ٢٦ کەس بون، ١١ کەسیان لە هەولێر و حەوتیان لە دهۆک و پێنج کەس لە گەرمیان و سێ کەسیشیان لە سلێمانی بون، 158 کەسیش لە قۆناغی دادگاییکردندان"[137].

(حاکم ئەحمەد ئەنوەر) دەربارەی پلە و کاری ئەو کەسانەش کە سزادراون گوتی: "ئەو ٢٦ کەسەی سزادراون زۆرترینیان فەرمانبەری حکومەتن، یەک بەڕێوەبەری گشتی و پێنج بەڕێوەبەر و یەک بەڕێوەبەری پێشکەوتو، ١٤ فەرمانبەر و یەک پۆلیسی خانەنشین و یەک پاسەوان، سێ کەسیش لە سزادراوان کاسبکار بون[138]".

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، ڕاشیگەیاند"کۆی گشتی ئەو زانیارانەی ئەمساڵ لەسەر کەیسی گەندەڵی دراوتە دەستەی دەستپاکی بریتیبون لە ٩٢ زانیاری هەواڵدەری، لەو ژمارەیەش بەهۆی

135 دەستەی دەستپاکی هەرێم: "٢٦ کەسمان بەتۆمەتی گەندەڵی سزاداوە".
136 هەمان سەرچاوە.
137 دەستەی دەستپاکی هەرێم، سەرچاوەی پێشو.
138 هەمان سەرچاوە.

هەبوونی بەڵگەی پێویست ٨٧ کەیسیان تۆمارکراوەو لەئێستادا لەژێر لێکۆڵینەوەدان لەلایەن دەستەکەمانەوە[139]."

دواجار سەرۆکی دەستەی دەستپاکی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد:"ڕێگاکانی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەربڵاو سەرجەم سێکتەرەکانی گرتوەتەوە زیانی ئابوری زۆری گەیاندوە، لە داگیرکردنی موڵکی گشتی و سودمەندبون لە داهاتی گشتی ڕەنگیداوەتەوە. هەرێمی کوردستان ئێستا لە ڕەوشێکی خراپی سیاسی، ئابوری و کارگێڕیدایە، کە پێویستی بە سەروەرکردنی یاسا و بنەبڕکردنی دیاردەکانی زیادەڕەوی و کۆنترۆڵکردنی گومرگەکان و دەروازە سنورییەکان هەیە، پێویستی بە کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهاتەکان هەیە، پێویستی بە پوختکردنەوە و کەمکردنەوەی وەزارەت و دامودەزگاکان هەیە".

هەر دەربارەی دۆخی ئێستای گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، د. حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی، لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دەنگی ئەمریکا، لەڕێکەوتی ٣ی شوباتی ٢٠٢١، ئاماژەی بۆ دیارترین کێشەکانی بەردەم پرۆسەی روبوبونەوەی گەندەڵی کرد لەهەرێمی کوردستاندا.

حاکم ئەحمەد لەو دیدارەدا رایگەیاند:"بونی گەندەڵی لەعێراق و لەکوردستان دیاردەیەکە لەوە دەرچووە کە هەموو لایەک دانی پێدادەنێت ئەوانەی لەدەسەڵاتدان و ئەوانەی لەئۆپۆزیسیۆنن، لەمیدیا و لەسۆشیال میدیاوە، بەدڵنیاییەوە لەئێستادا گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان هەڕەشەیەکی جددیيە و بەبەرفراوانی بونی هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە کەگەندەڵی پەتایەکی ترسناکە و لەهەرێمی کوردستانیش کێشەیەکی زۆر گەورەیە لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی و هەنگاونان بەرەو حوکمڕانیەکی باش، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا لەکوردستان موستەلزەماتی پێویست بۆ دژایەتی گەندەڵی نیە، دەبێت بەواقیعی قسە بکەین کوردستان نەسویسرایە و نەسویدە و نەبۆتە وڵاتی سەروەری یاسا کەبڵێین دەستەی دەسپاکی هیچ گرفتی نییە، دژایەتی کردنی گەندەڵی لەلایەن دەستەکەمانەوە پرۆسەیەکی خاوە، بۆ ئەمەش پێویستیەکانی ئاکتیڤ کردنی پرۆسەی دژایەتی گەندەڵی لەم قۆناغەدا چەند پێداویستیەکن لەوانە، دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ دەستەی دەستپاکی و بۆ دیوانی چاودێری دارایی و بۆ دەسەڵاتی قەزایی، لەگەڵ تەرخانکردنی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ دادگایی کردنی تۆمەتبارانی کەیسی گەندەڵی بۆ ئەوەی پرۆسەی دادگایی کردنەکە دوا نەکەوێت، بەداخەوە ئەم پێداویستیانە تائێستا لە بەردەست نیین لەبەرئەوەیە خودی پرۆسەی دژایەتی گەندەڵی کەدەستەی دەستپاکی پێی هەڵدەستێت پرۆسەیەکە تائێستا لەسەرخۆ و خاوە[140]".

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لەهەرێمی کوردستان راشیگەیاند:"یەکێک لەکۆڵەکەکانی پرۆسەی چاکسازی ڕاستەقینە لەهەر وڵاتێک، دژایەتی کردنی بەردەوام و سەرسەختی گەندەڵیە، چ لەڕێگەی گەیاندنی تۆمەتباران بۆ دادگا، چ لەقۆناغی خۆپارێزی. ئەمەش پێویستی بەکۆمەڵێک ئیجرائات هەیە. لەقۆناغی وشیارکردنەوە دژ بەتاوانەکانی گەندەڵی، تائێستا بەدڵنیاییەوە ئەو پرۆسەیە بەو شێوەیە بەرچاو و

139 هەمان سەرچاوە
140 حاکم ئەحمەد ئەنوەر: تائێستا لەکوردستان موستەلزەماتی پێویست بۆ دژایەتی گەندەڵی نیە.

کاریگەرە بەرێوەنەچووە. بەدڵنیاییەوە یەکێکە لەخاڵە سەرەکیەکانی بوونی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێزە لەلایەن ئەو بەرپێزانەی کە فەرمانڕەوان لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە خاڵی یەکەمی پشتیوانی دامودەزگاکانی چاودێری بە دەستەی دەستپاکی و بەدەزگاکانی تر، ئەوەیە ئەو بەرپێزانەی کە فەرمانڕەوان لە کوردستان قەناعەتێکی تەواویان هەبێت کەپرۆسەی دژایەتی گەندەڵی لەقازانجی خەڵکی کوردستان دەبێت، لە قازانجی خودی ئەو بەرپێزانە دەبێت کە ئێستا متمانەی خەڵکیان بەدەست هێناوە و حکومەتیان دروستکردووە، بەپێچەوانەوە دواخستن و خاوبوونەوەی پرۆسەکە کە ئێستا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەرێوە ناچێت لەزیانی ئەو بەرپێزانەیە چونکە هەر رۆژێک زیاتر بەرەنگاری گەندەڵی نەبینەوە بەدڵنیاییەوە لەقازانجی گەندەڵکارانە هەم سەروەت و سامانی زیاتر بەهەدەر دەچێت هەمیش متمانەی هاوڵاتیان رۆژ بەرۆژ بەدامودەزگا ڕەسمییەکان لەقتر دەبێت[141]".

رۆژی ٢٢ی شوباتی ٢٠٢١ لەراگەیەندراوێکدا دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند:"لەسەر داوای دەستەکەیان و بە نووسراوی ژمارە (1/135) لە 1_12_2020، ئەنجوومەنی دادوەری بە فەرمانی ژمارە 1_1_117 لە 18_2_2021 بڕیاریاندا بە پێکهێنانی دادگایەکی تاوان بۆ دادگاییکردنی سەرجەم تۆمەتبارانی تاوانەکانی گەندەڵی بەناوی (دادگای تاوانەکانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و تایبەتمەند دەبێت بە بینینی کەیسەکانی گەندەڵی[142]." دەستەکە ئەم هەنگاوەی بەرێکارێکی زۆر باشی پێناسە کردوە لەسەر بەرەوپێشبردن و روبەڕوبونەوەی گەندەڵی و خێراکردنی یەکلاکردنەوەی کەیسەکان لە دادگا. دوای تێپەربونی نزیکەی دو مانگ بەسەر ئەو بریارەدا، بەڵام وەک دەبینین تا ئێستا ئەو دادگایە دروستنەکراوە.

---

141 هەمان سەرچاوە.

142 دادگای تاوانەکانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی پێکهێندرا.

## حەوتەم: میکانیزم و راسپاردەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان

میکانیزمەکانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی بە ئەندازەی فراوانی و جۆراوجۆری دیاردەکە زۆرن، چونکە گەندەڵی چەندین جۆرو شێوازی هەیە، تەنها چینێک یان توێژێک نین کە گەندەڵی ئەنجامدەدەن، بەڵکو بەهۆی ئەو دۆخە خراپەی هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە، گەندەڵی تەشەنەی سەندوە بۆ ئاستەکانی خواریشەوە، گرنگترین ئەو ڕێ و شوێنانەش پێویستە بگیرێتە بەر بۆ ڕوبەڕوبونەوەو بەگژاچونەوەو بنبرکردن و کەمکردنەوەی قەبارەی گەندەڵی بریتین لە:

### یەکەم. ئاستی یاسایی

- ✓ پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆ راستەقینەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیاندا. لەگەڵ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی پاک و بێگەردو پێداچونەوە بەتۆماری هەڵبژاردنەکان و سرینەوەی لیستی ناوی مردوان و ناوی پەناهەندەو ئاوارەکانی دەرەوەو ناوخۆ، کە بەردەوام لەلایەنە هێزە دەسەلاتدارەکانی هەریمەوە بۆ مەسەلەی گەندەڵی و تەزویری هەڵبژاردنەکان سودییان لێوەردەگیرێت.

 بۆ نمونە لەهەرێمی کوردستان ئەگەر هەمو چەند ساڵ جارێک هەڵبژاردنی پەرلەمان بەشێوەیەکی پاک و ئازاد بکرێت، هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، هەڵبژارنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ، هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، تا هەڵبژاردنە حزبیەکان لە کاتی دیاریکراودا ئەنجام بدرێن، ئەمە دەبێتە هۆی نوێبونەوەی لەسەر ئاستی کاربەدەستانی وڵات و نوێنەرانی هاوڵاتیان و سەرکردایەتی حیزب و ڕێکخراوەکان، بێگومان لەم ڕێگەیەشەوە کۆمەڵێک خەڵک کەپێشتر لێپرسراوبون، بەسەرنەکەوتن لەپرۆسەکەدا، سزادەدرێن. لەبەرامبەردا ژمارەیەک کەسی دیکە دێنە پێشەوەو بەسەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکان و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی نوێ پاداشت دەکرێنەوە.

- ✓ 2. سەربەخۆیی دادگان و بونی دەسەلاتێکی دادوەری بەهێزو سەربەخۆ، کە بتوانێت لەسەر گەندەڵی، گەورەترین کاربەدەستی حکومی بدات بە دادگاو لێپرسینەوەی لەگەڵادا بکات و سزای بدات. ئەمەش بەبێ ڕێگری و دەستخستنە کاروباریان لەلایەن حیزب و دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە. ئەمەش لەپێناو ملکەچبونی هەمو ئەو کەسانەی پۆستە باڵاو گشتییەکان وەردەگرن، بۆ دەسەلاتی یاسادانان و لێپرسینەوەی یاسایی، لە دەرئەنجامی ئەو کارانەی پێی هەستاون. دواجار پێویستە بەهیچ جۆرێک تاونباران و ئەنجامدەرانی گەندەڵی بەرلێخۆشبونی گشتی نەکەون و سزابدرێن.
- ✓ ٣. پرسی سەروەری یاسا، لە سەرو هەمو هەنگاوێکەوەیە بۆ بەگژاچونەوەی گەندەڵی. چونکە زۆرجار بەرپرسانی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، خۆیان لە سەرو یاساوە دەبینن و بەردەوامیش یاسا بۆ خزمەتی خۆیان و کۆمپانیاو دامەزراوە تایبەتەکانی خۆیان بەکاردەهێنن. لەم بوارەشدا هەرێمی کوردستان پێویستی بە چاکسازی ڕیشەیی هەیە.

- ✓ بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی دۆسییەکانی گەندەڵی کەرەوانەی دادگاکان دەکرێن و دەمێننەوە، یاخود لێبوردنی گشتیان بۆ دەردەچێت، پێویستە دادگایەکی تایبەتمەند بەیەکلاکردنەوەی دۆسیەکانی گەندەڵی دابمەزرێت، ئەمە وادەکات لەلایەک خێرا کەیسەکانی گەندەڵی لەدادگاکان یەکلابکرێنەوە، هاوکات ئەم دادگایە دەبێتە پشتیوانی کارەکانی دەزگاکانی چاودێری و روبەروبەنوەی گەندەڵی.
- ✓ بونی دەستەیەکی دەستپاکی ئازای سەربەخۆ، کەبتوانێت دوای هەمو کەم و کورتییەکان بکەوێت و چاودێرییان بکات و مامەڵەی یاساییان لەگەڵدا بکات.

## دوەم. ئاستی ئابوری

- ✓ بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی و روبەروبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە چاکسازی لەچەند دۆسیەیەکدا بکرێت، دۆسیەی نەوت گرنگترینیانە. لەم پێناوەشدا پێویستە پێداچونەوەی بنچینەیی بکرێت لەم پرسەدا. سەرەتا بە ئاشکراکردنی رێکەوتنی 50 ساڵە لەگەڵ تورکیا بۆ رای گشتی و بۆ لایەنە سیاسییەکان و لێککەوتەکانی ئەو رێکەوتنە لەسەر کۆی مەلەفی نەوتی هەرێمی کوردستان. دواتر هەنگاونان بۆ شەفافکردنی دۆسیەی نەوت، هەر لە کارکردن و تێچون لە بیرەنەوتەکانەوە بۆ دەرهێنانی نەوت بۆ گواستنەوەی نەوت بۆ فرۆشتنی نەوت و گەڕاندنەوەی داهاتەکانی نەوت و پێداچونەوە بە هەندێک لە گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکان. دواجار هەوڵدان بۆ رێککەوتن لەگەڵ بەغداد لەسەر بنەمای دەستور و فرۆشتنی نەوت بەشێوەیەکی هاوبەش، ئەمەش سەرئەنجام دەچێتە چوارچێوەی خزمەتی گشتی بەهەرێم و هاوڵاتیانی کوردستانەوە.
- ✓ پێداچونەوە لیستی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و کۆتایهێنان بەدیاردەی فەرمانبەری بندیوار و دو موچەو زیاتر، پێداچونەوە بە فایلی ٢٤٦ هەزار خانەنشین، پێداچونەوە بە فایلی ١٠٤ هەزار هێزی ناوخۆ، پێداچونەوە بەفایلی ٢١٧ هەزار پێشمەرگە، پێداچونەوە بە فایلی ٩٦ هەزار شەهیدان نزیکەی ٧٠ هەزار پاسەوان. کەمئەندامی سەنگەر ...)، لەگەڵ و هەوڵدان بۆ هێنانە ئارایی دادپەروەری و کەمکردنەوەی جیاوازی گەورە، لەسیستمی موچەی فەرمانبەرانی پلە باڵاو فەرمانبەرانی ئاسایی.143
- ✓ رێگریکردن و کۆتایهێنان بەدیاردەی قاچاغچێتی سەر سنورو مەرزەکان و بەئەلیکترۆنیکردنی کاروباری رۆژانەی مەرزو کۆمپانیاکان، بەڕێکخستنەوەو گەشەپێدان و چاکسازی لەمەرزی ئیبراهیم خەلیل و سمێلکاوە، بۆ مەرزەکانی باشماخ و پەروێزخان و مەرزە لاوەکیەکان. وەک رێگایەک لەبەردەم زیادکردنی داهاتی مەرزەکان بەتایبەتی و داهاتی ناوخۆ بەگشتی.
- ✓ چاکسازی ئابوری و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هاوڵاتیان و دەستبەرکردنی هەلی کاری گونجاو بۆ هاونیشتمانیان و هێنانە پێشەوەی گەنج و سود بینین لە توانا و کەفائەتیان، لەگەڵ

143 عەلی حەمە ساڵح. بڕینی ١٠ هەزار موچەی نایاسایی کارێکی باشە، بەڵام.

بونی شەفافییەت لە داهاتی گشتیی وڵات و ئاشکراکردنی سەروەت و سامان و داهاتی بەرپرسانی هەرێم.

- ✓ 17. دارشتنی پلان و ستراتیژێکی درێژخایەن، بۆ روبەروبونەوەی گەندەڵی، وەک دەرکردنی بریاری ژمارە ١٠٨ی ساڵی ٢٠١٧ی پەرلەمانی کوردستان، کەپلانێکی پێنج ساڵە بو، لەسەر ئاستی هەشت سێکتەر دارێژرابو، بۆ روبەروبونەوەی گەندەڵی بەڵام نەچوە بواری جێبەجێکردنەوە. لەئێستادا پێویستە پلان و پرۆژەو ستراتیژیەتێکی دیکەی لەوجۆرە بۆ روبەروبونەوەی گەندەڵی، بۆ سەرجەم بوار و سێکتەرەکان دابرێژرێت و بەجدی و بەعەمەلی کاری لەسەر بکرێت.

## سێهەم. ئاستی سیاسی و ئیداری و حکومڕانی

- ✓ رۆڵ پێدانی زیاترو رێگری نەکردن لەبەردەم دام و دەزگا چاودێرییەکان و بەتایبەتی پەرلەمان. واتە هەوڵبدرێت پەرلەمان بکرێتە دامەزراوەیەکی کارا، بۆ ئەوەی بتوانێت بەئەرکی خۆی هەڵبستێت، لەچاودێری کردن و لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە، بەمەبەستی ئاشکراکردن و شەفافکردنی بودجەو گرێبەست و قۆنتەرات و مقاوەلاتەکان، ئەوەش لەرێگەی دورخستنەوەی دەستی حیزب لەم دەستەو دامەزراوانەدا.
- ✓ جێبەجێکردنی سیستمی دیموکراسی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەری یاساو ملکەچی و رێزگرتنی هەموان لە یاساو یەکسانی لەبەردەمیدا.
- ✓ هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی حکومڕانی باش (الحکم الرشید)، لەگەڵ هەوڵدان بۆ بچوکردنەوەی حکومەت و بەئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکانی حکومەت. ئەوەش لەپێناو کەمکردنەوەی رۆتیناتی ئیداری و راپەراندنی کارەکان بەکەمترین کات و کەمترین تێچو و کەمترین توانای مرۆیی.
- ✓ دامەزراندنی فەرمانبەرو کارمەندی حکومی لەسەر بنچینەی پێویستی و میلاکاتی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ✓ چاکسازی ئیداریی بە شێوەیەکی ریشەیی و نەهێشتنی رۆتینات و بوار بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی. لەگەڵ دوبارە پێداچونەوە بە رێنمایی و یاساکارپێکراوەکان و جێبەجێکردنی سزای گەندەڵی و دیاری کردنی پاداشت، لە بەرامبەر بنەبڕکردنی هەر گەندەڵیەک لە هەر دامەزراوەیەک لە دامەزراوەکانی حکومەتدا. لەگەڵ بڵاوکردنەوەو گشتاندن و جێبەجێکردنی هەمو ئەو یاساو بریارانەی تایبەتن بە روبەروبونەوەی دیاردەی گەندەڵی، لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا. ئەم لایەنە پێویستە کاری جدی لەسەر بکرێت، چونکە دەبینین زۆربەی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەست بونی دیاردەی رۆتیناتی ئیداری و کۆنی یاساو رێنماییەکان و دیاردەی خزمخزمێنەوە دەناڵێنن، بۆ ئەمەش، پێویستە هەوڵی جدی بدرێت لەپێناو چاکسازی ئیداریی و دامەزراندن و هێنانە پێشەوەی فەرمانبەری لێهاتوی تەکنۆکرات، لە دامەزراوە حکومیەکاندا.

- ✓ بونی ڕۆژنامەوانی ئازادو دەستەبەرکردنی مافی ئازادی کاری ڕۆژنامەوانی. لێرەدا پێویستە ڕاگەیاندنکاران لەرێگەی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری، بەشێوەیەکی ئاسان دەستیان بگات بەزانیارییەکان، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەیان. ئەمەش بۆ ئەوەی راگەیاندنەکان ببنە سەرچاوەیەکی باشی زانیاری. هاوکات بتوانن بەدواداچون بۆ هەمو ئەو گەندەڵیانە بکەن کە لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا ڕودەدەن. بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بۆ خەڵک رون و ئاشکرابن. لەهەمانکاتدا ببنە سەرچاوەیەکیش بۆ دادگاو پەرلەمان، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە. هاوکات بونی جۆرێک لەپارێزبەندی پیشەیی، لەپێناو پاراستنیان لەدەستی حیزب و بەرپرسان و لێپێچینەوەو سزادان و دەستگیرکردن، بەتایبەت لەکاتی ئاشکراکردنی مەلەفی گەندەڵی بەرپرسانی حیزبی و حکومی.
- ✓ یەکێکی دیکە لەرێگاکان بریتییە لەسودوەرگرتن لەئەزمونی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی پێشکەوتو، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی لەروی ئەزمونەوە بەقۆناغە جیاجیاکانی گەندەڵیدا تێپەربون و سەرئەنجام توانیویانە لەقۆناغی بنبرکردن و کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵییەوە بپەرنەوەو بۆ قۆناغی پێشکەوتن و گەشەسەندنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

## چوارەم. ئاستی کۆمەڵایەتی

بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و کارکردن لەسە هۆشیاری تاک بەتایبەتی و جەختکردنەوە لەسەر مەترسی و رەهەندی ئاینی و ئەخلاقی، لەگەڵ گەشەپێدانی کەلتوری دەستپاکی و شەفافییەت. ئەمە یەکێکی دیکەیە لە هەنگاوە گرنگەکان، بۆ ئەمەش پێویستە لەرێگەی بەهێزکردنی کەرتی پەروەردەو فێرکردن و زانکۆکان و فێرگەو ناوەندە ئاینییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دام و دەزگا چاودێرییەکان و دەستەی دەستپاکی... کاری لەسەر بکرێت. واتە جگە لەنیشاندانی مەترسیەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر دارمانی بونیادی سیاسی و ئابوری وڵات، هاوکات گەندەڵی وەک دیاردەیەکی دزێو و مەترسیداری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لەرێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەو بابەتی ئەکادیمیەوە بناسێندرێت. هاوکات لەروی ئاینیشەوە، جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە گەندەڵی سزای دونیایی و دوارۆژی لەسەرە، هەموانیش دژ بەروبەروبونەوەی ئامادەبکرێن.

بۆ جێبەجێبونی ئەم ڕاسپاردەو هەنگاوە کرداریانە، لەپێناو ڕوبەروبونەوەی ئەم دیاردەیە، جێی خۆیەتی ئاماژە بکەین بۆ ستراتیژێکی گرنگی (لی کوان یو)، سەرۆک وەزیرانی کۆچکردوی سەنگافورە، کەلەساڵی ١٩٥٩ـ١٩٩٠ سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بو، ئەوەبو لەسەردەستی (لی کوان یو)، سەنگافورە لەوڵاتێکی وێران و گەندەڵ و شکستخواردوەوە، بوە وڵاتێکی پێشکەوتو و نمونەی وڵاتی گەشەسەندو لەجیهاندا. هەمیشەش لە راپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، سەنگافورە لەرانکی پێنج دەوڵەتی یەکەمی جیهاندایە، کەتوانیویانە روبەروی گەندەڵی ببنەوە. بۆ ساڵی ٢٠٢٠ سەنگافورە لەکۆی ١٨٠ دەوڵەت، ریزبەندی سێهەمی وڵاتانی جیهانی گرتوە، بەوپێیەی لەئێستادا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەکەمترین ڕێژەی گەندەڵی تێدایە.

لی کوان یو، دەربارەی ستراتیژی کارکردنی خۆیی بۆ روبەروبونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەسەنگافورا لەلەدانیشتنێکی پەرلەماندا لەساڵی ١٩٧٧ گوتی:"بنبرکردنی گەندەڵی، وەک پاککردنەوەی قادرمە وایە، دەبێت لەسەرەوە دەستپێبکەیت بۆ خوارەوە"[144]. واتە پێویستە بۆ بنبرکردن و روبەروبونەوەی گەندەڵیش بەهەمو جۆرەکانیەوە، لەلوتکەی هەرەمی ئیداریی و دەسەڵاتەوە دەستپێبکەیت، ئەویش واتە لەسەرۆکی وڵات و سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانەوە دابەزێتە خوارەوە، بۆ فەرمانبەران و کەسانی ئاسایی کۆمەڵگا.

ئەم دیدگایەی لی کوان یو، بۆ کۆمەڵگای عێراقی و کۆمەڵگای کوردی زۆر دەقیقەو شایەنی کارلەسەرکردنە. چونکە ئەستەمە بتوانیت روبەروی گەندەڵی ببیتەوە، ئەگەر لەلێکۆڵینەوەو چاککردن و چاکسازی لە هەرەمی دەسەڵاتەوە دەست پێنەکەیت. بەبێ تاقیکردنەوەی ئەم شێوازە، هەرگیز گەندەڵی چارەسەر ناکرێت و وڵات لەم نەخۆشییە پاک نابێتەوە. یاخود بەواتایەکی دیکە، ناکرێت چاوەڕوانی چاکسازی و روبەروبونەوەی دیاردەی گەندەڵی بیت، لەوانەی کەخۆیان سودمەندو داهێنەری گەندەڵین لەکۆمەڵگاکادا. بۆیە دەبێت هەنگاوی یەکەم، لەوانەوە دەستپێبکات، ئەگەرنا ستراتیژی روبەروبونەوەی گەندەڵی شکست دەهێنێت و بەرهەمێکی ئەوتۆی نابێت.

144 رابعا: لی کوان یو الدیکتاتور التنموی

## دەرئەنجام

گەندەڵی دەردێکی کوشندەیە، لێکۆڵەرانی بانکی نێودەوڵەتی ناویان لێناوە شێرپەنجە. بێگومان شێرپەنجە، وەک نەخۆشییەکی کوشندە، لەقۆناغی سەرەتایدا دەکرێت رێگە لەتەشەنەسەندن و زیادبونی بگیرێت، یاخود کۆنترۆڵبکرێت، بەڵام کە پەلوپۆی هاویشت و توانای کۆنترۆڵکردن بەسەریدا نەما، ئەوا سەرئەنجام لەناوچون چاوەڕوانی ئەو جەستەیە دەبێت کەدوچاری شێرپەنجەکە بوە. ئەمە بۆ دۆخی ئەو وڵاتانەش راستە کەدوچاری دەردی گەندەڵی دەبنەوە، لەونێوانەشدا عێراق و هەرێمی کوردستان بەنمونە.

وەک باسمانکرد، پشتبەست بەبنەما تیۆرییەکان، گەندەڵی لەئێستادا بوەتە دیاردەیەکی مەترسیدارو لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا و گەیشتوەتە ئاستی کلیپتۆکراسی، ئەوەی لەعێراقدا هەیە، زیاتر نمونەی جۆری دوەمی کلیپتۆکراسیە، هۆکاری ئەمەش پەیوەستە بەدابەشبونی دەسەڵات لەنێوان ژمارەیەکی زۆر پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و نوخبەی دەسەڵاتدار لەعێراقدا. بەڵام ئەوەی لەهەرێمی کوردستانیدا هەستی پێدەکرێت، زیاتر لەجۆری یەکەمی کلیپتۆکراسیە، هۆکارەکەش بۆ قۆرغکردنی دەسەڵات دەگەرێتەوە، لەلایەن کەمینەیەک لەنێو چەند بنەماڵەیەکی حزبی دەسەڵاتدار و ژمارەیەکی کەم لەکەسانی خاوەن پێگەی سیاسی لەونێوانەدا. ئەم کەمینەیەش بەشێوەیەک رێکخراو دەستیان بەسەر حکومەتدا گرتوە، ئامرازەکانی هێزی فەرمی و نافەرمی، دادگاو یاسا، موڵک و ماڵ و داهاتی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن.
لەئێستادا ئاماژەو نیشانە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە، لەسەر ئاستی گشت پنت و دامەزراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، رۆژانە هەستیان پێدەکرێت. هەر لەنمونەی گەندەڵی ئاسۆیی و گەندەڵی فەرمانبەرانی ئاسایی، تابگات بەگەندەڵی ستونی و گەندەڵی دەسەڵاتداران و فەرمانبەرانی پلە باڵای دەوڵەت، هەمو ئەم جۆرە گەندەڵیانەش لەنمونەی جۆری گەندەڵی (سیاسی، ئابوری، ئیداری، یاسایی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی)دا دەردەکەون. سەرجەم بوارەکانی ئەنجامدانی گەندەڵیش رۆژانە لێرەو لەوێ بەبرو قەبارەی جیاواز دەبیندرێن، هەر لەدزین و بەهەدەردانی موڵک و ماڵ و داهاتی گشتی، تابگات بە دیاردەی بەرتیل و رەشوەو خزمخزمێنەو واستەکاری ...هتد.

پرسی روبەروبونەوەو چارەسەری گەندەڵییش، پرۆسەیەکی درێژخایەن و تەدریجیە، پرۆسەیەکە چەند هەنگاوێکی جدی و بوێرانەی پێویستە. بەتایبەت لەسەر ئاستی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، وەک ئەوەی لەرێگای میکانیزم و راسپاردەکانی روبەروبونەوەو کەمکردنەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان خستمانە رو. لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو رۆڵە سەرەکییەی کەلەسەر شانی ئەو سێ دەسەڵاتەو دەزگاکانی چاودێری و لێپرسینەوەو دامودەزگاکانی دیکەی وەک راگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنییە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیان و روبەروبونەوەی گەندەڵی، لەکۆمەڵگاو دامودەزگاکانی حکومەتدا. کەواتە ئەگەر نیەتێکی جدی هەبێت، بەمیکانیزمی چارەسەر،

دەکرێت لەماوەی چەند ساڵێکدا سنورێک بۆ دیاردەی گەندەڵی دابنرێت، یاخود لانیکەم قەبارەی ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگەی کوردی و عێراقیدا زۆر لەوەی کەئێستا بونی هەیە، کەمتربکرێتەوە.

گەندەڵی لەئێستادا بوەتە دیاردەیەکی باو و لەسەرجەم کۆمەڵگاکانی دونیاشدا بونی هەیە، جیهانیش بەدەستیەوە دەناڵێنێت. بەڵام خاڵی جیاوازی کۆمەڵگاکانی دەرەوە، بەتایبەت لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا ئەوەیە، کە لەو کۆمەڵگایانەی گەندەڵی هەیە، هاوکات لێپرسینەوەو دادگا و سزادانیش هەیە، شەفافیەت و زانیاری هەیە، کەسانی دەستپاک و فەرمانڕەوایی چەتە لێکجیادەکرێنەوە، بەڵام ئەمە لەهەرێمی کوردستان بونی نییە. تائێستا لەسەر گەندەڵی، لێپرسینەوەو پاداشت و سزادان بونی نەبوە. بەتایبەت لەسەر ئاستی سزادانی بەرپرسانی باڵای هەرێم. هاوڵاتیان و میدیاکاران و تەنانەت پەرلەمانتاران زانیارییان نییە، لەبارەی هەندێک لەدۆسیەکان و سەرچاوەکانی داهاتی هەرێم، بەرپرسانی گەندەڵ لەبری سزادان و دورخستنەوە، بەردەوام لەنێو سیستەمەکەدا بەرپرسیارێتی وەردەگرن و سودمەن دەبن. هەمو ئەمانەش رێگایان خۆشکردوە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە، شۆربێتەوە نێو سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە. مەترسی جدیش ئەوەیە کەلەداهاتودا ئەم دیاردەیە بەتەواوی رۆبچێتە ئاستی پەیوەدنییە کۆمەلایەتییەکان و گەندەڵی وەک هەڵسوکەوتێکی ئاسایی و رۆژانەی هاوڵاتیانی لێبێت و دواجار ببێتە جۆرێک لەکلتور. لەئێستاشدا ئاماژەکانی ئەم دیاردەیە بەتەواوەتی دەرکەوتون.

لەسەر ئاستی بواری سیاسی و فۆڕمی حکومرانیکردنیش، گەندەڵی بەقەبارەیەکی رێکخراو تەشەنەی سەندوە، تا گەیشتوەتە ئاستی لوتکەی گەندەڵی و فۆڕمی کلیپتۆکراسی و حکومرانی دزو چەتەکانی هێناوەتە ئاراوە.

گەندەڵی، فۆرمی حکومڕانی هەرێمی کوردستانی دوچاری شکستپێهێنان کردوەتەوە، لەناوخۆدا هەرێم بەدەست دەیان کێشەو گرفتی سیاسی و ئابوری و خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنێت، لەگەڵ بەغداش کێشەو گیروگرفتەکان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە. دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبێت، حکومەت، تەنانەت توانای پێدانی موچەی نییە لەکاتی خۆیدا، بەردەوام ئاستی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بەرەخراپی دەچێت، هاوڵاتیان ناوبەناو، بەهۆی نارەزایەتی لەدۆخی ژیان و گوزەرانیان، دەرژێنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان دەکەن، گەنجان بەهۆی بێکارییەوە، هەرێم بەجێدەهێڵن و ئەوانەی دیکەش دوچاری چەندین کێشەو گرفتی ئابوری و کۆمەلایەتی و دەرونی بونەتەوە. دیاردەی نادادی و نایەکسانی گەیشتوەتە لوتکە، ماف و ئازادیی و پرۆسەی هەنگاوە سەرەتایەکانی دیموکراسی لەبەردەم هەرەشەدان. لەسەر ئاستی هەرێمیش، هەردو پارتی دەسەلاتدار، لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتی خێزانو بنەماڵەکانیان، رۆژانە خەریکی سازشکردنن بۆ وڵاتە هەرێمیەکان، ئەمەش هێندەی تر چارەنوس و ئایندەی ئەم هەرێمەی خستوەتە بەردەم مەترسییەوە.

بەمجۆرە، دەتوانینی بڵێین، هەرێمی کوردستان لەژێر هەڕەشەی ئەم دیاردە ترسناکەدایە، لێکەوتەو ئاسەوارەکانی گەندەڵیش رۆژبەرۆژ لەزیادبوندان و سەردەکێشن بۆ قوڵکردنەوەی ئاستی قەیرانە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە گەر نیەت و هەوڵێکی جدی فرەلایەن و

گشتگیر نەدرێت، بەتایبەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە، لەلایەک بۆ گێڕانەوەی متمانەو ئیرادەو رێزگرتن لەیاسا، لەلایەکیش بۆ روبەروبونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی ریشەیی، ئەوا بەبێگومان، دۆخەکە رو لەخراپتربون دەکات و ئایندەیەکی مەترسیدار چاوەڕوانی سیستمی سیاسی و ئیداری و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دەکات. هەرێمیش لەلێواری کەوتن و لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکجاری نزیک دەکاتەوە.

# سەرچاوەکان

- **کتێب و سەرچاوەی کوردی**


1. کۆمەڵێک نوسەر، هەرێمی کوردستان ئاڵنگاری سیاسی و ئابوری، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، بنکەی ژین، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.
2. ئاریان رەئوف، گەیلان عەباس، گرفتە هاوچەرخەکانی دەوڵەتی عێراق، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، بنکەی ژین، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.
3. سەردار عەزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، الدار العربیە للعلوم ناشرون، لبنان- بیروت، 2012.
4. ئاریان رەئوف، کلێپتۆکراسی (حوکمڕانی چەتەکان) هەرێمی کوردستان بە نمونە، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، ئازاری 2017.
5. هەڵمەت محمد شکور، دەسەڵاتی قووڵ نمونەی دۆخی هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، ٢٠٢١.
6. د. بورهان یاسین، لەقولایی سیاسەتدا، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندیشە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٦.
7. دلێر عەبدولخالق، گەندەڵی و رەنگدانەوەی لەرۆژنامەنوسی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
8. مێهدی مێهرپەروەرو کۆمەڵێک نوسەر، ئیدارەیەکی دیموکراسی بێ گەندەڵی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩.
9. حامید حاجی قادر، گەندەڵی هۆکار، کاریگەری، بەرەنگاربوونەوە، ئەکادیمیای بیرو هۆشیاری، سلێمانی. ٢٠١٢.
10. فاروق رەفیق، یەک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩.
11. دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازیی و سیستمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لەهەرێمی کوردستان، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٣.
12. گەندەڵی، کۆمەڵی لوبنانی بۆ برەودان بەشەفافیەت، مەکتەبی چاودێری و پشکنینی یەکێتی، ٢٠٠٩.
13. نەخشەرێی چاکسازی و روبەروبونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان، بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ستۆپ زنجیرە ٢١، چاپخانەی کامبرج، هەولێر، ٢٠١٩
14. پیتەر ئایگن، تۆرەجیهانیەکانی گەندەڵی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
15. ئارێز ئەنوەر بەگ، پرۆژەی رێکخستن و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمدا، ئەیلولی ٢٠١٥.


- **کتێب و سەرچاوەی عەرەبی**


1. دستور العراق، ٢٠٠٥.
2. الاتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد، الامم المتحدة، نيورک، 2004.
3. د. هشام مصطفى محمد سالم، الفساد الاقتصادي وأثره على التنمية في الدول النامية وآليات مكافحته من منظور الاقتصاد الإسلامي والوضعي، الجمل المدرس بقسم القانون العام كلية الشريعة والقانون بطنطا جامعة الأزهر تخصص المالية العامة والتشريع الضريبي ٢٠١٤.
4. حسنين المحمدي البوادي، الفساد الاداري لغة المصالح، دار المجموعات الجامعة، كلية الحقوق، الاسكندرية- مصر،2008.
5. ايمن محمد احمد، الفساد والمسائلة في العراق، مكتبة فريدريش ايتش- مكتب الاردن والعراق، بغداد، 2013.

6. د.محمد سلمان محمود – هيفا مزهر ساعدي، الفساد الاداري في العراق الاسباب و المعالجات، جامعة بغداد و جامعة ميسان.
7. باسم نجيب انطون، الفساد اسباب و سبل مكافحة في العراق، عراق.
8. همام شماع، العراق وظاهرة الفساد الإداري والاقتصاديو مركز الجزيرة للدراسات، كانون ثاني 2019.
9. ابتسام عبداللطيف محمد: مستحقات اقليم كردستان و كميات و المبالغ تصدير النفط خارج اطار شرطة سومو و مدى تأثيرها على الموازنة الاتحادية للمدة 2005-2019، دائرة البحوث و الدراسات النيابية، مكتب بحوث الموازنة، مجلس نواب العراقى، بغداد، تشرين الاول 2020.
10. امنصوران سهيلة، الفساد الإقتصادي و اشكالية الحكم الراشد و علاقتهما بالنمو الإقتصادي دراسة اقتصادية تحليلية حالة الجزائر، مذكرة تخرج ضمن متطلبات نيل شهادة الماجستير، جامعة الجزائر كلية العلوم الإقتصادية و علوم التسيير قسم العلوم الإقتصادية فرع التحليل الإقتصادي، سنة 2005-2006.

- **سايتە کوردییەکان:**

1. د. یوسف محەمەد سادق، دوای دانپیانان چارەسەر چیە؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=2589

2. جەلال جەوهەر، ململانێی زلهێزەکان ومەترسیەکانی لەسەر کوردستانی عێراق؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=2589

3. ئەولەویەت بەنیشتیمانیکردنی پێشمەرگەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=10750

4. ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.krso.net/files/articles/130814020950.pdf

5. محەمەد ڕەئوف، پارەی ژێرزەمینەکان.. حیزبی ملیاردێرو حکومەتی موفلیس، ماڵپەڕی شارپرێس، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=53524

6. جەبار یاوەر: ژمارەی پێشمەرگە دەگاتە 200 هەزار کەس، ماڵپەڕی کورد پیدیا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2013121811024187185

7. . ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند، لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ١٧٠ هەزار پێشمەرگە لە ئەرکدان و موچەوەردەگرن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=21622

8. د. یوسف محەمەد سادق: بەرپرسانی کورد خۆیان قەوارەی هەرێمیان لە عێراقدا لاواز کردووە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.peyserpress.com/detail/5748?fbclid=IwAR34QYEw_W-6wELDAb1eGw5M54V0-_qC1ndK8xyFCHNjqntmjoafNQWbk1s

9. گەندەڵی چییەو جۆرەکانی کامانەن و چارەسەرکردنی، ئینستیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان، پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://sako.rid-k.org/ku/%DA%AF%DB%95%D9%86%D8%AF%DB%95%DA%B5%DB%8C-%DA%86%DB%8C%DB%8C%DB%95%D......

10.ڕۆژی جیهانی دژە گەندەڵی.. پەنجەرەیەک بەڕوی کوردستاندا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://ashte.org/index/?p=2846

11.ئەسعەد ئەنوەر عارف، گەندەڵی و ئاسایشی نیشتمانی، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.penus.krd/index.php/ckb/33-11-19-02-04-2018/item/-02-09-2018-334 38-56-18

12.پارێزەر: دانا دارا حسین گەندەڵی ناسین و بەرەنگاربونەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://stopac.org/11/03/2018/%DA%AF%DB%95%D%86%9D%8AF%DB%95%DA%B%5DB8%C-%D%86%9D%8A%7D%8B%3DB8%C%D86%9-%D88%9-8...

13.شوانە حسن ابوبکر، ناساندێکی گەندەڵی و جۆرەکانی گەندەڵی، پێگەی ئەلیکترونی:
http://chawigal.com/?p=14498

14.جونا سوبحی – دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/474-2018-09-02-18-56-38

15.دەستەی دەستپاکی هەرێم: 682 کەیسی گەندەڵیمان لەبەردەستدایە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.awene.com/detail?article=40277

16.٣٥٠ هەزار موچەخۆری بندیوار هەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=23188

17.محەمەد رەئوف- فازل حەمەڕەفعەت سامانی بەرپرسە باڵاکانی کورد لە پەنەما، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=6864

18.سـەرکۆ یونس، گەندەڵی وەک کلتور، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=3280

19.عەلی عەللاوی: شوێنی فەرمانبەری دەروازەکان بە 100 هەزار دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/business/251120202

20.دەستپاکیی عێراق: لە دوو ساڵی رابردوودا 50 وەزیر بە گەندەڵی تۆمەتبارکراون، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/18082020

21.عێراق حەوتەم وڵاتی گەندەڵی جیهانە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/091220181

22.ئەندامێکی لیژنەی دارایی: مافیای گەورەی گەندەڵی لە دەروازە سنوورییەکانی عێراقدا هەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/040120215

23.عەلی زەلمی، عێراق.. ژمارە گەورەکانی گەندەڵی لە 2003 تاوەکو 2019، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/business/18062020

24.ڕێبوار محەممەد، بە ژمارە.. گەندەڵی و تاڵانکاریی پارە لە عێراقدا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/081020203

25.پاکستانییەک خاوەنی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://kogc.co.uk/kurdi/2572/

26.فەزیحەیەکی یەک ملیار دۆلاری نەوتی هەرێم ئاشکرادەبێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=159214

27.نهێنییە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەبن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://ku.mehrnews.com/news/33310/%D9%86%D9%87%DB%8E%D9%86%DB%8C%DB%8C%DB%95-%

28.محمد رەئوف، ١١٨ بەرپرسی هەرێم لەژێر چاودێران، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=4236

29.محەمەد رەئوف- فازل حەمەڕەفعەت، سامانی بەرپرسە باڵاکانی کورد لە پەنەما، لەپێگەی ئەلیکترونی:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=6864

30.عەلی حەمە ساڵح: 12 ملیار دۆلار لە ڕێگای چوار بانکەوە چووەتە دەرەوەی هەرێم لەپێگەی ئەلیکترونی:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=116904&babet=1&relat=1024

31.عەلی حەمەساڵح: لە 28 هەزار کۆمپانیای تۆمارکراو حەوت هەزاریان باجیان داوە، لەپێگەی ئەلیکترونی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/130120214

32.زیاتر لە ١٦ هەزار ئۆتۆمبێل خوار مۆدیلی ڕێگا پێدراو، بە شێوەی قاچاخ هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.awene.com/detail?article=42799

33.عەلی حەمە ساڵح: ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت شۆکێکی گەورەیە، کۆی دۆسیەی نەوت پێویستی بە پێداچونەوەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=184293

34.عەلی حەمە ساڵح: مانگانە لە دەروازە سنوریەکان ١٧٠ ملیۆن دۆلار قاچاغچێتی دەکرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=94330&Jor=1

35.ئاکۆ ئالی، گەورەترین دۆسیەی گەندەڵی لەعێراق لەدوای ساڵی 2003 ئاشکرادەکرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=181328

36.وەزیری دارایی عێراق: زیاتر لە شەش ملیۆن مووچەخۆر هەن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/070620209

37. ژمارەی موچەخۆرانی هەرێم، پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5991

38.قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێم بوونە 32 ملیار دۆلار، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=179002

39.دەستەی دەستپاکی هەرێم: "٢٦ کەسمان بەتۆمەتی گەندەڵی سزاداوە"، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82/%D8%AF%DB%95%D8%B3%D8%AA%DB%95%DB%8C-%D8%AF%DB%95%

40.کەیسەکانی گەندەڵی (بەرتیلخۆری) لە هەرێمی کوردستان زیاد دەبن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.basnews.com/so/babat/420680

41.لەسەر هێنانی ئاژەڵ بە قاچاغ؛ سکاڵا لەسەر بەرپرسێک تۆماردەکرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=127750&babet=1&relat=1024

42.دابان محەمەد: 20 هەزار ئۆتۆمبێل بە قاچاخ هاوردە کراون، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=37852

43.لای پردی کۆبانێ بە بەهای 20 ملیۆن دۆلار زەوی دراوە بە سێ کەس، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=41363

44.کامێرای نهێنی NRT ئەمجارە بابەتێکی دیکە ئاشکرادەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://nrttv.com/News.aspx?id=40884&MapID=1

45.چۆن نەوتی عێراق دەدزرێت..؟؟ بەرپرسان ملیۆنان دۆلار بەرتیلیان وەرگرتووە، درەو، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7918&fbclid=IwAR1iC7RxAj7NTNhW0rvSVD13XzVDLBuijQZFvinhWcz7dLtK5iy2kat9vCA

46.حاکم ئەحمەد ئەنوەر: تائێستا لەکوردستان موستەلزەماتی پێویست بۆ دژایەتی گەندەڵی نیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dengiamerika.com/a/5763256.html?fbclid=IwAR3EOZOOxVz-3qswClhI-DdcloxGJY208ArmN013tHTOM430Sr7kevJ2uo

47.دادگای تاوانەکانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی پێکهێندرا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=40988

48.دابان محەمەد: پەرلەمان و وەزارەتی پێشمەرگە و دارایی و دیوانی چاودێری و دەستەی نەزاهە، زانیارییان لەسەر یەکەکانی 80 و 70 نیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://gorran.net/Details_hawal.aspx?jimare=1505

49.چیرۆکی داگیرکاریی 8 هەزار دۆنم زەوی لەسلێمانی کە بەهاکەی یەک ملیارو ٧٥٠ ملیۆن دۆلارە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.awene.com/detail?article=46662

50.پەرلەمانتارێک: بەهای زەوییەک لەهەولێر کەدراوەتە وەبەرهێنەرێک زیاترە لەتێچوی شەقامی 120 مەتری، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=128862&babet=1&relat=1024

51.بەرهەم ساڵح: 150 ملیار دۆلاری عێراق بە قاچاخ براوەتە دەرەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/23052021

52. دیلۆیت؛ بەهۆی تێوەگلانی لەگەندەڵییەوە 80 ملیۆن دۆلار سزا دەدرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://hawlati.co/page_detail?smart-id=19636

53. کۆمپانیای دیلۆیت ٨٠ ملیۆن دۆلاری بە مالیزیا دا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%A6%D8%A7%D8%A8%D9%88%D9%88%D8%B1%DB%8C/%DA%A9%DB%86%D9%85%D9%BE%D8%A7%

54. د. ئامانج رەحیم: قەرزداریی حکومەت گەیشتووەتە 31 ملیار و 637 ملیۆن دۆلار، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/business/280620218

55. سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران: زیادبوونی قەرزەکەی حکومەت بەهۆی پارەی مووچەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/3006202114

56. پێداچوونەوە بە لیستی خانەنشینی پلە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە قۆناغی کۆتایی، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.kurdistan24.net/ckb/story/208077-%D9%BE%DB%8E%D8%AF%D8%A7%DA%86%D9%88%D9%88%D9%86%DB%95%D9%88%DB%95

- **سایتە عەرەبییەکان**

1. عبدلخالق فاروق، السلطة والثروة والعلاقة الشوهاء، الموقع الالكترونی:
https://studies.aljazeera.net/en/node/2521

2. يكفي لبناء دول".. خبراء يكشفون بالأرقام حجم "أموال العراق الضائعة"، الموقع الالكترونی:
https://www.alhurra.com/iraq/2020/10/05/%D9%8A%D9%83%D9%81%D9%8A-%D9%84%D8%A8%D9%86%D8%A7%D8%A1-...

3. وزير المالية : الاموال المسروقة من العراق تكفي لبناء عدة دول"، الموقع الالكترونی:
https://www.ninanews.com/Website/News/Details?key=860816

4. الدين الخارجي العراقي يتجاوز 133 مليار دولار.. وزير المالية يدق ناقوس الخطر، الموقع الالكترونی:
https://www.aljazeera.net/ebusiness/2020/9/9/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%86-....

5. الجلبي قبل وفاته يكشف ملفات فساد البنك المركزي العراقي، الموقع الكترونی:
https://arabi21.com/story/871572/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%84%D8%A8%D9%8A-%D9%82%D8%A8%D9%84-

6. رابعا: لی كوان يو الديكتاتور التنموي، الموقع الكترونی:
https://caus.org.lb/ar/%D8%B3%D9%86%D8%BA%D8%A7%D9%81%D9%88%D8%B1%D8%A9-%D9%88%D8%A8%D9%86%D8%A7

7. وثائق الجلبي ....هكذا تسربت المليارات عبر مصارف وشركات فاسدة، الموقع الكترونی:
https://kitabat.com/news/%D9%88%D8%AB%D8%A7%D8%A6%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%84%D8%A8%D9%8A....

8. هل تؤثر وفاة أحمد الجلبي على كشف ملفات الفساد في العراق؟، الموقع الكترونی:
https://www.bbc.com/arabic/interactivity/2015/11/151112_comments_iraq_chalabi_aftermath

9. 118مسؤولا في اقليم كردستان تحت اعين وكالة مراقبة تبيض الأموال في اوروبا، الموقع الكترونی:
http://newsabah.com/newspaper/190266

10. العراق يحقق بتهريب مليارات الدولارات بفترة حكم "المالكي"، الموقع الكتروني:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D9%8A%D8%...

11. تحقيق بتهريب مليارات الدولارات أثناء حكم المالكي، الموقع الكتروني:
https://www.aljazeera.net/ebusiness/2015/11/9/%D8%AA%D8%AD%D9%82%D9%8A%D9%82-...

12. "بيع الوزارات" يفجر أزمة بالعراق قد تفقد السنة وزارة الدفاع، الموقع الكتروني:
https://arabi21.com/story/1139087/%D8%A8%D9%8A%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B2%D8%A7%D8%B1%D...

13. لندن..محاكمة شركة "اونا اويل" بتهمة رشوة مسؤولين عراقيين، الموقع الكتروني:
https://www.mawazin.net/Details.aspx?Jimare=3800

14. أونا أويل.. فضيحة فساد تلاحق قادة قطاع النفط في العراق، الموقع الكتروني:
https://www.alhurra.com/choice-alhurra/2016/04/02/%D8%A3%D9%88%D9%86%D8%A7-%D8%A3%D9%88%D9%8A%D9%84-%D9%81

15. على زلمى، بالأرقام.. الفساد ينخر الدولة العراقية ويلتهم مئات المليارات، الموقع الكتروني:
https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/180620206

16. صلاح حسن بابان، أرقام فلكية تستنزف ميزانية الدولة.. تعرف على رواتب المناصب العليا في العراق، ، الموقع الكتروني:
https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/9/29/%D8%A3%D8%B1%D9%82%D8%A7%D9%85-%D9%81%D9%84%D9%83%D9%8A%D8%

17. بفضل المالكي وصفقات الفساد.. "ثروة طائلة" تحصدها حمدية الجاف من مصرف التجارة العراقي والعقوبة "هزيلة!" ، الموقع الكتروني:
https://www.qurtasnews.com/news/344419/%D8%AE%D8%A7%D8%B5-%D8%A8%D9%81%D8%B6%D9%84r

18. عاجل: النزاهة تعلن عن الحكم على حمدية الجاف لاضرارها بالمال العام، الموقع الكتروني:
https://almawrid.news/contents/view/details?id=25625

19. موازنة العراق.. عجز ضخم وأرقام "غير منطقية" للحشد والتسليح، الموقع الكتروني:
https://www.alhurra.com/iraq/2020/12/22/%D9%85%D9%88%D8%A7%D8%B2%D9%86%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%

20. 2.4 تريليون دينار موازنة هيئة الحشد لعام 2021، أين تصرف، الموقع الكتروني:
https://www.shanashel.news/2-4-%D8%AA%D8%B1%D9%8A%D9%84%D9%8A%D9%88%D9%86-/

21. أرقام فلكية تستنزف ميزانية الدولة.. تعرف على رواتب المناصب العليا في العراق، الموقع الكتروني:
https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/9/29/%D8%A3%D8%B1%D9%82%D8%A7%D9%85-%D9%81%D9%84%D9%83%D9%8A%D8%A9-

22. عاصفة سخرية بعد اعلان العراق "غرق 7 مليارات دينار"، الموقع الكتروني:
https://www.skynewsarabia.com/business/1199524-%D8%B9%D8%A7%D8%B5%D9%81%D8%A

23. غرق 7 مليارات دينار بالعراق.. حينما نغرق مثل تايتانيك! ، الموقع الكتروني:
https://www.aljazeera.net/blogs/2018/11/15/%D8%BA%D8%B1%D9%82-7-%D9%85%D9%84

24. أين حلت الدول العربية في مؤشر الفساد لعام 2020؟ منها الأكثر الفساد في العالم، الموقع الكتروني:
https://www.ramadan2.com/2021/01/101981/?utm_source=rss&utm_medium=rss&utm_campaign=101981

25. محمد محمود السيد، لصوص الدولة.. لماذا يهدد الفساد الأمن العالمي؟، الموقع الكتروني:
http://www.siyassa.org.eg/NewsContent/4/96/5150

26. كشفه «عربي بوست» فاستنفر مقتدى الصدر.. مزاد المناصب الوزارية يتحول الى أزمة بين قادة العراق، الموقع الكتروني:
https://arabicpost.net/%D8%A3%D8%AE%D8%A8%D8%A7%D8%B1/middle_east/2018/11/22/%D9%85%D9%82%D8%AA%D8%AF%D8%B1

27. اشرف كريم، عدد موظفي العراق... الموقع الكتروني:
https://yesiraq.com/%D8%B9%D8%AF%D8%AF-%D9%85%D9%88%D8

28. وزير المالية: عدد الموظفين والمتقاعدين بلغ 6.5 مليون، الموقع الكتروني:
https://almadapaper.net/view.php?cat=218954

29. العبادي: 50 ألف مجند وهمي بالجيش العراقي، الموقع الكتروني:
https://www.aljazeera.net/news/arabic/2014/12/1/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A8%D8%A7%D8%AF%D9%8A-50-%D8%A3%D9%84%D9%81-%D8%A7%D8%B3%D9

30. قيادي في النصر يؤكد وجود 650 الف "فضائي" في العراق، الموقع الكتروني:
https://hathalyoum.net/articles/2401898-%D9%82%D9%8A%D8%A7%D8%AF%D9%8A-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B5%D8%B1-%D9

31. كشفه «عربي بوست» فاستنفر مقتدى الصدر.. مزاد المناصب الوزارية يتحول الى أزمة بين قادة العراق، الموقع الكتروني:
https://arabicpost.net/%D8%A3%D8%AE%D8%A8%D8%A7%D8%B1/middle_east/2018/11/22/%D9%85%D9%82%D8%AA%D8%AF%D8%B1-%D

32. وزير المالية: 300 ألف موظف "فضائي" في العراق، الموقع الكتروني:
https://www.rudaw.net/arabic/business/20072020

33. منافذ العراق... ثروة تحت سيطرة الفاسدين، الموقع الكتروني:
https://www.alaraby.co.uk/%D9%85%D9%86%D8%A7%D9%81%D8%B0-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%AB%

34. "يكفي لبناء دول".. خبراء يكشفون بالأرقام حجم "أموال العراق الضائعة"، الموقع الكتروني:
https://www.alhurra.com/iraq/2020/10/05/%D9%8A%D9%83%D9%81%D9%8A-%D9%84%D8%A8%D9%86%D8%A7%D8%A1-%D8%AF%D9%88%D

35. نائب: 80% من الدولارات التي بيعت في مزاد العملة خلال سنوات حولت للخارج"، الموقع الكتروني:
https://www.alsumaria.tv/news/187578/%D9%86%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D9%85%D8%B2%D8%A7%D8%AF-%D8%A

36. البرلمان العراقي: 240 مليار دولار خرجت من البلاد بشكل غير شرعي، الموقع الكتروني:
https://www.alhurra.com/iraq/2021/01/04/%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%

37. علي علاوي: الوظيفة في المنافذ الحدودية تباع بأسعار تبلغ 100 ألف دولار، الموقع الكترونى:
https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/251120206

38. وزير المالية: 250 مليار دولار سرقت من العراق منذ العام 2003، الموقع الكترونى:
https://economy-news.net/content.php?id=22106

39. وزير المالية:العراق غارق بديون مقدارها 160 ترليون دينار، الموقع الكترونى:
https://www.azzaman.com/%D9%88%D8%B2%D9%8A%D8%B1%E2%80%AD-%E2%80%AC%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%84%

40. البرلمان العراقي يقيل وزير الدفاع، الموقع الكترونى:
https://www.aljazeera.net/news/arabic/2016/8/25/%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B

41. البرلمان العراقي يسحب الثقة من وزير المالية هوشيار زيباري، الموقع الكترونى:
https://www.skynewsarabia.com/middle-east/876844-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%

42. العراق.. رئيس أعلى هيئة لمكافحة الفساد يستقيل من منصبه، الموقع الكترونى:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D9

43. "سرقة" 90 بالمئة من أموال الدولة في كافة الوزارات العراقية.. لجنة تكشف "الملفات التسعينية"، الموقع الكترونى:
https://www.alhurra.com/iraq/2020/09/12/%D8%B3%D8%B1%D9%82%D8%A9-90-%D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A6%D8%A9-%D8%A3%D9%85%D9%88%D8%A7%D9%84

44. نهلة الشهال، ماهو الفساد، من هو الفاسد؟، الموقع الكترونى:
https://hadfnews.ps/post/76005/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%88-%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%B3%D8%A7%D8%AF-%D9%85%

45. مفوضية حقوق الانسان: 13 مليون عراقي يحصلون على دولارين في اليوم، الموقع الكترونى:
https://iraqhouseinstitute.com/%D9%85%D9%81%D9%88%D8%B6%D9%8A%D8%A9-%D8%AD%D9%82%D9%88%D9%82-%D8

## سایته ئینگلیزییەکان

1. Sarah Chayes, “Thieves of States: Why Corruption threatens Global Security”, (New York City: W. W. Norton & Company, 2015).

2. Jack Farchy and Javier Blas: The Billion-Dollar Broker Who Managed a Nation’s Oil Wealth, in site:
https://www.bloomberg.com/news/articles/2020-07-16/billion-dollar-broker-how-one-man-managed-a-nation-s-oil-wealth

3. Dmitry Zhdannikov, Eric Knecht :Oil trader IMMS sues Lebanon's BankMed for $1 billion - court filing, in site:

https://www.reuters.com/article/uk-lebanon-bankmed-suit/oil-trader-imms-sues-lebanons%20-bankmed-for-1-billion-court-filing-idUKKBN1Y128W?edition-redirect=uk

4. Dmitry Zhdannikov :Exclusive – How Kurdistan bypassed Baghdad and sold oil on global markets, in site:
https://www.reuters.com/article/uk-iraq-kurdistan-oil/exclusive-how-kurdistan-bypassed-baghdad-and-sold-oil-on-global-markets-idUKKCN0T61HL20151117?edition-redirect=uk

5. Pakistani broker fuels Iraqi Kurdistan oil exports , in site:
https://www.ft.com/content/02a7065a-78cd-11e5-933d-efcdc3c11c89

6. UNAOIL: THE COMPANY THAT BRIBED THE WORLD, in site:
https://www.theage.com.au/interactive/2016/the-bribe-factory/day-1/the-company-that-bribed-the-world.html

7. Iraq Corruption Report, in site:
https://www.ganintegrity.com/portal/country-profiles/iraq/?fbclid=IwAR1Ehka79fY5jQPu1x3vBP94pQ1A7KyYBNYPmVJJ1Cduzd_xh5AgyGwE3Wg

8. Jack Farchy & Javier Blas, Russia's State Oil Company Paid Mystery Consultant $250 Million in Iraq Deal, in site:
https://www.bloomberg.com/.../rosneft-paid-mystery...

9. CORRUPTION PERCEPTIONS INDEX: 2019, in site:
https://www.transparency.org/en/cpi/2019/results/irq

- **تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

1. فائق الشيخ علي/كلمتي للتاريخ @faigalsheakh: عيدية May 24, 2020
2. مقتدى السيد محمد الصدر @Mu_AlSadr: رسالتي الى الاخ المجاهد: هادي العامري 2018-11-19
3. عەلی حەمە ساڵح، بڕینی ١٠ هەزار موچەی نایاسایی کارێکی باشە، بەڵام ڕێگریەکانی بەردەم دەیان هەزار موچەخۆری نایاسایی هەیە، تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک، ٤ی ١ی ٢٠٢١.

- **ڤیدیۆ:**

1. دیدی نەوشیروان مستەفا لەسەر گەندەڵی، کەناڵی KNN، ٢٠٠٩.
2. بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری (ڕوانین)، ڕۆژی جیهانی گەندەڵی، کەناڵی کەی ئێن ئێن. 2018/12/15
https://www.knnc.net/show-detail.aspx?jimare=1902&type=24&title=%DA%95%D9%88%